# یۆلیۆس قەیسەر



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

ولیەم شەکسپیر

# یۆلیۆس قەیسەر

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە

عەلی عوسمان یاقووب

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق



هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ولیەم شەکسپیر
یۆلیۆس قەیسەر
وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: عەلی عوسمان یاقووب
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٧٦
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٤٧٣ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
ڕازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: بۆکان نووری

# یۆلیۆس قەیسەر...
## شانۆنامەیەکی ئاڵۆز لە بەردەم رەخنەی سەردەمدا

عەلی عوسمان یاقووب

١

ساڵی ١٥٩٩ شانۆنامەی "یۆلیۆس قەیسەر" بۆ یەکەم جار نمایش کرا. ئەو سەردەمە سەردەمی گەشەکردنی زانست و هونەر و هەروەها دۆزینەوەی هەردوو کیشوەری ئەمەریکا بوو. بۆیە خەڵک بە پەرۆشەوە هەوڵی پەیداکردنی زانیارییان دەدا لەبارەی خەڵکی تر. ئەم شانۆنامەیەش، بەو پێیەی بەشێک لە مێژووی رۆمانییەکان دەخاتە روو، بووە جێگەی بایەخی خەڵک. بەڵام "شێکسپیر" لە پاڵ ئەم مێژووە، کۆمەڵێ پرسیاری گرینگ لەبارەی سەردەمی خۆی و بگرە دوای خۆیشی دەورووژێنێ. لەوانە: کێ بۆ ئەوە دەشێ دەسەڵات بگرێتە دەست؟ ئەی کێ لێهاتوو و شیاوە بۆ ئەوەی ئەم دەسەڵاتە بگۆڕێ؟ ئایا پاساو بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، مافی خواییە یان یاساییە؟ دوا جار، پاساو بۆ بەرهەڵستیکردنی دەسەڵات چییە؟ ئەمانە کۆمەڵێ پرسیارن، کە بینەر دەتوانێ مشتوومڕێکی زۆریان لەسەر بکا.

شانۆنامەی "یۆلیۆس قەیسەر" یەکێکە لە شانۆنامە ئاڵۆزەکانی "شێکسپیر". زۆربەی رۆشنبیر و رەخنەگر و رێژیسۆرەکانی لە لێکدانەوەی ئەم شانۆنامەیە تووشی هەندێ کێشە کردووە، کە رەنگە



لە لێکدانەوەی هیچ کام لە شاکارەکانی "شێکسپیر" تووشی نەهاتوون. بۆ نموونە، زۆربەی رەخنەگرەکان هاوڕا نین سەبارەت بە کۆمەڵێ پرسیاری گرینگ، کە شانۆنامەکە دەیورووژێنێ. لەوانە: ئایا "قەیسەر" بە ڕاستی دیکتاتۆرێکی خۆپەرستی مەترسیدارە، کە ببێتە مایەی هەڕەشە بۆ رۆما یان "مەزنترین مرۆڤە، کە گەردوون بەخۆیەوەی دەیبینێت" وەکو "مارک ئەنتۆنی" ئاماژەی پێ دەکات؟ ئایا "برۆتەس" ئایدیالیستێکە، کە بە هەڵەدا دەچێت، چونکە، سەرەڕای بیروباوەڕی بەهێزیی، بینینی بۆ رووداوەکان ناتەواو و بێ بنەمایە یان یەکێکە لە کارەکتەرە شۆڕشگێڕەکانی ناو ئەدەبی جیهان وەکو "ئی. ئی. سوینبێرن" لە کتێبی "مێژووی رەخنەی شێکسپیریی"[1] ئاماژەی بۆ دەکات؟ ئایا "برۆتەس" کارەکتەرێکی بە کردوکۆشە بە کۆمەڵێ هەڵە و کەموکوڕییەوە، کە دوا جار دانیان پێدا دەنێ یان خۆپەرستێکی سەرکێشە و هەمان ئەو سروشت و تایبەتمەندێتیانەی لە خۆیدا گرتووە، کە خۆی بەرهەڵستیان دەکات؟

بەشێک لە رەخنەگرەکان پێیان وایە، کە "قەیسەر" کارەکتەری سەرەکی شانۆنامەکەیە و ناونیشانەکەیش لەمەوە هاتووە. ژمارەیەکی زۆریش "برۆتەس" بە کارەکتەری سەرەکی دادەنێن. دیارە هەر یەک لەم دوو بۆچوونەیش کۆمەڵێ رەهەندی مشتومڕئامێزی جیا جیایان لێ دەبێتەوە سەبارەت بە کۆمەڵێ شتی تر، کە دواتر باسیان لێوە دەکەین. لێکدانەوەیەکی تر هەیە، کە پێی وایە شانۆنامەکە نە تراجیدیای "قەیسەر"ە و نە هی"برۆتەس"، بگرە تراجیدیای سیستەمی کۆمارییە، کە سەردەمێکی تازەی قەیسەریزم بە دوای خۆیدا دێنێ، چونکە ئەوەی "برۆتەس" وەکو کۆماریخوازێک دەیکات، دوا جار نووشووستی دێنێ.

دیاره سەبارەت بەم پرسیارانەی سەرەوە و ئەم بۆچوونە جیا جیایانە بووە، زۆربەی ئەو لێکۆڵەرانەی، کە زۆر شارەزا بوون لە شانۆنامەکانی "شێکسپیر" لە سەدەی هەژدەمدا پێیان وابوو شانۆنامەکە سەروبەندی شتەکانی بە تەواوی روون نەکردووەتەوە. "دۆن کامیورۆن ئەڵن"[٢] لە کتێبێکدا ئاماژە بە بۆچوونی کۆمەڵێک لێکۆڵەر دەکات، کە راشکاوانە باس لە نارِوونی شانۆنامەکە دەکەن، کە پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە. هەروەها شاعیری ئینگلیزی "کۆڵریچ" (١٧٧٢– ١٨٣٤)، کە زۆر لێکۆڵینەوەی لەسەر شانۆنامەکانی "شەکسپیر" نووسیوە، لە کتێبی "چەند موحازەرەیەک دەربارەی شەکسپیر" رایەکی هاوشێوە دەردەبڕێت: "من ئێستا مۆتیف یا بەڵگەی شەکسپیر نابینم و نازانم لە چ گۆشەنیگایەکەوە کارەکتەری برۆتەس پیشان دەدات"[٣]. پرۆفیسۆر "ئەلاردایس نیکۆڵ" (١٨٩٤–١٩٧٦)، پرۆفیسۆر لە بواری رەخنەی درامی و دامەزرێنەری پەیمانگەی شێکسپیر لە "بێرمەنگەهام"، لە کتێبی "شێکسپیر" دا شانۆنامەی "یۆلیۆس قەیسەر" بە یەکێک لە سەختترین شانۆنامەکان ناو دەبات، کە بتوانرێ هەڵسەنگاندنێکی راست و دروستی بۆ بکرێ[٤]. هەروەها رەخنەگر "ئەرنەست شانزەر" ئەم شانۆنامەیەی بە یەکێک لە شانۆنامە کێشەئامێزەکان داناوە لەو کتێبەی، کە بە ناوی "شانۆنامە کێشەئامێزەکانی شێکسپیر" نووسیویەتی[٥]. مرۆڤ بە گەڕانەوە بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە لەسەر "شێکپیر" نووسراون، بەتایبەتی لەسەر شانۆنامەی "یۆلیۆس قەیسەر"، دەتوانێ چەندەها بیر و بۆچوونی هاوشێوە بدۆزێتەوە.

لە سەرێکی ترەوە، ژمارەیەکی زۆر لە رەخنەگران، وەکو "ئێچ. بی.



چارڵتۆن" و "دۆڤەر ویڵسن"[٦] پێیان وایە شانۆنامەی "یۆلیۆس قەیسەر" تا سەر ئێسقان شانۆنامەیەکی سیاسییە، لە کاتێکا ئەوەی لە شانۆنامەکەدا هەستی پێ دەکرێ ئەوەیە، کە "شێکسپیر" بایەخێکی کەمتر دەدا بە ململانێ لەپێناوی دەسەڵات لە نێوان بیروباوەڕ و فەلسەفەی کۆماریخوازیی و دیکتاتۆرییەت. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەو بەشێوەیەکی زۆر جیاواز لە شانۆنامەنووسەکانی سەردەمی خۆی مامەڵەی لەگەڵ چیرۆکەکە کردووە، چونکە زیاتر بایەخ بە خەسڵەت و پاڵنەرە کەسێنییەکانی کارەکتەرەکانی دەدا تا ململانێ سیاسییەکان. دیارە ناکرێ ئەم بۆچوونە یەکلا بکرێتەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوە مێژووییەکەی ئەم شانۆنامەیە. لەم بارەیەوە "ڤێرجیل وایتەیکر"[٧] لە بەراوردکردنێکی شانۆنامەکە لەگەڵ سەرچاوە مێژووییەکەی، کە مێژوونووسی گریکی، "پلوتارک"[٨] نووسیویەتی، پێی وایە، کە "شێکسپیر" لە تۆمارکردنی رووداوەکان، وەکو "پلوتارک"، بایەخی بە شیکردنەوەی ئاراستە ئەخلاقییەکان داوە. بۆیە بە وردی رووبەرە درامییەکان دەپشکنێ، کە دواتر لە شاکارە تراجیدییەکانیشیدا ئاراستەیەکی قووڵتریان وەرگرت. شانۆنامەکە بە بەراورد لەگەڵ ئەو شانۆنامە مێژووییانەی، کە پێشتر نووسراون، سەرنجڕاکێشترە، چونکە یەکەم شانۆنامەی شێکسپیرە، لانی کەم تا ئەو کاتە، کە ئێمە لە رێگەی پرۆسە هزرییەکان و هەڵسوکەوتەکانەوە شارەزای کارەکتەرەکان دەبین. ئەم پرۆسە هزرییە، کە دواتر بەشێوەیەکی قووڵتر باسیان لێوە دەکەین، لە شانۆنامەکانی پێش ئەم شانۆنامەیە نەبووە.

بەهەرحاڵ، تەنانەت ئەوانەیش، کە پێیان وایە "برۆتەس"

کارەکتەرێکی تراجیدییە، هەمان تێگەیشتنیان بۆ رۆڵی "برۆتەس" نییە. "جۆرج بەرناردشۆ" (١٨٥٦–١٩٥٠) دەڵێ "شێکسپیر لە نرخی قەیسەر کەم دەکاتەوە تا بە برۆتەس هەڵبدات"[٩]. هەروەها بۆچوونی "تۆماس مارک پارۆت" لەوەدا چڕ دەبێتەوە، کە "برۆتەس" هاوسۆزی ئێمە لەدەست نادات ئەگەرچی زۆر هەڵە دەکات[١٠]. "وایتەیکر" پێی وایە، ئەگەر لە "برۆتەس" ورد بینەوە وەکو کارەکتەری سەرەکی، بۆمان دەردەکەوێ کە "یۆلیۆس قەیسەر" شانۆنامەیەکی تراجیدییە لەبارەی بنچینەکانی ئەخلاق. شایانی باسە، رەخنەگر "ئەرنەست شانزەر"یش پێی وایە، کە کێشەی سەرەکی لە شانۆنامەی "یۆلیۆس قەیسەر"، کە ململانێی لەسەر دەکرێت و پێوەندی بە "برۆتەس"ەوە هەیە، کێشەی ئەخلاقە. کێشەکە برێتییە لە "ململانێ لە نێوان پابەندبوون بە بنەما ئەخلاقییەکانی تایبەت بە پێوەندییە کەسێنییەکان لەلایەک و سووربوون لەسەر بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکان". بە هەرحاڵ، ئەم رەخنەگرانە تراجیدیای "برۆتەس" لە بەشەکانی تری شانۆنامەکە جیا دەکەنەوە لە جیاتی ئەوەی هۆکاری تراجیدیاکە بۆ بە هەڵە هەڵسەنگاندنی "برۆتەس" بگەڕێننەوە، کە بنەمای پێکهاتە دراماییەکەیە و هەموو کارەکتەرە سەرەکییەکان دەگرێتەوە. هەروەها ئەم رەخنەگرانە پێیان وایە، کە "شێکسپیر لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ململانێ ئەخلاقییە لایەنگیریی لایەنێک دەکات لەسەر حیسابی لایەنەکەی تر. "وایتەیکر" جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە "برۆتەس" پاشاکوژە، بەڵام "شانزەر" پێی وایە، کە برۆتەس بەها کەسێنییەکان دەکات بە قوربانی ئایدیالە سیاسییەکان. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ، کە شانۆنامەکە بڕیاری کوشتنی "قەیسەر" بە رەوا دەزانێت. بەپێی ئەم



لێکدانەوانە، "قەیسەر" دیکتاتۆرێکی ناپەسند بووە.

لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک مرۆڤ بەدرێژاییی شانۆنامەکە لە روانگەی ئاراستە ئەخلاقییەکە و لە چوارچێوەی بە هەڵە هەڵسەنگادنەکەدا لە هەڵوێستی "برۆتەس" ورد دەبێتەوە، بۆی دەردەکەوێ، کە هەڵوێستەکەی بەڕاستی هەڵوێستێکی هەڵەیە. بەڵام خودی هەڵەی "برۆتەس" لە کوشتنی "قەیسەر"دا نییە، بگرە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە تواناکانی "برۆتەس" لە بڕیاردان هەرەسیان هێناوە، بەدەر لە پاڵنەرە کەسێنییەکان یاخۆ ئەو بیروباوەڕەی، کە هەیەتی. "شێکسپیر" بەم ئاراستەیەوە کار لەسەر کارەکتەری "برۆتەس" دەکات. ئەم بەهەڵە هەڵسەنگاندنەی "برۆتەس" هەر لەو شێوازەوە دەردەکەوێ، کە بۆ گەیشتن بە بڕیارەکە دەیگرێتە بەر، نەک لە خودی بڕیارەکە. شایانی باسە، لە هەموو ئەو شانۆنامانەی، کە شێکسپیر بەر لەم شانۆنامەیە نووسیوونی بۆ پێشاندانی پیلانگێڕیی و یاخیبوون و لەکارخستنی پاشا، ئەو هەلومەرجەی، کە بڕیارەکانی لەبەر دەدرێ، هێندە بە وردیی ناخرێنە روو وەک لە شانۆنامەی "یۆلیۆس قەیسەر" دەیکات. لەلایەکی تر، "شێکسپیر" لەم شانۆنامەیەدا، بەپێچەوانەی ئەوانەی، کە پێش ئەم شانۆنامەیە نووسراون، کەمتر بایەخ بەو مەسەلانە دەدات، کە مەترسی لەدەستدانییان هەیە. بۆیە دروستکردنی کارەکتەر لێرەدا جیاوازە لەوەی، کە لە شانۆنامەکانی پێشتریی دەکرێن، وەکو "هنری پێنجەم" و " "ریچاردی سێیەم" و "کۆمیدیای هەڵەکان" و "تیتەس ئەندرۆنیکەس" و "رۆمیۆ و جولێت" و "شاجۆن" و "ئەدواردی سێیەم" و "بازرگانی ڤینیسیا".

## ٢

رووداوی سەرەکی شانۆنامەکە، کە کوشتنی "قەیسەر"ە، وەکو کارەساتێکی دڵتەزێن دەخرێتە روو، کە لە ئەنجامی زنجیرەیەک بەهەڵە هەڵسەنگاندن و بەهەڵە لێکدانەوە دێت. مرۆڤەکان لە رووداوە لابەلاکان و لە ساتە دژوارەکاندا، بە هۆی هەڵەکانیانەوە یان بەهەڵە تێگەیشتنیانەوە لە خەڵکی تر، فریو دەدرێن. "سیسرۆ" لە دیمەنی سێیەمی بەشی یەکەم، ئەو کاتەی، کە رەشەباکە بەردەوامە، دەڵێ:

> بەڕاستی زەمانێکی سەیرە! خەڵک هەر لە روانگەی تێڕوانینی تایبەتی خۆیانەوە، دوور لە مەبەست و ئاکامی راستەقینەی شتەکان، سەیری ئەم دیاردانە دەکەن.

ئەم بیرکردنەوەیە لە سنووری ئەو ناوەڕۆکە ناوەستێ، کە پێشانی دەدا، بگرە ئاماژەیەکی بۆ فریودان تێدایە دەخوێندرێتەوە. "وایتەکر" پێی وایە، کە دوور نییە "کاسکا" لە دیمەنی سێیەمی بەشی یەکەمی شانۆنامەکەدا، دەمڕاستی "شێکسپیر" بێت، چونکە رووداوە نائاساییەکان و نیشانەکانی شووم لێک دەداتەوە، کە لە "رۆما" بەدی دەکرێن. بەڵام خۆ قسەکەی "سیسرۆ" گوزارشت لەو راستییە دەکەن، کە دواتر هەموو تراجیدیاکە شایەتی بۆ دەدا. بۆیە "کاسکا" نابێتە کەسێکی گونجاو بۆ ئەوەی ببێتە دەمڕاستی "شێکسپیر". کاتێ "شێکسپیر" قسەکانی سەرەوە لەسەر زاری "سیسرۆ" دەردەبڕێ، ستایشی ژیرێتی ئەو دەکات، چونکە "سیسرۆ" فەیلەسووف و پارێزەر و تیۆریستێکی سیاسی رۆمانی بوو، کە زۆر رێزی لێ دەگیرا. رۆڵیشی لە شانۆنامەکە زۆر کورتە.

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، ئەلیزابێسییەکان بە رادەیەک



بایەخیان بە فەلسەفەی ئەخلاق و سایکۆلۆجیا دەدا، کە هەردووکیان بە یەکتر دەبەستەوە. بۆیە ناکرێ مرۆڤ لە پاڵنەر و مۆتیفەکانی کارەکتەرەکانی "شێکسپیر" بکۆڵێتەوە بەبێ لە بەرچاوگرتنی مەسەلە ئەخلاقییەکان. لەم روانگەیەوە، ئەوەی لە "یۆلیۆس قەیسەر" روو دەدا، پێوەندی بە بیرکردنەوەیەکی هەڵەوە هەیە، کە بڕیاری نادروستی لێ دەکەوێتەوە، چونکە هەستێکی بە تینی هەڵچوونئامێز جێگە بە ژیری و بڕیاردانی دروست و بەجێ لێژ دەکات. ئەمەیش بە پێی قەناعەتی چەسپاوی ئەوسا توندوتیژی و کارەساتی لێ دەکەوێتەوە. بە واتایەکی تر "شێکسپیر" عەقڵ و سۆز و هەستە هەڵچوونئامێزەکان هاوتەریب دەکات. بۆ ئەمەیش، چەمکە سایکۆلۆجییەکانی سەردەمی خۆی زۆر وردتر و گونجاوتر بەکار دێنێ لەوەی، کە لە شانۆنامەکانی پێشتریی بەکاری دەهێنان. بەم شێوەیە رووداوە لاوەکییەکان، هەروەها بینینەکانی "پلوتارک" تێکهەڵکێشی کارەکتەرەکان و رووداوەکانی شانۆنامەکە دەکات. لە ئەنجامدا کردارە تراجیدییەکە لەسەر ئەو بۆچوونە دادەڕێژێ، کە پوختەکەی دەڵێ: بەهەڵەداچوون و بڕیاری نادروست، هەروەها رەفتاری چەوت و نابەجێ لە هەستێکی هەڵچوونئامێزەوە سەرچاوە دەگرن، کە شوێنی بیرکردنەوەی بەجێ دەگرێتەوە. ئەم حاڵەتە لە هەموو کەسێ زیاتر بەسەر کارەکتەری "برۆتەس" جێبەجێ دەبێ. شایانی باسە "شێکسپیر" دواتر لە شانۆنامە تراجیدیاکانی تریدا، کە دوای ئەم شانۆنامەیە نووسیوونی، بەردەوام ئەم حاڵەتە سایکۆلۆجییەی بەکار هێناوە.

"وایتەکر" پێی وایە، کە "شێکسپیر" لەم شانۆنامەیەدا هەوڵ دەدا هەڵوێستی "برۆتەس" لە "ململانێ لە نێوان پابەندبوون بە بنەما

ئەخلاقییەکانی تایبەت بە پێوەندییە کەسێنییەکان لەلایەک و سووربوون لەسەر بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکان" بکات بە بەشێکی سەرەکی لە شانۆنامەکە بۆ ئەوەی بە پێی ئەو تیۆرە سایکۆلۆجییانەی، کە ئەوسا باو بوون، بە وردی کار لەسەر کێشە مۆراڵییەکانی برۆتەس بکا. لە خۆدواندنەکانی "برۆتەس"دا، لە دیمەنی یەکەمی بەشی دووەمی شانۆنامەکەدا، دەردەکەوێ، کە سۆز بەسەر عەقڵدا زاڵە. ئەگەر هەڵوێستی "برۆتەس"، کە لە دێری یەکەمی یەکەم خۆدواندنەکەدا دەردەکەوێ و تێدا بڕیاری لەناوبردنی "قەیسەر" دەدا، لە بەرچاو بگرین، ئەوا ستایشکردنەکەی "برۆتەس" لە "قەیسەر" لە دیمەنی یەکەمی بەشی دووەمی شانۆنامەکە، ئیرۆنییایەکی درامییە، واتە پێچەوانەی راستییە، کە دەڵێ:

> راستی، من هەرگیز نەمزانیوە قەیسەر چووبێتە ژێر باری هەست و سۆز زیاتر لە ئەقڵ و بیرکردنەوەی بەجێ.

"برۆتەس"، بەپێچەوانەی "قەیسەر" زیاتر دەچێتە ژێر باری هەست و سۆز. ئەمەیش حاڵەتێکی لەبارە بۆ ئەوەی سۆز و خەیاڵ بتوانن پیلانی تراجیدیی لە دژی عەقڵ و لێکدانەوەی بەجێ بگێڕن. کاتێ "برۆتەس" لە دیمەنی یەکەمی بەشی دووەمی شانۆنامەکە دەڵێ: "هیچ ڕێگەچارەیەک نییە. هەر دەبێ لەناو بچێ"، ئێمە لەوە ئاگەدارین، کە تووشی جۆرێک لە سەرلێشێوان بووە، چونکە پێشتر، لە دیمەنی دووەمی بەشی یەکەمدا بە کاشیەس دەڵێ:

> لەم دواییەدا لە دەروونەوە بەدەم ئازاری ململانێی چەند لێکدانەوەیەکی تایبەت دەتلێمەوە.

هەر لە هەمان دیمەن "کاشیەس" و "کاسکا" بێزارییەکەی "برۆتەس"



زیاتر دەکەن کاتێ باسی ڕەفتاری قەیسەری بۆ دەکەن لە کاتی پێدانی تاجەکە. بێجگە لەمەش، "برۆتەس" شەوێک بەر لە کوشتنی "قەیسەر" نیگەرانە، ئاسوودە نییە، خەوی زڕاوە، تەنانەت کاتێ بانگی "لۆشیەس" دەکات بۆ کۆبوونەوە، قسەکانی بە روونی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە شەو خەوی لێ نەکەوتووە. ئەمەیش بەڵگەیەکی روونە بۆ نیگەرانیی و بێ ئۆقرەیییەکی نائاسایی.

ڕەخنەگرەکان بەگشتی سەبارەت بە یەکەم خۆدواندنی "برۆتەس" بۆچوونی جیا جیایان هەیە. "برۆتەس" لەو خۆدواندنەدا، وەکو ئاماژەمان بۆ کرد، بڕیاری لەناوبردنی "قەیسەر" دەدا. هەندێک لە ڕەخنەگران لەگەڵ "دۆڤەر ویلسن" هاوڕان، کە لە پێشەکی شانۆنامەی "یۆلیۆس قەیسەر"دا نووسیویەتی و پێی وایە، کە ئەم قسەیەی "برۆتەس" بەڵگەی ئەوەیە، کە لێکدانەوەکانی سەبارەت بە کوشتنی قەیسەر و گەیشتن بەم بڕیارە بەشێوەیەکی لۆجیکی هەنگاو دەنێ(١١)، بەڵام هەندێکی تر بۆچوونەکەی "وایتەکر"، پەسند دەکەن، کە پێی وایە بیرکردنەوەی "برۆتەس" بیرکردنەوەیەکی بە هەڵەدابەرە. بەهەرحاڵ، ئەگەر لە روانگەی سایکۆلۆجییەوە لە قسەکەی "برۆتەس" ورد بینەوە، بۆمان دەردەکەوێ، کە بیرکردنەوەکەی "برۆتەس" لە ئەنجامی زنجیرەیەک بیرکردنەوەی لۆجیکییەوە نییە، بگرە لەژێر هەستێکی بە تینی هەڵچوونئامێزەوەیە. سەرەتا با لە خۆدواندنەکەی "برۆتەس" ورد بینەوە، کە لە باخەکەی ماڵی خۆی بەرێوە دەچێ لە دیمەنی یەکەمی بەشی دووەم:

> "... تاجی پاشایەتی لەسەر بنێت! ئاخۆ ئەو تاجە تا چ رادەیەک سروشتی ئەو دەگۆڕێ! کێشەکە لێرە دایە. ماری

ژەهراوی لە خۆرەتاوێکی گەرمدا لە کون دێتە دەرەوە. بۆیە پێویستە مرۆڤ لە رۆیشتندا زۆر ئاگەداری خۆی بێ. ئەگەر ئێمە تاجی پاشایەتی پێ بدەین، پێویستە دان بەوەدا بنێین، کە دەسەڵاتی ئەوەی پێ دەدەین، هەر کاتێک بیەوێ بۆ ئازاردانی ئێمە بەکاری بێنێ..."

ئەم قسەیەی "برۆتەس" گوزارشت لەوە دەکات، کە بیر و لێکدانەوەکە بەسەر دوو ئاراستەی پێچەوانەوە دابەش بووە، لە نێوان هەڵسەنگاندنێکی بەجێی شتەکان وەکو هەن لەگەڵ مەترسییەکانی داهاتووی شتەکان. بە واتایەکی تر مشتوومڕێکە لە نێوان دوو بەشی مێشکی "برۆتەس". عەقڵ قسەی خۆی دەکات، بەڵام خەیاڵ وەڵامی دەداتەوە کاتێ باس لە شیمانەی گۆڕانی سروشتی داهاتووی "قەیسەر" دەکات. کەواتە ئەوە "برۆتەس"ە، یا راستتر بڵێین، بیرکردنەوەی "برۆتەس"ە، کە سروشتی "قەیسەر" دەگۆڕێ و دەیکات بە مارێکی ژەهراوی کوشندە. بۆیە خەیاڵ لێرەدا "برۆتەس" دەستەمۆ دەکات. پاشان هەر لە دیمەنی یەکەمی بەشی دووەمدا، لە لێکدانەوەیەکی بەجێ بەڕوونی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەو "قەیسەر"ەی ئەو دەیناسێ، هیچ کاتێک نەچووەتە ژێر باری هەستێکی هەڵچوونئامێزەوە وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد.

بۆ ئەوەی "برۆتەس" پێشانی بدا، کە بڕیارەکەی راست و بەجێیە، پەنا دەبات بۆ لەیەکچوون، بۆ بەلاغەت لە قسەکردن. ئەوەتا لە کۆتاییی ئەم خۆدواندنەدا، بەڕوونی ئاماژە بۆ ئەو وێنە مەجازییە دەکات، کە پێشتریش بەکاری هێناوە کاتێ وا پێشان دەدا، کە رووبەڕووبوونەوەکە لەگەڵ رەفتاری ئێستای قەیسەر نییە، بگرە لەگەڵ



رەفتاری داهاتوویەتی. بۆیە قەیسەر، وەکو مارێک، دەبینێ، کە هێشتا لەناو هێلکەدایە و پێویستە هەر لە هێلکەدا بیکوژن، ئەگەرنا لە داهاتوو دەبێتە مرۆڤێکی "لووتبەرز و لەخۆبایی". خەیاڵ بیرۆکەکان لە چوارچێوەی وێنەیەکی هزریی بەجێ وەردەگرێ. لە کاتێکدا، کە عەقڵ، لە چوارچێوەیەکی گشتی و فۆرمێکی راستەقینەتر بڕیار لەسەر مەسەلەکان دەدات. کەواتە، بەهەڵەدابردنەکەی "برۆتەس" هەر لە شێواز و بنیاتی ئاخاوتنەکەیەوە ئاشکرا دەبێ. "برۆتەس" بەڕوونی دەڵێ، کە هیچ بەڵگەیەکی روونی بەدەستەوە نییە تا بیسەلمێنێت، کە"قەیسەر" دەبێتە مرۆڤێکی بەدکار، بەڵام دوا جار وێنە بەلاغییەکەیە دەبێتە ئەو بەڵگە روونەی، کە وا لە "برۆتەس" دەکات بڕوا بکات، کە سروشت و رەفتاری "قەیسەر" لە داهاتوو دەگۆڕێت. دەشێت ئەم گریمانەیە هەندێ بنەمای هەبێ، بەڵام بۆ "شێکسپیر" ئەو هەلومەرجە گرینگە، کە ئەم هەڵوێستەی لە چوارچێوەدا دەردەبرێ بۆ ئەوەی پێشانی بدات، کە هەڵوێستێکی بەجێ نییە. بەواتایەکی تر "شێکسپیر" سەرنجی ئێمە بۆ سروشتی هەڵومەرجی بڕیاردانەکە رادەکێشێ، زیاتر لە خودی مەسەلەکە، چونکە کرۆکی تراجیدیاکە لەسەر سروشتی هەلومەرجەکە بنیات دەنێ. شایانی باسە ئەم هەڵوێستەی "شێکسپیر" لە زۆربەی شانۆنامە تراجیدییەکانیدا بەدی دەکرێ. بۆ نموونە لە شانۆنامەی "شالیر"دا، کە زۆر دوای شانۆنامەی "یۆلیۆس قەیسەر" نووسیویەتی، هەموو تراجیدیاکە لەسەر ئەو هەلومەرجە بنیات دەنرێ، کە "شالیر" لە چوارچێوەیدا بڕیار لەسەر هەڵسەنگاندنەکانی سێ کچەکەی دەدا سەبارەت بە ڕادەی ئەو خۆشەویستییەی، کە هەر یەک لە سێ کچەکەی بۆی دەردەبڕن.

ئەگەر بۆچوونەکەی "وایتەکر" راست بێ، کە پێی وایە "قەیسەر" نەدەبوو بە دیکتاتۆر، بگرە ئەوە تەنیا گریمانەیەکە و "برۆتەس" لە خەیاڵی خۆیا دروستی دەکات، یاخۆ ئەگەر بۆچوونەکەی "دۆڤەر ویڵسن" لە جێی خۆیدا بێ، کە پێی وایە "شێکسپیر" هەموو شتێک دەکات بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ، کە ئەو خوێندنەوەی بۆ کارەکتەری "قەیسەر" دەکرێ لە خۆدواندنی یەکەمی "برۆتەس"، خوێندنەوەیەکی بەجێیە، دوا جار، خۆ هەردوو بۆچوونەکە پێوەندییەکی زۆر کەمیان بەو هەڵوێستەوە هەیە، کە جەخت لەسەر لەکارخستنی ژیریی و پەکخستنی لێکدانەوەی بەجێ دەکاتەوە لە بەرامبەر هەستێکی هەڵچوونئامێزەوە، کە خەیاڵ چنیوویەتی. هەندێک لە رەخنەگران پێیان وایە، کە "برۆتەس" زیادەڕۆیی دەکات لە بینینی ئەو ماوەیەی، کە "قەیسەر"ی ئێستا، وەکو پاشا، لە "قەیسەر"ی داهاتوو، وەکو دیکتاتۆر جیا دەکاتەوە. "برۆتەس" دەتوانێ مشتومڕەکەی لەبارەی "قەیسەر" و گەیشتن بە بڕیاری کوشتنەکە بەشێوەیەکی لۆجیکی بەرەو پێش ببات، هەر کاتێک "قەیسەر" ببێ بە دیکتاتۆر. بەگشتی، هەموو ئەمانە لایان بە لای ئەو ململانێ سایکۆلۆجییە نەکردۆتەوە، کە لە دەروونی "برۆتەس"ەوە بەڕێوە دەچێ.

لە خۆدواندنی دووەمدا، ئەو ئەستێرانەی کە دەکشێن، پڕن لە مانای شاراوە بۆ "کاشیەس" و "کاسکا"، کەچی بۆ "برۆتەس" لەو رووناکییە زیاتر نییە، کە نامەکەی لەبەر دەخوێنێتەوە:

> "ئەو ئەستێرانەی، کە دەکشێن، ویزە ویز دەکەن. رووناکییەکی هێندە زۆر دەدەن، کە دەتوانم ئەم نامەیەی لەبەر بخوێنمەوە... "



کەواتە رووناکییەکە یارمەتی یەکێک لە هەستەکانی دەدا، ئەویش هەستی بینینە. مەبەستەکەش خوێندنەوەی ئەو نامەیەیە، کە کار لە سروشت و دەروونی "برۆتەس" دەکات بە پێی بۆچوونی "کاسکا"، چونکە پیلانگێڕییەکە دەکاتە کردەوەیەکی پەسند:

> برۆتەس شوێنێکی گرینگی لە دڵ و دەروونی خەڵکدا هەیە. ئەگەر برۆتەس پشتگیریی ئێمە بکا، کارەکەمان، تەنانەت ئەگەر لە رواڵەتدا ناپەسند و دڕندانەش بێ، ئەوا ئەم پشتگیریکردنەی ئەو، وەک ئەفسوون، دەیکاتە کارێکی پەسند و بەهادار.

دیمەنی سێیەم، بەشی یەکەم

لە راستیدا کاریگەریەتی نامەکە کەمتر نییە لە کاریگەریەتی بە هەڵە هەڵسەنگاندنەکانی برۆتەس، چونکە ئەویش ئاماژەیە بۆ فریوخواردنی لە رێگەی کارتێکردن لە سایکۆلۆجیەتی "برۆتەس".

خۆدواندنی سێیەم ئەو کاتە دێت، کە "لۆشیەس" خەریکە پیلانگێڕەکان بۆ لای "برۆتەس" دێنێ. لەم خۆدواندنەدا هەموو ئاماژە شاراوەکانی پێشتر روون دەبنەوە، کە پێوەندییان بە هەست و دەروونی "برۆتەس"ەوە هەیە. "برۆتەس" بەم شێوەیە وەسفی دۆخەکە و دەرهاویشتەکانی دەکات:

> لەو رۆژەوە کاشیەس هانی دام لە دژی قەیسەر بوەستم، خەوم نەماوە. هەموو ئەو ماوەیەی، کە لە نێوان بڕیاردان بۆ ئەنجامدانی کارێکی پڕ مەترسی و خودی ئەنجامدانی کارەکە دایە، وەکو مۆتەکە و خەونێکی سامناک وایە. جەستە لەگەڵ نەست بە یەکەوە لە دژی بیر و هۆشی بەئاگا

کار دەکەن. بۆیە مێشکی مرۆڤ وەکو مەملەکەتێکی لێ دێت، کە پڕ بێ لە ئاژاوە و یاخیبوون.

دیمەنی یەکەم، بەشی دووەم

بێجگە لەمەش "برۆتەس" پێشنیازێکی باشتری "کاشیەس" رەت دەکاتەوە سەبارەت بە کوشتنی "ئەنتۆنی". خۆ ئەگەر سەیری "برۆتەس" بکەین وەکو مرۆڤێکی ئایدیالیست، کە پێی وایە راستی تەنیا لەناو مێشکی ئەو دایە، ئەوا لە رووی پراکتیکییەوە لێهاتوو نییە وەکو زۆربەی رەخنەگرەکان لەسەری کۆکن. بۆیە رەتکردنەوەی پێشنیازەکەی "کاشیەس" پیلانگێڕییەکە بە ئاقارێکی خراپتردا دەبات. بە واتایەکی تر "برۆتەس" خۆی دەبێتە هۆکاری شڵەژان و تێکچوونی باری دەروونی خۆی و پشێویی "رۆما". شایانی باسە، ریزبەندیی ئەم سێ خۆدواندنەیە، کە باری دەروونی "برۆتەس" دەخاتە روو دوای ئەوەی لە یەکەم دێری خۆدواندنی یەکەمدا بڕیار لەسەر کوشتنی قەیسەر دەدات. ریزبەندییەکە نەخشەیەکی تایبەتە بە بنیاتی درامی شانۆنامەکە و گوزارشت لەوە ناکات، کە لێکدانەوەکانی "برۆتەس" هەنگاو بەهەنگاو بەشێوەیەکی لۆجیکی بەرەو پێشەوە دەچن وەکو پرۆفیسۆر "دۆڤەر ویڵسن" باسی لێوە دەکات.

ئەگەرچی شێکسپیر شتێکی کەم دەخاتە سەر ئەو رووداوانەی، کە "پلووتاک" سەبارەت بە ژیاننامەی "برۆتەس" باسیان لێوە دەکات، بەڵام لێکدانەوەی بینینی خۆی بۆ بابەتەکە و هەروەها دارشتنی مەسەلە تراجیدییەکە و تێکهەڵکێشکردنی لەگەڵ رووداوەکان یەکبابەتی دەدەنە شانۆنامەکە، کە لە سەرچاوە مێژووییەکەدا نییە. ئەو وردەکاریانەی، کە "پلووتارک" باسیان لێوە دەکات، لەلای شێکسپیر لە پێوەندییە



کەسێنییەکان دەردەکەون. دیارە ئەمەیش سیمایەکی زەقی شانۆنامەکەیە. شێکسپیر لەژێر هەڵوێستی "پلووتارک"دا ئەو هەڵسوکەوت و بڕیارە سەرپێیانە دەخاتە پاڵ کارەکتەرەکان نەک وەکو کۆمەڵە مرۆڤێکی نامۆ بە یەکتر، بگرە وەکو کۆمەڵە مرۆڤێک، کە بە درێژاییی ژیانیان یەکتریان ناسیوە. بڕیار و هەڵسوکەتەکانیش لە بنچینەدا رەنگدانەوەی پاڵنەرە دەروونییەکان و هەڵوێستی کارەکتەرەکانە بەرامبەر بە یەکتر. هەڵسەنگاندنی کارەکتەرەکان بۆ یەکتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریەتی ئەو وێنەیەی، کە پێشتر لە هزریی خۆیاندا بۆ یەکتر پێشبینییان کردووە. دیارە ئەمەیش بڕیاری کرچوکاڵ و ناکامی لێ دەکەوێتەوە. نموونەیش بۆ ئەم حاڵەتە زۆرە. هەڵوێستی "قەیسەر" بەرامبەر بە "کاشیەس"، هەڵوێستی "برۆتەس" بەرامبەر بە "کاسکا" و هیی کاشیەس بەرامبەر بە "برۆتەس". هەروەها دواتر لە دیمەنی یەکەمی بەشی دووەمی شانۆنامەکەدا رووبەڕووی ڕا و بۆچوونی پیلانگێڕەکان دەبینەوە بەرامبەر بە "سیسرۆ"، بە قەیسەر، هەروەها بە "ئەنتۆنی". لە دیمەنی دووەمی بەشی سێیەمی شانۆنامەکەشدا، رێک لە کاتی ناشتنی تەرمی قەیسەردا، ڕا و بۆچوونی هەریەک لە "برۆتەس" و "ئەنتۆنی" بەرامبەر بە قەیسەر دەخرێتە ڕوو. پاشان رای "کاشیەس" بەرامبەر بە "لێپیدۆس"، کە لە دیمەنی یەکەمی بەشی چوارەمی شانۆنامەکەدا دەردەبڕێ. لە کۆتاییی شانۆنامەکەشدا "ئەنتۆنی" ستایشی "برۆتەس" دەکات. چارەنووسی زۆربەی مرۆڤەکان دەوەستێتە سەر ئەم ڕا و بۆچوونانە. دیمەنە سەرنجڕاکێشەکان، رووداوەکان، کارەکتەرەکان، هەروەها بیرۆکە بنچینەییەکان بە درێژاییی شانۆنامەکەدا لەژێر

مەترسی بڕیاری کارەکتەرەکان دان.

لە پاڵ ئەمانەشدا، شێکسپیر سەرنجەکان بە ئاراستەی لێکدانەوەی ڕووداوەکان رادەکێشێ زیاتر لە خودی ڕووداوەکان. بۆیە دەبینین ڕێوڕەسمی تاجپێدانەکەی "قەیسەر" ڕاستەوخۆ لەسەر تەختەی شانۆ پێشان نادرێ، بگرە "کاسکا" بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەیگوازێتـــەوە. هەروەها نموونەیەکی تر بۆ بە هەڵە لێکدانەوە، لێکدانەوەکەی "کاشیەس"ە بۆ ئەو قسەیەی، کە "پۆپلیەس لینا"، بە گوێی "قەیسەر"دا دەیچرپێنێ بەر لە کوشتنی "قەیسەر". "کاشیەس" هەر وا دەزانێ خیانەتیان لەگەڵدا کراوەوە و پیلانەکەیان ئاشکرا بووە، چونکە ساتێک پێشتر گوێی لە "پۆپلیەس لینا" بوو هیوای سەرکەوتنی بۆ پیلانگێڕەکان خواست. "کاشیەس" بە چرپە چرپەکەی "پۆپلیەس لینا" دەشڵەژێ، چونکە لێکدانەوەیەکی هەڵەی بۆ دەکات:

> کاسکا، نەختێک پەلە بکە. دەترسم تووشی تەگەرەیەک بێین. برۆتەس، چی بکەین؟ خۆ ئەگەر پیلانەکەمان ئاشکرا بێت یا من یا قەیسەر بە زیندوویی لێرە ناچینە دەرەوە. من خۆم دەکوژم.

ئەگەرچی ئەم دیمەنە ڕێک لە سەرچاوە مێژووییەکەی "پلووتارک" وەرگیراوە، بەڵام لەگەڵ نەخشەداڕێژییەکەی "شێکسپیر" دەگونجێ. دوا جار، کوشتنی "سینا"ی شاعیریش، کە ڕێک لە سەرچاوە مێژووییەکەوە وەرگیراوە، لە ئەنجامی هەستێکی هەڵچوونئامێزەوە دێت، کە "شێکسپیر" جەختی لەسەر دەکاتەوە و بەربەستکردنی زەحمەتە.



## ٣

ناونیشانی شانۆنامەی "یۆلیۆس قەیسەر" پرسێکی ترە، کە مشتومڕێکی زۆری ناوەتەوە. مشتومڕەکە، دوا جار، پەلی بۆ زۆر بابەتی تر هاویشتووە، لەوانە: کامە لە کارەکتەرەکان، کارەکتەرێکی تراجیدییە، "برۆتەس" یان "قەیسەر"؟ ئەی پاساو بۆ ناونیشانەکەی چییە؟

دیارە کارەکتەری "برۆتەس" یەکێکە لەو کارەکتەرانەی "شێکسپیر"، کە زۆربەی خوێنەر و ڕەخنەگرانی تووشی سەرسوڕمان کردووە. کەم ڕەخنەگر هەیە نکووڵی لە ڕۆڵی ئەم کارەکتەرە بکا وەکو کارەکتەری سەرەکی شانۆنامەکە. لەگەڵ ئەوەشدا، شانۆنامەکە ناوی کارەکتەری "قەیسەر"ی هەڵگرتووە. بۆ؟

زۆر لە ڕەخنەگرەکان پێیان وایە، کە سەرکەوتووترین لێکدانەوە بۆ ئەم شانۆنامەیە ئەوەیە، کە ڕەخنەگر دان بەوەدا بنێ، کە "قەیسەر" چ وەکو ناو چ وەکو ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر کارەکتەری سەرەکی شانۆنامەکەیە. دیارە ئەم لێکدانەوەیە کاردانەوەیەکی سروشتی ئەو بۆچوونە کۆنەیە، کە "قەیسەر"ەکەی "شێکسپیر" دیکتاتۆرێکی بەد و ناپەسند بووە، چونکە بیرۆکەی دیموکراسیەتی شێواندووە. لەم ڕوانگەیەوە، شایستەی سزادانە. ئەم بیرۆکەیە، کە لێکدانەوەی سەردەمی "ڕێنیسانس" بوو، ساڵانێکی دوور و درێژ مۆرکی سەرەکی شانۆنامەکە بوو. لە ئەنجامدا، ڕەخنەگرەکان بەهیچ شێوەیەک لایان بەلای ئەو بۆچوونە نەکردەوە، کە دوور نییە "شێکسپیر"، بە پێی بۆچوونی "ڕۆی واڵکەر"[١٢] ویستبێتی "قەیسەر" وەکو سەرکردەیەکی باش و مەزن پێشان بدا و ئێمەیش بەرێزەوە سەیری بکەین. بۆیە هەر

کەمکردنەوەیەک لە نرخ و سەنگی رۆڵی "قەیسەر" هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە زاڵبوونی روحی "قەیسەر" لە بەشەکانی کۆتاییی شانۆنامەکەدا دەکاتە شتێکی بێمانا. بەڵام لە سەرێکی ترەوە، دانان بە "قەیسەر" چ وەکو ناو و چ وەکو کارەکتەرێکی سەرەکی و راستەقینە رەنگە هەڵەیەکی گەورەتر بێ، چونکە بە بەراوردکردن لەگەڵ پاڵەوانە تراجیدییەکانی "شێکسپیر"، دەردەکەوێ، کە "قەیسەر"ی شێکسپیر هەموو ئەو مەرجانەی بەسەردا جێبەجێ نابێت، کە بەسەر پاڵەوانێکی تراجیدی جێبەجێ دەبێ، چونکە "شێکسپیر" ئەوەندە کار لەسەر کارەکتەری "قەیسەر" ناکات وەکو لە کارەکتەرەکانی تردا دەیکات. هەر بۆیە ناوبانگی "قەیسەر" بەهۆی کارکردن لەسەر کارەکتەری "برۆتەس"ەوە لە بیر دەکرێ.

بەهەرحاڵ، "ئەی. سی. برادلی" (١٨٨٥–١٩٣٥)، لە لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژدا، کە لەسەر هەر چوار تراجیدییەکەی "هاملێت" و "ماکبێس" و "شالیر" و "رۆمیۆ و جولێت" نووسیوویەتی، رۆڵی "قەیسەر" لە رۆڵی "برۆتەس" جیا دەکاتەوە بێ ئەوەی لە بەهای رۆڵی هیچ کامیان کەم بکاتەوە. "برادلی" دەڵێ: "قەیسەر... لە سەرێکەوە هەموو چیرۆکەکەی داگیر کردووە، بەڵام "برۆتەس" پاڵەوانەکەیە"(١٣). ئەگەرچی "برادلی" لە روانگەی ئەم جیاکردنەوەیەدا هیچ لێکدانەوەیەک لەبارەی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ شانامەکە ناخاتە ڕوو، بەڵام تێبینییەکانی ئەو ئەوە دەردەخەن، کە پاساوێکی روون و ئاشکرا بۆ ناونیشانەکە لەوەدایە، کە "قەیسەر" بە درێژاییی شانۆنامەکە، وەکو ڕابەرێک بۆ ڕووداوەکان، ئامادەبوونی هەیە. دەشێ ئەم بۆچوونە لە جێی خۆیدا بێ، بەڵام کەموکووڕیشی تێدایە. ئەگەر ئەم بۆچوونە



بەسەر هەندێ لە شانۆنامەکانی تری "شێکسپیر" جێبەجێ بکەین، ئەو کاتە کەموکووڕییەکە روون دەبێتەوە. بۆ نموونە، دەبێ ناونیشانی شانۆنامەی "هاملێت" سەبارەت بە تارماییی "هاملێت"ەوە بێ، چونکە ئامادەبوونی ئەم تارماییییەیە، تا کۆتایی شانۆنامەکە ئامادەبوونی هەیە و هەر ئەویش کێشە سایکۆلۆجییەکان دروست دەکات و پاڵەوانەکە دەکات بە داوەوە و دوا جار دەیکاتە مرۆڤێکی بێ توانا. ئەوەی لە "یۆلیۆس قەیسەر"یش روو دەدات شتێکی ئاوایە. بەڵام راستی مەسەلەکە لەوەدایە، کە "شەکسپیر" لە هیچ کام لە شانۆنامەکانیدا ناونیشانەکەی بەناوی ئەو کارەکتەرە یا کارەکتەرانە نەکردووە، کە بەرپرسن لە تراجیدیاکە ئەگەر کارەکتەرەکە یا کارەکتەرەکان کارەکتەری سەرەکی نەبن. بەپێی ئەم بۆچوونە بێ، "قەیسەر" کارەکتەری سەرەکی شانۆنامەکەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەشێ کێشەی ناونیشانەکە بەمەش یەکلا نەبێتەوە. دوور نییە شێکسپیر لە دانانی ئەم ناونیشانە مەبەستی ئەوە بێ، کە ئێمە پێویستە لە گۆشەنیگای برۆتەسەوە بە تەواوی لە ئاکامی تراجیدییەکە بگەین، کە لە ئەنجامی زنجیرەیەک بەهەڵەداچووندا "قەیسەر" دەکوژێ، چونکە "برۆتەس" لە کارەکتەری "قەیسەر"دا کەسێکی تر دەبینێ، زیاترە لەوەی کە هەیە. بۆیە دەشێ "شێکسپیر" بەم ناونیشانە بیەوێ بایەخ بە جیاوازیی نێوان دوو وێنەی "قەیسەر" بدا، کە لە مێشکی "برۆتەس"دایە، یەکێکیان وێنەی "قەیسەر"ی راستەقینەیە، ئەوی تریان وێنەی "قەیسەر"ە وەکو دیکتاتۆرێک، کە خەیاڵی "برۆتەس"، خۆی، چنیویەتی. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەمان بیر بێنێتەوە، کە جیاوازی نێوان ئەو دوو وێنەیە دەبێتە هۆی رووخانە تراجیدییەکەی "برۆتەس"

"قەیسەر"ی راستەقینە، ئەو "قەیسەر"ەیە، کە لە سێ بەشی یەکەمی شانۆنامەکەدا دەردەکەوێ و وەکو "کاشیەس" و "کاسکا" باسی لێوە دەکەن، برێتییە لە تێکەڵاوێک لە ئەفسانە، لەخۆباییبوون، لاوازیی لەباری جەستەییەوە، تیژبینی، هەروەها زیرەکی لە رووی سیاسییەوە. زۆر لە رەخنەگرەکان پێیان وایە، کە "قەیسەر" دوو کارەکتەری لە خۆیا گرتووە. لە سەرێکەوە، پیاوێکی لێنەهاتووە، کە ناتوانێ بەرەنگاری شەپۆلەکانی رووباری "تایبەر" بێتەوە، بۆیە "کاشیەس" رزگاری دەکات، هەروەها سەربازێکی پەرکەمدارە و بەرگەی گرانەتایەک ناگرێ. لە سەرێکی تریشەوە، توانایەکی زۆر باشی هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی خەڵک. ئەوە "قەیسەر"ە حەقیقەتی "کاشیەس"، وەکو یەکێک کە جێگەی مەترسی بێ، دەبینێ. ئەوە "قەیسەر"ە، کە هیچ کاتێک نەچووەتە "ژێر باری هەست و سۆز زیاتر لە ئەقڵ و بیرکردنەوەی بەجێ" وەکو "برۆتەس" باسی لێوە دەکات.

کاتێ "کاشیەس" هانی "برۆتەس" دەدا بێتە ریزی پیلانگێڕەکانەوە ئەو جیاوازییە بۆ ئەو دەخاتە ڕوو، کە لە نێوان "قەیسەر" وەکو دەسەڵاتخواز لەگەڵ "قەیسەر" وەکو مرۆڤێکی لاواز لە رووی جەستەییەوە هەیە، بەهەرحاڵ، لاوازیی "قەیسەر" لە رووی جەستەییەوە هیچ رۆڵی نییە لەو بڕیارەی، کە "برۆتەس" دەیدات سەبارەت بە لەناوبردنی "قەیسەر". لەلایەکی ترەوە، هەرچەندە "کاشیەس" پیاوێکی بە فێڵ و تەڵەکەیە، بەڵام "برۆتەس" بەشێوەیەکی سەربەخۆ و لەسەر هەندێک بنەمای تر، کە زۆر جیاوازە لەوەی، کە "کاشیەس" پێشنیازی بۆ دەکات، دەگاتە بڕیاری خۆی.

"قەیسەر" وەکو "برۆتەس" دەیبینێ، پیاوێکە ویستێکی بەهێزی هەیە، لە دەروونەوە بە فیز و لەخۆباییییە. لەخۆباییبوونەکەی بەربەست ناکرێ. بۆیە، "برۆتەس" کودەتا بە رێگەیەکی گونجاو دەزانێ بۆ دابینکردنی دادپەروەریی. شایانی باسە پەسندکردنی ئەم بیرۆکەیە زۆر گرینگە بۆ تێگەیشتن لە تراجیدیای "برۆتەس"، وەکو هەندێ لە رەخنەگران جەختی لەسەر دەکەنەوە. "برۆتەس" لەوە بە هەڵەدا دەچێ، کە ئەو "قەیسەر"ە بەهێز و لەخۆباییییە بە "قەیسەر"ی راستەقینە دادەنێ، چونکە پرۆسەی گۆڕانی "قەیسەر" لەو "قەیسەر"ە راستەقینەیەی، کە لە سێ بەشی یەکەمی شانۆنامەکەدا دەردەکەوێ بۆ "قەیسەر"ێکی دیکتاتۆر لە خەیاڵ و لێکدانەوەی "برۆتەس" بەڕێوە دەچێ. لەم روانگەیەوە هەموو شانۆنامەکە بەرە بەرە ئاشکراکردنی هەست و شێوازی بیرکردنەوەی "برۆتەس"ە لەلایەن "برۆتەس" خۆیەوە سەبارەت بەوەی، کە ئەو خۆی، نەک "قەیسەر" تاوانێکی ئەنجام داوە. بە لە بەرچاوگرتنی ئەم هەڵگەڕانەوەیە، ناونیشانی شانۆنامەکە گوزارشتێکی بەهێزی ئیرۆنیای درامی یاخۆ مانا پێچەوانەکەیە. ئەمەیش دەبێتە بنچینە بۆ ئەو هەڵگەڕانەوە تراجیدییەی، کە ئاماژەمان پێ دا.

"برۆتەس" هەر لە سەرەتای شانۆنامەکەدا، رێک لە دیمەنی دووەمی بەشی یەکەمدا، لە بەرامبەر هاندانی "کاشیەس" دەبێتە نێچیرێکی ئاسان کاتێ لە بێ ئاگاییییەوە گومانی خۆی سەبارەت بە "قەیسەر" دەردەبڕێ و دەڵێ: "بە راستی دەترسم خەڵکەکە قەیسەر بە پاشا هەڵبژێرن". پاشان قسەکانی "کاشیەس" لەبارەی سەربەستی پاساوێکی باشن بۆ ئەو بیرۆکە شاراوانەی، کە لە مێشکی "برۆتەس" دان. بێجگە لەمەش، "برۆتەس" دوا جار، نەوەی ئەو کەڵەمێردانەیە، کە "تارکین"ی پاشای "رۆما"یان لە شەقامەکانی رۆما دەرکرد، ئەو

"تارکین"ەی، کە بە رەگەز یۆنانی بوو. بەڵام لە خۆدواندنەکەی "برۆتەس"، کە لە دیمەنی یەکەمی بەشی دووەمی شانۆنامەکەدایە، دەردەکەوێ، کە پاساوی سیاسی بۆ ئەو بەس نییە تا بیکات بە بیانوو بۆ ئەنجامدانی کاری چاوەڕوانکراو، کە لەناوبردنی "قەیسەر"ە. بۆیە لە ناخەوە بە دوای پاساوی تردا دەگەڕێ و بنەچە و ئەسڵ و فەسڵی خۆی و مەسەلەی سەربەستی لە بیر دەکات. لە بیرکردنەوەیەکی قووڵدا، دان بەوەدا دەنێ، کە ترس و نیگەرانییەکانی پێوەندییان بەو دەسەڵاتە رەهایەوە هەیە، کە رەنگە "قەیسەر" لە داهاتوودا بۆ خۆی دەستەبەری بکا. "برۆتەس" لەوە دەترسێ، کاتێ "قەیسەر" دەگاتە ترۆپکی دەسەڵات، "لووتبەرز و لەخۆبایی دەبێ. تەنانەت پشت لەو کەسانەش دەکات، کە پشتگیرییان کردووە و بە چاوی نزمەوە سەیریان دەکات"، چونکە دەسەڵاتەکەی لە بەزەیی دادەبڕێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ویژدانی زیندووی ناچاری دەکات دان بەوەدا بنێ، کە هێشتا "قەیسەر" هیچ کام لەم خەسڵەتە قێزەوەرانەی تێدا دەرنەکەوتووە، چونکە ڕووبەڕووبوونەوەکە لەگەڵ "رەفتاری ئێستای قەیسەر" نییە، بگرە لەگەڵ "هەڵسوکەوتی داهاتوو"ی قەیسەرە. بەهەرحاڵ، ئەم دانپێدانانە راستگۆیە، بەتاڵ دەبێتەوە کاتێ هێزێکی شەیتانی، ناعەقڵانی لە کرۆکەوە بە ئاقارێکی تریدا دەبات:

.... با مەسەلەکە ئاوا لێک بدەینەوە: ئەگەر دەسەڵاتی قەیسەر زۆر بەهێز بێ، ئەو پێشبینییانە جێبەجێ دەکات. کەواتە با وەکو هێلکە مارێک سەیری بکەین. هەر کاتێک بترووکێت، دەبێتە مارێکی ژەهراویی کوشندە. لەبەرئەوە با هەر لەناو هێلکەدا بیکوژین.

دیمەنی یەکەم، بەشی دووەم



لە گەرمەی ئەو ترس و تۆقاندنەی، کە دوای کوشتنی "قەیسەر" باڵی بەسەر دۆخەکەدا دەکێشێ، "برۆتەس" بواری ئەوەی نابێ، وەکو پێشتر، بە قووڵی بیر بکاتەوە. "برۆتەس" بەڵێن بە "ئەنتۆنی" دەدا، کە هۆکاری ماقووڵ و بەجێ سەبارەت بە کوشتنی "قەیسەر" بخاتە روو. ئەو "قەیسەر"ەی، کە، وەک خۆی گوتی، لە کاتی کۆشتنیشیدا هەر خۆشی دەویست، بەهەرحاڵ، "برۆتەس" لە رووی پراکتیکییەوە بەڵێنەکەی جێبەجێ ناکات، بەڵام ئێمە ناتوانین رێگە لەو بۆچوونە بگرین، ئەگەر "برۆتەس" بیتوانیبا بەڵێنەکەی جێبەجێ بکا، ئەو هۆکارانەی، کە دەیخستنە ڕوو، بۆ خۆی کەمتر جێگەی بڕوا دەبوون تا "ئەنتۆنی" سەبارەت بەو ململانێ دەروونییەی، کە لە ناخی "برۆتەس"دا ئامادەبوونی هەیە. هەر بۆیەش ماوەی بەر لە دەرکەوتنی تارمایی "قەیسەر"، کە پڕە لە تەدارەکی ئامادەکاریی سەربازیی و "برۆتەس" بواری نابێ، وەکو پێشتر، بە وردیی بە خۆیدا بچێتەوە، رێگە بە ململانێی خەفەکراوی ناو دەروونی دەدا بێتە دەرەوە:

مانگی ئادارت بیر چوو؟ پازدەی ئادار بیر خۆت بێنەوە. ئەو هەر لەپێناوی دادپەروەریی و یەکسانی نەبوو خوێنی قەیسەری مەزنمان ڕشت؟ لە دادپەروەریی بەولاوە، کامە نامەرد بە مەبەستێکی تر خەنجەرەکەی وەشاندە جەستەی قەیسەر؟ ئاخر کەسێ لە ئێمە، کە تەخت و بەختی گرینگترین مرۆڤی ئەم دنیایەمان رووخاند، ئامانجی ئەوە بوو پشتگیریی لە دز و جەردەکان بکا؟ ئایا رەوایە ئێمە دەست و پەنجەکانمان بە چڵکی رەشوەت گڵاو بکەین و پلە و پایە گەورەکان بۆ هەندێک پارە و پوول بفرۆشین، کە

دیمەنی سێیەم، بەشی چوارەم

هۆکـاری ئەم تووڕەبوونە کـتـوپڕە گـرینگ نـیـیـە. ئەوەی گـرینگە هەڵگەڕانـەوەی بەهاکـانە. "قـەیسـەر" ی "دەسـەڵاتخـواز" بـووەتە "قـەیسـەری مـەزن" و "گرینگترین مرۆڤ" نەک تەنیا لە "ڕۆما" بگرە لە هەمـوو دنیا و ئەوانەیش، کە کوشتیان بوونەتە "نامەرد". بەڵام خاڵی ترسناک ئەو کـاتە سـەرهـەڵدەدات، کـە تارمـاییـیـەکـەی "قـەیسـەر" دەردەکـەوێ. دەرکـەوتنی تارمـاییـیـەکـە تـەکـانێک بە دەرکـەوتنی ئەو ڕاسـتـیـیـە دەدا، کـە لـە دەروونی "برۆتـەس"دا کـامڵ بووە و چیی تر ناتوانێ لە قـووڵاییی ویژدانی بریندار بووی بمێنێـتـەوە. پێش ئەوەی شـەڕەکە دەست پێ بکا "برۆتەس" ئاسـوودەیی هـەروەها ملکەچبوونی بۆ دۆخـەکە پێـوە دیارە. ئاسـوودەیییـەکە نیشـانەی مـەرگی ڕوحـە و ملکەچبوونەکەیش بۆ دۆخەکە نیشانەی بێ ئومێدییە:

ئای یۆلیۆس قەیسـەر، هێشتا هـەر بەهێزیت! ئەوەتا ڕوحت دەسـووڕێتـەوە و نووکی شـەمشێرەکانمان ڕووەو جەسـتـەی خۆمان هەڵدەگەڕێنیتەوە.

دیمەنی سێیەم لە بەشی دووەم

"برۆتـەس" چیی تر ناتوانێ لەگـەڵ "بوون"ێک هـەڵبکات، کـە دیوی دەرەوەی شکۆمەندیی و ڕێزگیریی و سەربەرزییە و لە ناوەوەشدا پیس بووە. بۆیە دەیەوێ کۆتایی بەم پیسبوونە، بەم درۆکردنە بێنێ. لێرەدا، "برۆتـەس" وەکـو "ئۆدیپ" دژی خـۆی دەوەسـتێ و داوای دادپـەروەیی دەکات، دوای ئەوەی لە پشتگیریکردنی سـەربەستی و پاراسـتنی وڵات



لە توندوتیـژیی، بەها مـرۆڤـایەتیـیـەکـان پێشـێل دەکـات. ئەو بەها مـرۆڤـایەتیـیـانەی، کـە مـرۆڤ وا بـەسـتـەی ڕاسـتگۆیی دەکـات لە پێـوەندییـەکـانی لـەگـەڵ خـەڵکی تر. "برۆتـەس" ڕاسـتگۆ نەبوو. بۆیە پێویسـتـە سزای خۆی بدا ئەگەر چەسپاندنی دادپەروەریی بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێ.

کەواتە، ئەوە ئاکامی شـەڕەکەی "فیلیپی" نییە، کە "برۆتەس" ناچار دەکـات دان بە هەڵەی خـۆیدا بنێ و ڕووبەڕووی چارەنووسی خـۆی بێتـەوە، بگرە دانپێدانانەکە بەڵگەیەکی پێویستـە بۆ ئەو خیانەتەی، کە لەگـەڵ "قـەیسـەر"دا دەیکات. خـیـانـەتەکـەی "برۆتەس" خـراپتـرە لە خـیـانـەتی مـرۆڤـێک لەگـەڵ هاوڕێکەی، چونکە ئەو "قـەیسـەر"ەی ئەو دەیکوژێ، ئەو "قەیسەر"ە نییە، کە لە پازدەی ئادار دەکوژرێ، بگرە ئەو "قـەیسـەر"ەی ئـەو دەیکوژێ، ئەو "قـەیسـەر"ەیە، کە ڕەنگە لە گـەرمـەی سـەرکەوتندا پشت لە هاوڕێکان و لە گشت خـەڵک بکا. ئەم بینینەی "برۆتەس" بینینێکی سـوپەرمـانانەیە. بە واتایەکی تر "برۆتەس" ڕۆڵی خـــواوەندێک دەبینـێ. ئەگـــەر لەم بینینەی "برۆتەس"ەوە ســـەیری شـانۆنـامـەکە بکەین، "قەیسـەر" دەبێتە پاڵەوانێکی تراجیـدیی. بەڵام "قەیسـەر" کارەکتەرێکی تراجیدی نییـە و "برۆتەس"یش خواوەند نییە، چونکە ئەوە "قـەیسەر" نییـە تاوانی بەرامبـەر بە خواوەندەکان کردبێ و خـۆی بە گـەورەتر زانیـبێ لـەوەی، کـە هـەیە، تەنانـەت ئەگـەر فـیـز و لەخـۆبـاییـبـوونەکـەیشی کـارێکی ناپەسندیش بێ بەرامـبـەر بە خـواوەندەکـان، بەڵام تاوانەکەی "برۆتـەس" بەرامبـەر بە خـواوەندەکان گـەورەترە. لەگـەڵ ئەوەشـدا، "برۆتـەس" هێـشـتـا "ڕۆمـانییـەک بوو لە هەموویان شکۆمەندتر" وەکو "ئەنتۆنی" لە کۆتاییی شانۆنامەکەدا دانی

پێدا دەنێ. ویژدانی زیندووی ناحەسێتەوە هەتا "قەیسەر" مافی خۆی پێ نەدرێتەوە:

ئێستا ئەی قەیسەر، با روحت بحەسێتەوە. من نیو هێندەش ئارەزووی کوشتنی تۆم نەکرد.

دیمەنی پێنجەم، بەشی پێنجەم

٤

ئەو حاڵەتە تەمومژاوییانەی، کە لە شانۆنامەی "یۆلیۆس قەیسەر" هەستی پێ دەکرێ و لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا، بە رای "میلدرێد. ئی. هارتسۆک"[١٤] یەکلا نابنەوە. مەبەستی "شێکسپیر"یش لە بەکارهێنانی سەرچاوە مێژووییەکەش هەر بۆ ئەمەیە. دیارە ئەمە نوشوستییەکی درامی نییە بۆ شانۆنامەکە، چونکە مێژووی نمایشکردنی ئەم شانۆنامەیە لەسەر تەختەی شانۆ بەهێزترین بەڵگەیە، کە بەرپەرچی ئەم جۆرە بۆچوونە دەداتەوە. بەهەرحاڵ، هەر رێژیسۆرێک یان رەخنەگرێک، کە هەوڵ بدا لە رێگەی یەکلاکردنەوەی حاڵەتە تەمومژاوییەکان یەکبابەتی شانۆنامەکە بپارێزێ، ئەوا لایەنێک هەڵدەبژێرێ و چاو لە بەشێک لە بەڵگەکان دەپۆشێ. مرۆڤ ناتوانێ مەسەلەکە یەکلا بکاتەوە لە رێگەی وردبوونەوە لە هەر یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکان: "قەیسەر"، "برۆتەس"، "کاشیەس" یان "ئەنتۆنی"، چونکە واتا و لێکدانەوەی رەهەندەکانی هەر یەکێکیان پێوەندی بە مەبەست و رەهەندەکانی هەموو ئەوانی ترەوە هەیە. بۆیە مەبەستی گشتی شانۆنامەکە، بە پێی بۆچوونی "هارتسۆک"، لە رێگەی وردبوونەوە لە سەرچاوە مێژووییەکەی "پلوتارک" و ئەو



گۆڕانکارییانەوە روون دەبێتەوە، کە "شێکسپیر" دەیکات.

خوێنەر لە یەکەم خوێندنەوەی ئەم شانۆنامەیەدا هەست بەوە دەکات، کە "قەیسەر" لە نیوەی یەکەمی شانۆنامەکە بچووک دەکرێتەوە و لە نیوەی دووەمدا نرخ و بەهاکەی بۆ دەگەڕێتەوە. "سیدنی لی" لە کتێبی "ژیانی ویلیەم شێکسپیر"دا دەڵێ: "بۆ ئەوەی ئاستی درامیانەی رووداوەکان لە لووتکەوە بە کتوپڕیی بە ئاقارێکی بێ بایەخدا دانەبەزێ، شێکسپیر کوشتنی قەیسەر بۆ ناوەڕاستی شانۆنامەکە دوا دەخات لە رێگەی بچووککردنەوەی قەیسەر ئەو کاتەی، کە لە ژیان دایە و پاشانیش گەورەکردنی کاریگەریەتی روحیی ناوەکەی لە دوای مردنی"[١٥] خاڵی گرینگ لێرەدا، چۆنیەتیی مامەڵەکردنی "شێکسپیر"ە لەگەڵ سەرچاوە مێژووییەکەی "پلوتارک" بەتایبەتی سەبارەت بە کارەکتەرەکانەوە.

"برۆتەس"، بەگوێرەی سەرچاوە مێژووییەکە، پاساوی گرینگی بەدەستەوەیە بۆ ئەو ترس و نیگەرانییەی، کە هەیەتی سەبارەت بەوەی، کە "قەیسەر" ببێتە دیکتاتۆر. بەڵام بەرچاوترین هۆکاری رق لێبوونەوە لە "قەیسەر" ئەو ئارەزووە چاوبرسییانەیە، کە "قەیسەر" هەیەتی بۆ ئەوەی ببێ بە پاشا. "قەیسەر"ەکەی "پلوتارک" دیکتاتۆرێکی بەهێز و دەسەڵاتە. خەڵکەکە هەروەها ئەندامانی کاپیتۆڵیش لەم بارەیەوە هاوڕان. بەڵام "قەیسەر"ی "شێکسپیر" جیایە. بەڵگەش بۆ ئەمە قسەکەی "برۆتەس"ە، کە دەڵێ "من هەرگیز نەمزانیوە قەیسەر چووبێتە ژێر باری هەست و سۆز زیاتر لە ئەقڵ و بیرکردنەوەی بەجێ". ئەم قسەیەی "برۆتەس" بەڵگەی ئەوەیشە، کە قەیسەر لە نیوەی یەکەمی شانۆنامەکە بچووک ناکرێتەوە. خۆ هەڵوێستەکەی "ئارتیمیدۆرس" لە

کاتی نامەپێدانەکەیدا بەڵگەیەکی ترە بۆ بچووک نەکردنەوەی "قەیسەر". بەپێی سەرچاوە مێژووییەکە، "ئارتیمیدۆرس" هاوڕێیەتییەکی گەرمی لەگەڵ زۆربەی پیلانگێڕەکان هەبووە. هەر لەم ڕێگەیەوە پیلانەکەی ئەوانی ورد و درشت زانیوە. بۆیە، بەر لە کوشتنی "قەیسەر" هەوڵی ڕزگارکردنی دەدا:

ئارتیمیدۆرس:

"دێتە ژوورەوە. کاغەزێکی بەدەستەوەیە، بە دەنگی بەرز دەیخوێنێتەوە"

قەیسەر، خۆت لە برۆتەس بپارێزە. خۆت لە کاشیەس دوور بخەرەوە. لە کاسکا نزیک نەکەویتەوە. چاودێریی سینا بکە. باوەڕ بە ترینیەس مەکە. سەرنجی میتلۆس سیمبەر بدە. دیشیەس برۆتەس کەیفی پێت نایەت. غەدرت لە کایۆس لیگاریەس کردووە. ئەمانە هەموو یەک مەبەستیان هەیە. ئەویش دژایەتی قەیسەرە. ئەگەر تۆ نەمر بیت، پێویستە ئاگەداری دەوروپشتی خۆت بیت. ئاسوودایی ڕێگە بۆ پیلان خۆش دەکات. خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ"

دیمەنی سێیەم، بەشی دووەم

کاتێ "ئارتیمیدۆرس" نامەکەیشی پێ دەدا پێی دەڵێ:

جەنابی قەیسەر، یەکەم جار کاغەزەکەی من بخوێننەوە، چونکە زیاتر پێوەندی بە جەنابتانەوە هەیە. بیخوێننەوە، قەیسەری مەزن.

دیمەنی یەکەم، بەشی سێیەم



"قەیسەر"یش بە قسەیەک وەڵامی دەداتەوە، کە گوزارشت لە خۆنەویستی دەکات:

"ئەوەی تایبەت بێ بە ئێمە لە دوای ئەوانی تر سەیر دەکرێت"

"قەیسەر"ەکەی "پلوتارک" بەهۆی قەڵەباڵغی خەڵکەکەوە ناتوانێ نامەکە بخوێنێتەوە. ئەو گۆڕانکارییەی، کە "شێکسپیر" لێرەدا دەیکات تەنیا بۆ ئەوەیە، کە گومانێک بوروژێنێ سەبارەت بە شیمانەی داکێشانی "قەیسەر" بەرەو دیکتاتۆرییەت. "قەیسەر"ەکەی "پلوتارک" هۆکاری روون و ئاشکرا پێشان دەدا، کە کوشتنەکە دەکات بە سزایەکی شایستە، بەڵام "شێکسپیر" بەشێوەیەکی تەمومژاوی پێشانی دەدا. ئەگەر "شێکسپیر" بیەوێ "برۆتەس" وەکو پاڵەوانێکی کۆماریخواز پێشان بدا، بۆ ئەو پاڵنەرانە بۆ هەڵسوکەوتی "برۆتەس" فەرامۆش دەکات، کە بەم ئاراستەیە لە سەرچاوە مێژووییەکەدا هاتوون؟

لە سەرێکی ترەوە، لە شانۆنامەکەدا وا پێشان دەدرێ، کە "کاشیەس" خۆی نامەکان ڕێک دەخات یا هەڵدەبەستێ، کە بۆ "برۆتەس" دەچن. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە، کە "شێکسپیر" بە دیکتاتۆربوونی "قەیسەر" کەم دەکاتەوە، لە کاتێکا وەکو ئاماژەمان پێ دا، لە سەچاوە مێژووییەکەدا وا هاتووە، کە هەڵوێستێکی یەکگرتووی دژ بە "قەیسەر" هەبوو. "شێکسپیر" گومان لەبارەی "قەیسەر"ێک دەوروژێنێ، کە لەلای خەڵک کەسێکی پەسندە. واتە نە بە دیکتاتۆری دادەنێ و نە بە نیشتمانپەروەریش. لەلایەکی تر، "شێکسپیر" هەموو ئەو خاڵە لاوازانە بەکار دێنێ، کە لە سەرچاوە مێژووییەکەدا هاتوون لەبارەی "قەیسەر" وەکو مەسەلە خورافییەکان، فێ لێهاتن، لاوازیی و

بێهێزیی لە رووی جەستەییەوە... هتد. بەکارهێنانی سەرچاوەکە ئاکامێکی سەرسوڕهێنەری لێ دەکەوێتەوە: "قەیسەر" نەک هەر ئاڵۆزتر دەردەکەوێ، بگرە بە تەواویی دەبێتە کارەکتەرێکی تەمومژاویی.

هەڵبەت زۆر کەس لەگەڵ "سیدنی لی" هاوڕان، کە پێی وایە ئەو "قەیسەر"ەی "شێکسپیر" مەبەستییەتی پێشانی بدا، ئەوەیە، کە "ئەنتۆنی" بە روونی پێناسەی دەکات لە بەشی دووەمی شانۆنامەکەدا. بەپێی ئەم بۆچوونە بێ، تەمومژاوییەکە سەبارەت بە "قەیسەر" دەڕەوێتەوە، چونکە "ئەنتۆنی" تا کۆتاییی شانۆنامەکە وەکو کارەکتەرێکی زاڵ دەمێنێتەوە. بەڵام ئایا ئێمە تا چەند لە حەقیقەتی "ئەنتۆنی" دەزانین؟ راستی، "ئەنتۆنی" خۆی کارەکتەرێکی تەمومژاوییە. بۆیە ناتوانێ وێنەی "قەیسەر" لە تەمومژاوییەکە رزگار بکا، هەروەک چۆن ناتوانێ ئەو بیر و بۆچوونانە لەبارەی "برۆتەس" بسڕێتەوە، کە پێشتر ئاماژەمان پێ دا کاتێ لە کۆتاییی شانۆنامەکەدا پێناسەی "برۆتەس" دەکات.

یەکەم پێناسە بۆ "ئەنتۆنی" لە "قەیسەر"ەوە دێت، کە دەڵێ "هەر خەریکی بادە و رابواردنە". "کاشیەس"، لە سەرێکی ترەوە، بە "زۆرزان و پیلانگێڕ" ناوی دەبات و یاوەرەکانی خۆی لە مەترسییەکانی ئەو ئاگەدار دەکاتەوە و تەنانەت پێشنیازیش دەکات هەر لەگەڵ "قەیسەر" بیکوژن. بەڵام ئێمە هەتا دوای کوشتنی "قەیسەر" هیچ بەڵگەیەک لەسەر بۆچوونەکەی "کاشیەس" نابینین لەبارەی "ئەنتۆنی". ئەو کاتە دەبیسین، کە "ئەنتۆنی" لە ترسانا بۆ ماڵەکەی خۆی رادەکات. پاشان دەگەڕێتەوە و لێرەدا پیلانگێڕییەکەی "ئەنتۆنی" دەست پێ دەکات. لە



رواڵەتدا، پشتگیریی خۆی بۆ "کاشیەس" و "برۆتەس" دەردەبڕێ. بەڵام کاتێ سەیری جەستەی کون کونکراوی "قەیسەر" دەکات، بە تەواوی مەترسییەکانی بیر دەچێتەوە و بە ڕاستی خۆی دەخاتە مەترسییەوە:

> ئەی قەیسەری مەزن! راستە من تۆم خۆش دەویست، گومان لەوەدا نییە، بەڵام ئەگەر روحت لەم ساتەوەختەدا سەیری ئێمە بکا، ئاخۆ لە مردنەکەت زیاتر بەوە ئازار ناچێژێ، کە ببینێت ئەنتۆنی یاوەرت، لە بەردەم لاشەی بێ گیانی تۆ – ئەی بەرزترین مرۆڤ – دەست دەخاتە ناو دەستی خوێناوی دوژمنانی تۆ و لەگەڵیاندا ئاشت دەبێتەوە؟

دیمەنی یەکەم، بەشی سێیەم

تێبینی یا رەخنەکەی "کاشیەس"، کە یەکسەر دوای ئەمە دێت، دەری دەخات، کە خۆی و "برۆتەس" گوێیان لە قسەکانی "ئەنتۆنی بووە، کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد. بۆیە شیوەنکردنە بێ بیرکردنەوەکەی "ئەنتۆنی" شیمانەی ئەوەی لێ بەدی دەکرێت، کە "ئەنتۆنی" بکەوێتە مەترسییەوە. کاتێ ئەنتۆنی بە تەنیایە و لەگەڵ تەرمەکەی "قەیسەر" دەدوێ: " بمبەخشە ئەی مشتە خۆڵە خوێناوییەکە. بمبەخشە... " هاوسۆزی ئێمەیش بۆ خۆی و بۆ "قەیسەر" بە دەست دێنێت. لە پڕێکا پیلانگێڕیی و زۆرزانییەکەی دەردەکەوێ، کاتێ بە خزمەتکارەکەی "ئۆکتاڤیەس" دەڵێ:

> نابێ بگەڕێیتەوە تا تەرمی قەیسەر دەبەمە گۆڕەپانی بازاڕ و لەوێ وتارێک پێشکێش دەکەم. هەوڵ دەدەم بزانم خەڵکەکە چۆن پێشوازی لەو کارە دڕندانەیەی ئەو

خوێنرێژانە دەکەن. بەگوێرەی ئەوەوە شتەکان بە ئۆکتاڤیەسی لاو رابگەیەنە.

دیمەنی یەکەم، بەشی سێیەم

ئەم قسەیەی "ئەنتۆنی" لاساییکردنەوەی سەرچاوە مێژووییەکەیە. "پلوتاک" بەردەوام "ئەنتۆنی"بە خراپی پێشان دەدا. لە راستیدا "ئەنتۆنی"، وەکو "پلوتارک" باسی لێوە دەکات، دەیەوێ لەگەڵ "کاشیەس" و "برۆتەس" پەیمانی ئاشتی ببەستێ، بەڵام، دوای ئەوەی بۆی روون دەبێتەوە، کە هەڵوێستی خەڵکەکە دژی "برۆتەس" و "کاشیەس"ە، پەشیمان دەبێتەوە و هەوڵی ئەوە دەدا، کە بەسەر "برۆتەس" و یاوەرەکانیدا زاڵ بێ. هەر بۆیەش لە ناشتنی تەرمی "قەیسەر" وتارێک پێشکێش دەکات.

"شەکسپیر" هەوڵ دەدا، "ئەنتۆنی"یەکەی "پلوتارک" باشتریش پێشان بدا، هەروەها خراپتریش. کاتێ، وەکو هاورێیەکی خەمبار، "قەیسەر" دەلاوێنێتەوە، خەمەکەی بەشێوەیەکی هێندە راستەقینە دەردەبڕێ، کە کار لە ئێمەی بینەر یا خوێنەریش دەکات. قسەکانی دواین لێکدانەوەن و راستترین قسەن لە شانۆنامەکە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەندێ کاتدا لە پیلانگێڕێک زیاترە. خراپترین نموونەی قەیسەریزمە. کاتێ باسی "لێپیدۆس" دەکات، دەڵێ:

> کە ئەو پیاوە گەورە دەکەم و رێزی دەگرم، بۆ ئەوەیە باری خۆمان لەو گلەیی و گازاندەیە سووک بکەین، کە بەهۆی کارەکەمانەوە لێمان دەکرێ. وەکو کەرێک زێڕی لێ باربکرێ، باری خۆمانی لێ بار دەکەین تا لەژێر ئەو بارەدا هەڵکە هەڵکی لێوە دێت. ئەو کاتە بە ئارەزووی خۆمان



> ئاراستەی دەکەین. هەر کاتێک گەنجینەکەی بۆ گەیاندینە شوێنی مەبەست، بارەکەی پێ دەخەین و ترۆی دەکەین. ئەویش وەک گوێدرێژێک، کە بارەکەی داگیرا بێ، گوێیەکانی بۆ دەلەقێنێ و لە پاوانەکانەوە بەردەبێتە گژوگیا خواردن.

دیمەنی یەکەم، بەشی چوارەم

کاتێ "ئۆکتاڤیەس" ناڕەزاییی خۆی بەرامبەر بە قسەکەی "ئەنتۆنی" دەردەبڕێ و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە "لێپیدۆس" شەڕوانێکی قارەمانە، "ئەنتۆنی" لە وەڵامدا پێی دەڵێ:

> ئۆکتاڤیەس، ئەسپەکەیشم هەروایە. هەر بۆیە تەویلەکەیم پڕ کردووە لە ئالیک. خۆم فێرم کردووە لووشکە بوەشێنێ، تەکان بدا، بوەستێ، بڕوات، بگەڕێتەوە بۆ دواوە. جلەوی هەموو جووڵانەوەیەکی لە دەست خۆمە. لێپیدۆسیش تا ڕادەیەک ئاوایە. پێویستە رام بکرێ. فێر بکرێ بە فەرمان بڕوات و بە فەرمان بوەستێ. پیاوێکی ساویلکە و بۆشە. هەر بایەخ بە لاساکردنەوە دەدا. بەشێوازێک دەژی، دەمێکە خەڵک لێی بێزار بوونە. باسی لێپیدۆس مەکە زیاتر لەوەی، کە ئامێرێکە بەدەست خۆمانەوە.

دیمەنی یەکەم، بەشی سێیەم

هەر لەم دیمەنەدا دەردەکەوێ، کە "ئەنتۆنی" بێ ئەوەی هەست بە ئازاری ویژدان بکا ئامادەیە ئەو خەڵکانەیش بکوژێ، کە لە خۆیەوە نزیکن، رێک وەکو چۆن لە سەرچاوە مێژووییەکەی "پلوتارک"دا هاتووە. بەڵام "شێکسپیر" دووبارە دۆخەکە لێڵ دەکاتەوە کاتێ

"ئەنتۆنی" وەکو مرۆڤێکی ڕەوشتبەرز پێشان دەدا لە بەرامبەر دوژمنە کەوتووەکەیدا . کەواتە، کامەیە "ئەنتۆنی" ڕاستەقینە؟

ئەگەر "قەیسەر" و "ئەنتۆنی" پێناسەیەکی یەکلاکەرەوەیان لە شانۆنامەکەدا نەبێ، ئەی "برۆتەس"؟ "شێکسپیر" دیسان وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرای "برۆتەس" ەکەی "پلوتارک"ی، وەکو نیشتمانپەروەرێکی ڕاستەقینە، وەرگرتووە، بەڵام بە ئەنقەست شێواندوویەتی. بەگشتی، "شێکسپیر" هەمان ڕوونکردنەوەکانی "پلوتاک" لە بەرچاو دەگرێ. "برۆتەس"ەکەی "پلوتارک" مرۆڤێکی پایەبەرز و شکۆمەندە، لە بڕیارداندا هەڵە دەکات، تەنانەت لە کۆتایشدا دەڵێ"من بۆ چارەنووسی خۆم ناکرووزێمەوە، بگرە لە خێر و خۆشی وڵاتەکەم نیگەرانم" . بەڵام"شەکسپیر" وای لێ دەکات لێهاتووییەکەی ببێتە جێگەی گومان. سەرەتای ئەم گۆڕانکارییانە بەو خۆدواندنەی "برۆتەس" دەست پێ دەکات، کە لە بەشی دووەمی شانۆنامەکە دایە و لە سەرچاوە مێژووییەکەدا نییە. لەم خۆدواندنەدا، "برۆتەس" هۆکارەکان بۆ کوشتنی "قەیسەر" بەشێوەیەکی ڕوون ناخاتە ڕوو، کەچی لای "پلوتارک" هۆکاری سەلمێنەرن. هەروەها "برۆتەس" لای "پلوتارک" ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ڕۆمانییەکانەوە دەکات، چونکە ئەوان ئەم بە سەرکردەی خۆیان دەزانن. "شێکسپیر" ئەم پێوەندیکردنەی لابردووە. بێجگە لەمانەش، "شێکسپیر" چەندەها جار جەخت لەسەر هەڵەکانی "برۆتەس" دەکاتەوە لە بڕیارداندا. ئەو هەڵە سەربازییەی، بەر لە دیمەنی "فیلیپی" دەکرێ هەر هی "برۆتەس"ە. "پلوتارک" ئەوەندە بایەخی پێ نادا، کەچی "شێکسپیر"، هەر بۆ ئەوەی کارەکتەری "برۆتەس" ڕوونتر بخاتە ڕوو، زەقی دەکاتەوە.



لە سەرێکی ترەوە، شەڕەقسەکەی نێوان "برۆتەس" و "کاشیەس" لە داهێنانی "شێکسپیر" خۆیەتی. شەڕەقسەکە، لەلایەکەوە، شانازییەکی ئەخلاقییە بۆ "برۆتەس"، بەڵام ئەوەش دەردەخات، کە "برۆتەس" ئامادەیە پارە لە "کاشیەس" وەربگرێ لە کاتێکا بە توندی سەرزەنشتی ئەو دەکات، چونکە چاو لە ڕەشوە وەرگرتنی "لۆشیەس پێلا" دەپۆشێ و خۆیشی پلە و پایەی بە کەسانی ناشایستە دەفرۆشێ. "پلوتارک" بەشێوەیەکی سەرپێیی باسی ئەم پارە وەرگرتنە دەکات، بەڵام هیچ پێوەندییەکی بە کارەکتەری "برۆتەس"ەوە نییە. مامەڵەکردنە نەرمەکەی "برۆتەس"یش لەگەڵ "پۆرشیا" و بەتایبەتیش لەگەڵ "لۆشیەس"ی خزمەتکاری، کە لە داهێنانی "شێکسپیرە، نیشانەی ڕەوشتبەرزی "برۆتەس"ە.

سەرەڕای دیوە باشەکانی "برۆتەس"، هەندێ جار لە مامەڵەکردن لەگەڵ یاوەرەکانی لە "قەیسەریزم" نزیک دەبێتەوە. هەڵبەت هیچ کەسێک ئەو لەخۆباییبوونەی "برۆتەس" بە پەسند نازانێ کاتێ بە "کاشیەس" دەڵێ:

> کاشیەس، من باکم بەو هەڕەشە و گوڕەشەیەی تۆ نییە،
> چونکە بە ڕاستگۆیی و دەروونپاکیی خۆمەوە، بەهێزم. بۆیە
> ئەو گەف و گوڕەت وەکو "با" بە بن گوێمدا دێت و دەبوورێ،

دیمەنی سێیەم، بەشی چوارەم

خاڵێکی گرینگ، کە پێوەندیی بە کارەکتەری "برۆتەس"ەوە هەیە، دەرکەوتنی تارمایی "قەیسەر"ە. تارماییەکە لای "پلوتارک" تارمایی "قەیسەر" نییە. دەشێ دیاریکردنی تارماییەکە وەک تارمایی "قەیسەر" لەلایەن "شێکسپیر"ەوە هەر بۆ ئەوە بێ ویژدانی "برۆتەس"

بجووڵێنێ یان باشتر بڵێین ڕەنگدانەوەی نیگەرانییەکانی ناو دەروونی بێت سەبارەت بەو کارەی لەگەڵ "قەیسەر" دەیکات. بە واتایەکی تر ئاماژە بێ بۆ دانپێدانان بە هەڵەکانی خۆی. بۆیە لە کاتی خۆکوشتنەکە دەڵێ:

> ئێستا ئەی قەیسەر، با ڕوحت بحەسێتەوە. من نیو هێندەش ئارەزووی کوشتنی تۆم نەکرد.

دیمەنی پێنجەم، بەشی پێنجەم

"برۆتەس" بۆیە زیاتر ئارەزووی کوشتنی خۆی دەکات، چونکە هۆکاری بەدەستەوەیە. ئەویش بڕێتییە لە هەڵەکردن بەرامبەر بە "قەیسەر" لە کاتێکا، کە "قەیسەر"ی کوشت هۆکارەکان لە دەروونەوە هێندە قایلکەر نەبوون. بۆیە دەکرێ بڵێین "برۆتەس" لە بەرامبەر ئەو فەلسەفەیەی، کە بڕوای پێ بوو، دڵسۆز بوو.

لە لێکدانەوەی کارەکتەری "کاشیەس" تووشی هەمان ئەو کێشانە دەبینەوە، کە لە کارەکتەرەکانی تر تووشیان هاتووین. بە پێی "پلوتارک"، هەندێ کەس پێیان وابوو، کە "کاشیەس" رقێکی کەسێنی لە "قەیسەر" دەبووەوە زیاتر لەوەی رقی لە دیکتاتۆریەت بێتەوە. بەڵام مەسەلەکە وا نەبوو، چونکە "کاشیەس"، وەکو "پلوتارک" باسی لێوە دەکات، بە درێژاییی ژیانی نەیتوانیوە لەگەڵ دیکتاتۆرییەت هەڵبکات. لە شانۆنامەکەدا، هەردوو بۆچوون هەیە. "ئەنتۆنی" پێی وایە پاڵنەری "کاشیەس" لە کوشتنی "قەیسەر" رق و کینەیە. "قەیسەر"یش خۆی، "کاشیەس" بە مرۆڤێکی بێ کەڵک و چاوچنۆک ناو دەبات، کە زۆر بیر دەکاتەوە، بۆیە جێگەی مەترسییە. لە کاتێکا ئەم وەسفە لای "پلوتارک" بۆ "برۆتەس" و "کاشیەس" بەکار دێت. لە سەرێکی ترەوە، هەندێ



ئاخاوتن هەیە لە شانۆنامەکەدا زۆر بە ڕوونی گوزارشت لە دیوە خراپەکانی "کاشیەس" دەکەن. بۆ نموونە، کە لەبەر خۆیەوە دەڵێ:

> ئای برۆتەس، تۆ پیاوێکی پایەبەرز و شکۆمەندیت، لەگەڵ ئەوەشدا، وەکو دەبینم، دوور نییە ئەم پایەبەرزیی و شکۆمەندییەت لە ئاقاری سروشتی خۆی لابدا.

دیمەنی دووەم، بەشی یەکەم

قسەکەی گوزارشت لە پیلانگێڕیی و فێڵبازیی دەکات. هەروەها لە ڕووداوەکەی "لۆشیەس پێلا"و ڕەشوە وەرگرتندا "کاشیەس" سازش لەسەر بەها ئەخلاقییەکان دەکات. بەڵام "برۆتەس" بە ڕۆمانییەکی ڕەوشتبەرزی دادەنێ و زۆربەی ئاخاوتنەکانیشی جەخت لەسەر ئەم بۆچوونە دەکەنەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، ناتوانین پێناسەیەکی تەواو بۆ "کاشیەس" بخەینە ڕوو ئەگەر نەتوانین پێناسەیەکی تەواو بۆ "قەیسەر"، "برۆتەس" هەروەها بۆ "ئەنتۆنی" بکەین.

ڕۆڵی خەڵکەکەش لە شانۆنامەکەدا بەشێکی ترە لە کێشەی شانۆنامەکە. بەپێی بۆچوونی "پلوتارک"، خەڵک زۆر رقیان لە "قەیسەر" بوو، چونکە دەیویست خۆی بکا بە پاشا، لە کاتێکا ئەو حاکمی ڕۆما بوو. هەروەها زۆر بە سووکی سەیری نوێنەرانی خەڵکی دەکرد. لە شانۆنامەکەدا، خەڵکەکە بێباکانە دڵخۆشی خۆیان بۆ سەرکەوتنی "قەیسەر" بەسەر "پۆمپی" دەردەبڕن. "پۆمپی" رکابەرێکی "قەیسەر" بوو، کە لە فەرمانڕەوایەتی ڕۆما بەربەرەکانی "قەیسەر"ی کرد، بەڵام "قەیسەر" بەسەریدا زاڵ بوو. ئەمە بەر لە ڕووداوەکانی ئەم شانۆنامەیە بوو. بەهەرحاڵ، کاتێ "فلاڤیەس" و "مارلۆس" سەرزەنشتی خەڵکەکە دەکەن، ئەوانیش بەبێدەنگییەوە شوێنەکە جێ دێڵن.

"پلوتارک" لە "ژیاننامەی مارکۆس برۆتەس"دا ئاماژە بەوە دەکات، کە خەڵکەکە گوێ لە "برۆتەس" دەگرن. دوای ئەوەی قەناعەت بە قسەکانی "برۆتەس" ناکەن، "ئەنتۆنی"، وەکو لە شانۆنامەکەشدا هاتووە، هەڵەکە دەقۆزێتەوە و بە ئاسانی لە دژی "برۆتەس" و یاوەرەکانی هانیان دەدا تا "سینا"ی شاعیر دەکوژن. "شێکسپیر" دیمەنێکی توندوتیژ لەم حاڵەتە دروست دەکات. شایانی باسە، خەڵکەکە لە شانۆنامەکەدا لەسەر یەک نەوا نین، دەگۆڕێن، کەمتر بیر دەکەنەوە. هەروەها هیچ رۆڵێکیان لە هاندانی "برۆتەس"دا نییە بۆ پیلانگێڕیی. هەریەکێک بە زار هێرشیان بکاتە سەر، بەدەنگییەوە دێن.

کەواتە ئاراستە پێچەوانەکان لە هەر یەک لە کارەکتەرەکاندا، دەبێتە کێشە بۆ واتاکەش. "ئەرنەست شانزەر" پێی وایە، کە "شێکسپیر" بە ئەنقەست شانۆنامەکەی کردووەتە شانۆنامەیەکی کێشەئامێز. بەڵام "برۆتەس" بە پاڵەوانێکی تراجیدی دادەنێ، چونکە، دوا جار، راستییەکان دەبینێ و خۆکوشتنەکەیشی زیان بە رۆما دەگەیەنێ. سەرەڕای ئەمەیش بەڵگە دژبەیەکەکان وا دەکەن شانۆنامەکە کێشەئامێز بێ. دەشێ "شێکسپیر" مەبەستی ئەوە بێ، کە بینەر بە ڕاستی بیر لە کێشە ئەخلاقی و سیاسییەکانی رووداو و کارەکتەرەکان بکاتەوە. ئەگەر وابێ، بینەر بە ئاراستەی پشکنینی بەڵگە هاوسەنگکراوەکانی هەردوو دیوە دژبەیەکەکاندا دەبات. "شێکسپیر" لە شانۆنامەی "بازرگانی ڤینیسیا"ش ئەم تەکنیکەی بەکار هێناوە، چونکە هاوسەنگییەک لە نێوان بیروڕای ئەلێزابێسییەکان سەبارەت بە جوولەکە، کە ئەو کاتە باو بووە لەگەڵ بۆچوونێکی رەخنەگرانە لەم بیروڕا باوە لە کارەکتەری "شایلۆک" پێشان دەدا.



دەشێ راستەقینەترین دەنگ لە شانۆنامەی "یۆلیۆس قەیسەر"دا دەنگی "سیرۆ" بێت، کە دەڵێ:

> بەڕاستی زەمانێکی سەیرە! خەڵک هەر لە روانگەی تێڕوانینی تایبەتی خۆیانەوە، دوور لە مەبەستی راستەقینەی شتەکان، ئەم شتانە لێک دەدەنەوە

دیمەنی سێیەم، بەشی یەکەم

ئەو کارەکتەرانەی، کە هیچ پرسیارێکیان لەسەر نییە، هەردوو شاعیرەکە و پێشبینیکەرەکەیە. ئەو شاعیرەی، کە لای "پلوتارک" ناوی "فۆنیەس"ە، لای "شێکسپیر" تەنیا بە "شاعیر" باسی لێوە دەکرێت. "شێکسپیر" ئەم شاعیرە بۆ پێشاندانی جیاوازی نێوان کارەکتەری "برۆتەس" و "کاشیەس" بەکار دێنێ. ئەو کاتەی "برۆتەس" و "کاشیەس" لەناو خێوەتەکە دەمەقاڵێیانە، شاعیرەکە دەچێتە ژوورەوە و قسەکانیان پێ دەبڕێ. لێرەدا "برۆتەس" تووڕە دەبێ و "کاشیەس"یش زیاتر دان بەخۆداگرتنی پێوە دیارە و تەنیا پێی پێ دەکەنێ. بەهەرحاڵ، دیمەنەکە جارێکی تر سەر لە ئێمە دەشێوێنێ، چونکە پێشتر لەوە ئاگەدارین، کە "کاشیەس":

> ئەوەندە خولیای گاڵتەوگەپ و رابواردن نییە. گوێ لە مۆسیقا ناگرێ. زۆر کەم پێ دەکەنێ. پێکەنینەکەیشی بەشێوەیەکە، هەر دەڵێی گاڵتە بە خۆی دەکات و رقی لە خۆی دەبێتەوە، چونکە پێ دەکەنێ.

دیمەنی دووەم، بەشی یەکەم

"برۆتەس"یش بەپێچەوانەی ئەو نەرم و نیانییەی، کە لە مامەڵەکردندا

هەیەتی، بەتایبەتی لەگەڵ "پۆرشیا" و "لۆشیەس" و پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، لێرەدا بەتوندی لەگەڵ شاعیرەکە دەجووڵێتەوە و تەنانەت لێیشی تووڕە دەبێ. شاعیرەکە گوزارشت لە عەقڵێکی ژیر دەکات، بەڵام کێ گوێی لێ دەگرێ؟

"سینا"ی شاعیریش دەبێتە قوربانی ئەو پشێوییە سیاسییەی، کە دوای کوشتنی "قەیسەر" سەر هەڵدەدات. کاریگەرترین دیمەن لە شانۆنامەکەدا دیمەنی کوشتنی "سینا"ی شاعیرە. بینەر لەگەڵیدا هاوسۆز دەبێ، بەڵام دیمەنەکە ئەگەری هاوسۆزییبوون لەگەڵ "قەیسەر" و ئەنتۆنی"، دەسڕێتەوە. شاعیرەکان، سیسرۆ، هەروەها پێشبینیکەرەکە ترس و نیگەرانیی خۆیان دەردەبڕن سەبارەت بە کارەسات و مەترسییەکانی داهاتوو، بەڵام کەس گوێیان لێ ناگرێ.

## کارەکتەرەکان

### لایەنگرانی یۆلیۆس قەیسەر

**یۆلیۆس قەیسەر**

حاکمی رۆمایە. تازە لە ئیسپانیاوە گەڕاوەتەوە بۆ رۆما دوای ئەوەی سەرکەوتنێکی سەربازی بەدەست هێناوە. دەسەڵاتەکەی بە ڕادەیەک بەهێز بووە، کە هەندێ خەڵک دەترسن خۆی بکا بە پاشا و، دوا جار، سیستەمی حوکمڕانی لە کۆمارییەوە بگۆڕێ بۆ شانشین.

**کاڵپۆرنیا**

ژنی قەیسەرە. زۆر بڕوای بە خەون و خورافات و دیاردە شوومەکان هەیە. لە رۆژی کوشتنی "قەیسەر"، زۆر تکای لێ دەکات نەچێتە دەرەوە، چونکە خەونێکی خراپی پێیەوە دیوە.

**مارک ئەنتۆنی**

ئەندامی ئەنجوومەنی پیران و هاوڕێی دڵسۆزی قەیسەرە. لە دوای کوشتنی قەیسەر، دەبێتە ئەندامی ئەو ئەنجوومەنە سێ قۆڵییەی، کە بۆ رووبەڕووبوونەوەی پیلانگێڕەکان دروست بوو. لە وتارە بەناوبانگەکەی، لە دوای کوشتنی "قەیسەر" تەکنیکی سایکۆلۆجیای پێچەوانە بەکار دێنێ بۆ



هاندانی رۆمانییەکان دژی پیلانگێڕەکان. مەبەست لە"سایکۆلۆجیای پێچەوانە" هاندانی خەڵکە بۆ ئەنجامدانی کارێک، کە خۆت دەتەوێ بیکەیت، بەڵام خۆت وا دەردەخەیت کە ناتەوێ بیکەیت یا دەتەوێ کارێکی تر بکەیێ.

**ئۆکتاڤیەس قەیسەر**

یەکێکە لە ئەندامانی ئەنجوومەنە سێ قۆڵییەکە. لە بنچینەدا "قەیسەر" خۆی بەخێوی کردووە و کردوویەتی بە کوڕی خۆی. لە سەرەتای رووداوەکاندا، لە دەرەوەی وڵاتە. کە قەیسەر دەکوژرێت، دەگەڕێتەوە.

**لێپیدۆس**

فەرماندەیەکی سەربازییە لە سوپاکەی "قەیسەر". ئەندامی ئەنجوومەنە سێ قۆڵییەکەیە، بەڵام دەسەڵاتی وەکو ئەنتۆنی و "ئۆکتاڤیەس" زۆر نییە. هەرچەندە "ئۆکتاڤییەس" متمانەی پێ دەکات، بەڵام "ئەنتۆنی" بە سووکییەوە سەیری دەکات.

### دەستەی پیلانگێڕەکان

**مارکۆس برۆتەس**

هاوڕێی نزیکی "قەیسەر"ە. دەچێتە ریزی پیلانگێڕەکان و لە کوشتنی "قەیسەر" بەشداری دەکات، چونکە پێی وایە بە کوشتنی "قەیسەر" سیستەمی کۆماری دەپارێزێ.

**کایۆس کاشیەس**

بزوێنەری پیلانگێڕییەکەیە. لە شەڕی ناوەخۆیی، کە لە دوای مردنی "قەیسەر" هەڵدەگیرسێ، لەگەڵ برۆتەس

سەرکردایەتی سوپا دەکەن و لە دژی ئەنتۆنی و یاوەرەکانییەوە دەجەنگن.

کاسکا

ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانە. یەکەم کەسە، کە خەنجەرەکەی لە "قەیسەر" دەدا.

دیشیەس برۆتەس

ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانە. لەگەڵ "قەیسەر" لە ڕۆژی کوشتنەکەی دەنێردرێتە بارەگای ئەنجوومەنی پیران.

سینا

ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانە. یارمەتی "کاشیەس" دەدا لە هاندانی "برۆتەس" بۆ هاتنە ریزی پیلانگێڕەکان، لە ڕێگەی ئەو نامانەی، کە بۆ "برۆتەس" دایان دەنێ بێ ئەوەی هیچ ناوێکیان لەسەر بێ.

تریبینیەس

ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانە. پشتگیریی لە بڕیارەکەی "برۆتەس" دەکات لە نەکوشتنی "ئەنتۆنی".

میتلۆس سیمبەر

ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانە. "قەیسەر" دەخافڵێنێ بۆ ئەوەی ئەوانی تر هێرشی بکەنە سەر.

کایۆس لئگاریەس

ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانە. سەرەتا دوودڵە لە چوونە ڕیزی پیلانگێڕەکان، بەڵام دوای ئەوەی "برۆتەس" دەچێتە



ریزیانەوە، ئەمیش بڕیاری خۆی دەدا.

خێزان و خزمەتکارەکانی دەستەی پیلانگێڕەکان

پۆرشیا

خێزانی "برۆتەس"ە.

لۆشیەس

خزمەتکاری "برۆتەس"ە.

پیندارۆس

خزمەتکاری "کاشیەس"ە.

ستراتۆ

خزمەتکار و هاوڕێی "برۆتەس"ە.

داردانیەس

خزمەتکاری "برۆتەس"

هاوڕێیانی "برۆتەس" و "کاشیەس"

تیتینیەس

میسالا

کاتۆی لاو

ڤۆلیۆمینیەس

فلاڤیۆ

سەربازانی سوپای "برۆتەس" و "کاشیەس"

ڤارۆ

کڵادیەس

کلیتۆس

ئەفسەرانی سوپای "برۆتەس" و "کاشیەس"

لابیا

فلاڤیەس

کارەکتەرە رۆمانییەکانی تر

سینای شاعیر

لە گەرمەی پشێوی سیاسیدا، لە دوای کوشتنی "قەیسەر"، لەلایەن هاووڵاتییە تووڕەکانەوە دەکوژرێ، چونکە ناوی "سینا"یە وەک ئەو "سینا"یەی، کە لەگەڵ دەستەی پیلانگێڕەکانە.

سیسرۆ

ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانە و وتاربێژێکی لێهاتووە.

پەبلیەس

ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانە و لەگەڵ "قەیسەر" دەچێتە بارەگای ئەنجوومەنی پیران لە رۆژی کوشتنەکەیدا.

پۆپلیەس لینا

ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانە. بەر لە کوشتنی "قەیسەر"، رێک ئەو کاتەی، کە "قەیسەر" دەیەوێ بچێتە ناو بارەگای ئەنجوومەنی پیران، "کاشیەس" دەترسێنێ کاتێ هیوا دەخوازێ لە کارەکەیاندا سەرکەوتوو بن.



پێشبینیکەر

کەسێکە پێشبینی رووداوەکانی داهاتوو دەکات و "قەیسەر" ئاگەدار دەکاتەوە، کە لە پازدەی ئادار ئاگەداری خۆی بێت.

ئارتیمیدۆرس

نووسەر و فەیلەسووفێکی رۆمانییە. "قەیسەر" لە کوشتنەکە ئاگەدار دەکاتەوە لە رێگەی نامەیەک، بەڵام ئەو گوێی لێ ناگرێ.

فلاڤیۆس

بۆرەپیاوێکی رۆمانییە و بڕوا بە "قەیسەر" ناکات.

مارلۆس

بۆرە پیاوێکی رۆمانییە و رەخنە لە خەڵک دەگرێ، چونکە بە "قەیسەر"دا هەڵدەدەن.

پەیامبەر

شاعیری دووەم

هاووڵاتیی یەکەم

دارتاشە.

هاووڵاتیی دووەم

پینەدۆزە.

هەروەها ژمارەیەک هاووڵاتی و سەرباز و دارودەستە و خزمەتکار و چەند ئەندامێکی تری ئەنجوومەنی پیران و هەندێ خەڵکی تر.

# بەشی یەکەم

## دیمەنی یەکەم

"شەقامێک لە رۆما"

" فلاڤیۆس و مارلۆس لەگەڵ چەند هاووڵاتییەک لەسەر تەختەی شانۆ دەردەکەون"

**فلاڤیۆس:**

دەبرۆن لێرە! برۆن بۆ ماڵەوە. هەی تەمەڵینە. چما ئەمرۆ رۆژی پشوودانە؟ بۆ نازانن ئەگەر پیشەگەران جلوبەرگی ئیشکردنیان نەکردبێتە بەر و دروشمی پیشەکانیان هەڵنەگرتبێ، نابێ بەم شێوەیە بەملا و بەولادا بسووڕێنەوە؟ ئەها، تۆ لەوێ، قسە بکە بزانم کارت چییە؟

**هاووڵاتیی یەکەم:**

گەورەم، من دارتاشم.

**مارلۆس:**

ئەی کوا بەروانکە چەرمینەکەت؟ کوا راستە و فووتەکەت؟ نیازی چیت هەیە وا خۆت پۆشتەوپەرداخ کردووە؟ ئەی تۆ، بڵێ بزانم کارت چییە؟

**هاووڵاتیی دووەم:**

گەورەم، کارگەرێکی بە کردوکۆشم، لەوانەیە تۆش هەروا



بمبینیت، من پینەچیم.

**مارلۆس:**

بە ڕوونی پێم بڵێ، کارت چییە؟

**هاووڵاتیی دووەم:**

گەورەم، کارێکە، کە من بە ویژدانێکی زیندوو و دڵێکی بێخەوش دەیکەم. من کۆنەکەوش چاک دەکەمەوە.

**مارلۆس:**

پیشەکەت چییە، هەی ناپەسند! پێم بڵێ چ کارەیت، هەی هیچوپووچ!

**هاووڵاتیی دووەم:**

گەورەم تکات لێ دەکەم لێم تووڕە مەبە. خۆ ئەگەر تووڕەش بیت، دەتوانم چاکت بکەمەوە.

**مارلۆس:**

مەبەستت چییە؟ چاکم دەکەیتەوە، هەی پیسی چەپەڵ.

**هاووڵاتیی دووەم:**

قوربان، مەبەستم ئەوەیە، کەوشەکانت چاک دەکەمەوە.

**فلاڤیۆس:**

کەواتە پینەدۆزی، وا نییە؟

**هاووڵاتیی دووەم:**

گەورەم، من بە درێشەکەم بژێوی ژیانم پەیدا دەکەم. نە خۆم لە ئیشوکاری پیشەگارانی تر هەڵدەقورتێنم نە هیی ئافرەتان. بە درێشەکەم کەوشی دڕاو پینە دەکەمەوە و ئەگەر ناهەموار بن،

ژیانێکی تازەیان دەنێمەوە بەر. کەوشە چەرمینەکانی زۆر لە پیاوماقوولان هەر بەم دەست و پەنجانەی من چاک کراونەتەوە.

**فلاڤیۆس:**

ئەی بۆ ئەمڕۆ لە دووکانەکەت نیت؟ بۆ ئەم خەڵکەت داوەتە دوای خۆت و لەم ناوەدا دەسووڕێیتەوە؟

**هاووڵات دووەم:**

ڕاستی، گەورەم بۆ ئەوەی کەوشەکانیان بدڕێ. ئەو کاتە منیش ئیشم زۆر دەبێ. بەڵام، گەورەم لە ڕاستیدا، هەر بۆ ئەوە ئەمڕۆمان کردووەتە ڕۆژی پشوودان تا چاومان بە قەیسەر بکەوێ و دڵخۆشیی خۆمان بۆ سەرکەوتنەکەی دەربڕین.

**مارلۆس:**

بۆ دڵخۆشی خۆت دەردەبڕیت؟ قەیسەر چ سەرکەوتنێکی بۆ وڵات بەدەست هێناوە؟ بەسەر چ وڵاتێکدا زاڵ بووە؟ چەندە خەڵکی بێگانەی بە دوای خۆیدا داون و لە پێچکەکانی پەیتوونەکەی بەستووینەتەوە؟ ئێوە نەفام و بێ ئەقڵن. وەکو بەرد وان، بگرە لە هەموو شتێکی بێ گیان خراپترن، ئێوە دڵڕەقن، پیاوە بێبەزەییەکانی ڕۆما، ئێوەن! "پۆمپی"تان بیر چوو؟[١٦] چەندەها جار بەسەر دار و دیوار و مەتەرێزەکان و پەنجەرەو تاوەرەکاندا سەر دەکەوتن، کۆرپەکانیشتان لە باوەش دەگرت، هەر لە بەیانی هەتا ئێوارە بە پەرۆشەوە لەو شوێنە بەرزانە دەمانەوە هەر بۆ ئەوەی سەیری "پۆمپی" مەزن بکەن، کە بەناو شەقامەکانی ڕۆمادا دەسووڕایەوە. ئەی هەر ئێوە نەبوون کاتێ، کە پەیتوونەکەی دەردەکەوت لە خۆشیانا بە



دەنگێکی هێندە بەرز هاتوهاوارتان لێ هەڵدەستا، تەنانەت ڕووباری "تایبەر"تان دەهێنایە هەژان و بە درێژاییی کەنارەکانیدا دەنگی دەدایەوە؟ ئێستاش جوانترین جلوبەرگتان کردووەتە بەر و ئەمڕۆتان کردووە بە ڕۆژی پشوودان؟ ڕێگەی قەیسەر گوڵڕێژ دەکەن؟ ئەو قەیسەرەی بەسەر کوڕەکانی "پۆمپی"دا زاڵ بووە؟ بڕۆنەوە بۆ ماڵەکانتان! بڕۆنەوە بۆ ماڵ! بڕۆن لە بەردەم خواوەنددا چۆک بدەن و بپاڕێنەوە، بەڵکو ئەو ئازار و ئەشکەنجەتان لەسەر لابەرێت، کە شایستەی ئێوەیە، چونکە سپڵە و ئەمەک نەناسن.

**فلاڤیۆس**

بڕۆن، هاووڵاتییە بەشەرەفەکان. بڕۆن خۆتان لەو گوناهە پاک بکەنەوە. بڕۆن هەموو خەڵکی هەژاری وەکو خۆتان کۆ بکەنەوە و بیانبەن بۆ کەناری ڕووباری تایبەر. فرمێسکەکانتان بڕێژن بۆ ناو ڕووبارەکە تا ئاو دەگاتە سەر کەنارە بەرزەکانی و دەڕژێ.

(خەڵکەکە دەڕۆنە دەرەوە)

سەیرکە، چۆن ئەم قسانە تەنانەت کاری لە گەوجترین کەسیان کرد! چۆن لەبەر تاوانەکانیاندا دەمکوت بوون و لەبەرچاو نەمان! مارلۆس، تۆ بەم ڕێگەیە بەرەو لای کاپیتۆڵ[١٧] بچۆ، منیش ئەو ڕێگەیەی تر دەگرم. هەر پەیکەرێکی قەیسەرتان بینی بە کاڵای ڕەنگاوڕەنگ ڕازاوەتەوە، دەستبەجێ کاڵاکانیان لەبەر دابکەنە.

**مارلۆس:**

ئاخر خۆت دەزانیت ئەمڕۆ فێستیڤاڵی لوپەرکاڵە[١٨]، دەتوانین

شتی وا بکەین؟

**فلاڤیۆس:**

ئەمە گرینگ نییە. تۆ نەهێڵی هیچ پەیکەرێک بۆ ڕێزلێنان لە قەیسەر بڕازێنرێتەوە. من دەچم ئەو خەڵکە ساویلکە و ساکارە لە شەقامەکانی ڕۆما بڵاوە پێ دەکەم. تۆش هەروا بکە. لە هەر شوێنێک چاوت بە ئاپۆڕەیێ بکەوێ پەرتەیان پێ بکە. ئەگەر ئەو ریشاڵە درێژانەی باڵی قەیسەر هەڵپاچین، ئیتر ناتوانێ لە سنووری ئاسایی زیاتر بفڕێ، ئەگینا باڵی بەسەرماندا دەکێشێ و ئێمەیش لەناو ترس و کۆیلایەتیدا دەتلێینەوە.

## دیمەنی دووەم

(مۆسیقا. قەیسەر دێتە ژوورەوە. دوای ئەویش، ئەنتۆنی دەردەکەوێ. جلوبەرگی تایبەتی بۆ غارغارێن لەبەر کردووە. ئینجا کاڵپۆرنیا و پۆرشیا و دیشیەس و سیسرۆ و برۆتەس و کاشیەس لەگەڵ کاسکا دێنە ژوورەوە. خەڵکێکی زۆریشیان بە دواوەیە. لەناو خەڵکەکەشدا "پێشبینیکەرێک" هەیە)

**قەیسەر:**

کاڵپۆرنیا!

**کاسکا:**

بێدەنگ بن، قەیسەر قسە دەکات.

(مۆسیقا دەوەستێت)

**قەیسەر:**

کاڵپۆرنیا!



**کاڵپۆرنیا:**

بەڵێ، گەورەم.

**قەیسەر:**

ئاگەدار بە، کە ئەنتۆنی لەو پێشبڕکێیە رادەکات، تۆ یەکسەر لەسەر رێگەی بوەستە. ئەنتۆنیۆس.

**ئەنتۆنی:**

بەڵێ، گەورەم.

**قەیسەر:**

لە بیری نەکەیت، کە لە غارغارێنەکە دەگەیتە لای کاڵپۆرنیا، دەستت پێی بکەوێ، چونکە باپیرانمان گوتوویانە، ئەگەر هەر یەکێک لە بەشداربووانی ئەو غارغارێنە پیرۆزەدا دەستی بە ئافرەتێکی نەزۆک بکەوێ، ئەوا نەزۆکییەکە بەری دەدا.

(مۆسیقا)

**ئەنتۆنی:**

گەورەم، لە بیری ناکەم. هەر کە قەیسەر دەفەرمووێ: بەرد نەرم بێ، دەبێ نەرم بێ[١٩].

**قەیسەر:**

کەواتە بەردەوام بە و هیچ خاڵێک لە نەریتی ئەم ئاهەنگەدا لە یاد نەکەیت.

(مۆسیقا)

**پێشبینیکەر:**

قەیسەر!

**قەیسەر:**

بەڵێ، ئەوە کێیە بانگم دەکات؟

**کاسکا:**

ئەو غەڵبەغەڵبە ببڕنەوە. بێدەنگ بن.

(مۆسیقا دەوەستێ)

**قەیسەر:**

ئەوە کێیە لەناو ئەو حەشاماتەدا بانگم دەکات؟ گوێم لە دەنگێکی بەرزترە لە دەنگی ئەو مۆسیقایە. هاوار دەکات "قەیسەر". قسە بکە، قەیسەر گوێی بۆ راگرتوویت.

**پێشبینیکەر:**

لە رۆژی پازدەی ئادار ئاگەداری خۆت بە.

**قەیسەر:**

ئەو کابرایە کێیە؟

**برۆتەس:**

پێشبینیکەرێکە، داواتان لێ دەکات لە رۆژی پازدەی ئادار ئاگەداری خۆتان بن.

**قەیسەر:**

بیهێننە بەردەمم، با ببینم.

**کاشیەس:**

وەرە برادەر، لەناو حەشاماتەکە وەرە دەرەوە،. ئەوەتانێ قەیسەر.

(پێشبینیکەرەکە لە قەیسەر نزیک دەبێتەوە)



**قەیسەر:**

دەبڵێ بزانم، چ قسەیەکت هەیە پێم بڵێی؟ دووبارەی بکەرەوە.

**پێشبینکەر:**

دەڵێم لە رۆژی پازدەی ئادار ئاگەداری خۆت بە.

**قەیسەر:**

ئەمە وڕێنە دەکات. لێی گەڕێن با بڕوات. بڕۆ دەی.

(دەنگی تەپڵ و کەڕەنا)

(هەموو دەچنە دەرەوە تەنیا کاشیەس و برۆتەس نەبێ)

**کاشیەس:**

حەز دەکەی بچیت سەیری ڕێوڕەسمی ئەم غارغارێنە بکەیت؟

**برۆتەس:**

نەخێر.

**کاشیەس:**

توخوا وەرە.

**برۆتەس:**

من حەز لە یاری و وەرزش ناکەم. ئەو خولیا و ئارەزووەی، کە ئەنتۆنی هەیەتی، من نیمە. بەڵام تۆ خۆت بە من نەبەستیتەوە. من بەجێت دێڵم.

**کاشیەس:**

برۆتەس، لەو ماوەیەی دواییدا، کە سەرنجی هەڵسوکەتەکانی تۆ دەدەم، ئەو خۆشەویستی و دۆستایەتییە نەرمەی جارانت لە چاوەکاندا ناخوێنمەوە، کە لێی ڕاهاتبووم. لە ئاستی مندا

سەرکێش و توندوتیژ بوویت، لە کاتێکدا من هاوڕێی تۆم و تۆم خۆش دەوێ.

**برۆتەس:**

نا، کاشیەس، بە هەڵادا مەچۆ. ئەگەر ڕووم هیچت بۆ نەبرێت، هەر لەبەرئەوەیە، کە کێشەو نارەحەتییەکانم دەخەمە ژوورەوە. لەم دواییەدا لە دەروونەوە بەدەم ئازاری ململانێی چەند لێکدانەوەیەکی تایبەت دەتلێمەوە، کە لە ڕەفتارم ڕەنگ دەدەنەوە، بەڵام نابێ دۆست و هاوڕێکانم بەمە نارەحەت بن، لەناو هەمووشیاندا تۆ، کاشیەس. با هاوڕێکانم بزانن، کە برۆتەسی داماو لەناو خۆیدا لە ململانێ دایە. بۆیە لە ئاستی هاوڕێکانیدا کەمتەرخەمە و بیری دەچێ سۆز و خۆشەویستییان بۆ دەربڕێ.

**کاشیەس:**

کەواتە، برۆتەس، من بە هەڵە لە کزیی و داماویی تۆ گەیشتبووم. هەر بۆیەش زۆر بیر و بۆچوونی گرینگم لە دڵدا لە تۆ شاردووەتەوە، کە شایستەی بەسەرکردنەوە و بیرلێکردنەوەن. پێم بڵێ، برۆتەس تۆ دەتوانیت دەموچاوی خۆت ببینیت؟

**برۆتەس:**

نەخێر، کاشیەس، چونکە چاو ناتوانێ خۆی ببینێ ئەگەر لە شتێکی تردا تیشک نەداتەوە.

**کاشیەس:**

ڕاستە. بەڵام ئەوەی جێگەی داخە، برۆتەس، تۆ ئەو ئاوێنەیەت



نییە، کە بتوانێ پلە و پایەی بەرز و شاراوەت پێشان بدا. من بیستوومە زۆر لە پیاوماقووڵانی ڕۆما – تەنیا قەیسەر مەزن نەبێ – باسی تۆ دەکەن. هەروەها لەبەر ستەم و زۆرداری ئەم سەردەمە دەناڵێنن و بە ئاواتەوەن، کە برۆتەس شتەکان روونتر ببینێ.

**برۆتەس:**

کاشیەس، تۆ بە نیازیت من بەرەو چ مەبەستێکی پڕ مەترسی بەریت، کە دەتەوێ لە خۆم ورد ببمەوە و بەدوای ئەو شتانەدا بگەڕێم، کە لە مندا نین؟

**کاشیەس:**

کەواتە برۆتەسی نەبەرد، گوێم بۆ شل بکە با پێت بڵێم. لەبەرئەوەی تۆ ناتوانیت ناخی خۆت لە ئاوێنەدا ببینیت وەکو چۆن سەروسیمای خۆت بەدی دەکەیت، با من بەڕێزەوە ببمە ئەو ئاوێنەیەی، کە دیوی ناوەوەت دەردەخات و تۆ تا ئێستا هیچی لەبارەوە نازانیت. برۆتەسی نەبەرد: گومان لە من مەکە. ئەگەر پیاوێکی گاڵتەگێڕ بم یان هیچ نرخێک بۆ ئەو خۆشەویستی و دۆستایەتییە دانەنێم، کە بۆ تۆم هەیە و بەڵێنی هاوڕێیەتی بەهەموو کەسێک بدەم، یان ئەگەر منت بینیبێت مەرایی لەبەر گەورەپیاوان بکەم و بە توندی باوەشیان پێدا بکەم، پاشان بوختانیان بۆ هەڵبەستم یاخۆ ئەگەر بیستبێتت لە کۆڕ و ئاهەنگەکاندا خۆم لە خەڵکی هەرچی و پەرچی نزیک کردبێتەوە، ئەو کاتە هەقت هەیە گومانم لێ بکەیت.

(لە دەرەوە دەنگی تەپڵ و کەڕەنا و پاشان غەڵبەغەڵب دەبیسرێت)

**برۆتەس:**

ئەو غەڵبەغەڵبە چییە؟ بەڕاستی دەترسم خەڵکەکە قەیسەر بە پاشا هەڵبژێرن.

**کاشیەس:**

چی؟ دەترسیت؟ کەواتە لەوانەیە حەز نەکەیت ئەو هەڵبژێرن.

**برۆتەس:**

نەخێر، کاشیەس. حەز ناکەم، ئەگەرچی قەیسەرم زۆر خۆش دەوێ. بەڵام پێم ناڵێی تۆ بۆ ئەوەندە منت ڕاگرت؟ دەتەوێ چیم پێ بڵێی؟ ئەگەر مەسەلەکە بۆ خێر و خۆشیە خەڵک بێ، منیش چاوم دەبڕمە ئەمە. تەنانەت ئەگەر نرخەکەی مەرگی خۆیشم بێت گوێی پێ نادەم، چونکە ئەگەر خواوەندەکان پشت و پەنام بن ئەوەندە حەز لە سەربەرزی و شکۆمەندی دەکەم، کە هیچ باکم بە مردن نییە.

**کاشیەس:**

دەزانم، برۆتەس. هەروەک چۆن ئاشنای شێوەی دەموچاوی تۆم، ئاوا دەزانم ئەو رەوشتە بەرزەت هەیە. منیش هەر مەبەستم شکۆمەندیی و سەربەرزییە. نازانم تۆ و خەڵکی تر چۆن سەیری ئەم ژیانە دەکەن. من بەشبەحاڵی خۆم مردنم لا باشترە لەوەی، کە بە درێژاییی ژیانم لە یەکێک بترسم وەکو خۆم بەشەرە. ئاخر منیش وەکو قەیسەر بە سەربەستی لەدایک بوومە. تۆش هەروا. وەکو ئەو دەخۆین و ژیان بەسەر دەبەین. وەکو ئەو بەرگەی سەرماوسۆڵی زستان دەگرین. بیرمە ڕۆژێکیان رەشەبا بوو. دنیا زۆر سارد بوو. ئاوی رووباری



تایبەر بەرز دەبووەوە و شەپۆڵەکانی بەگوڕ دەکوتایە لێوارەکانییەوە. قەیسەر پێی گوتم: کاشیەس زات دەکەیت لەگەڵ من خۆت هەڵدەیتە ناو ئەم رووبارە تووڕە و سەرشێتە، بە مەلە تا ئەو شوێنەی ئەولا بچین؟ بە شەرەفم هەر بە جلوبەرگی بەرمەوە گورج خۆم هەڵدایە ناو رووبارەکە و داواشم لە قەیسەر کرد خۆی هەڵداتە ناو ئاوەکە. مرۆڤ راست بڵێت، ئەویش خۆی هەڵدایە ناو ئاوەکە. شڵپ و هۆڕی شەپۆڵەکان گوێی کەڕی کاس دەکرد. ئێمەش بە هێزی ماسوولکەکانمان درمان بە ئاوەکە دەدا و بەملا و بەولای خۆماندا بڵاومان دەکردەوە. بە دڵێکی قایم و ویستێکی پۆڵایینەوە بەرەنگاری سەختیی رووبارەکە بووینەوە. بەڵام پێش ئەوەی بگەینە شوێنی دیاریکراو، قەیسەر هاواری کرد: "کاشیەس، بگەرە فریام ئەگینا دەخنکێم" منیش چۆن "ئیناس"ی باپیرەگەورەمان لە شاری تەروادە "ئەنکیز"ی باوکی لە پشت کرد و لەناو ئاگر هێنایە دەرێ[٢٠]، ئاوا قەیسەرم کردە کۆڵ و لە شەپۆڵە خنکێنەرەکانی تایبەر رزگارم کرد. ئێستاش هەر ئەو قەیسەرەیە لێمان بووەتە خواوەند و کاشیەسیش هەر ئەو مرۆڤە کلۆڵەیە، کە بە سەرلەقاندنێکی بێ بایەخی ئەو، دەبێ لە بەردەمیدا بچەمێتەوە و کڕنۆشی بۆ ببات. جارێک لە ئیسپانیا تووشی گرانەتا هات. هەر کە مچوورکی ژان دایدەگرت، دەمبینی چۆن هەموو گیانی دەلەرزی. چۆن ئەو بەناو خواوەندە چۆقە چۆق دەلەرزێ. لە ترسانا لێوەکانی تەتەڵەیان دەکرد و رەنگیان لەبەر نەدەما. چاوەکانی - ئەو چاوانەی، کە بە

تێرامانێک دنیایان دەخستە ترس و لەرزەوە – ترووسکاییان تێدا نەمابوو. گوێم لێ بوو دەنووزایەوە. هەر بەو زمانەیشەوە – ئەو زمانەی، کە هەرچییەکی بەسەردا دەهات، رۆمانییەکان گورج وەکو ئەڵقە لە گوێیان دەکرد – هەر بەو زمانە، وەکو ژنێکی نەخۆش، بەدەنگێکی کز و مردەلۆکەوە دەیگوت: "ئاو... تیتینۆس... چۆرێک ئاوم بدەرێ" ئەی خوای ئاسمانان، زۆر سەیرە پیاوێکی ئاوا لاواز و بێ ورە بگاتە لووتکەی گەورەیی و بە تەنیا لافی سەرکەوتن بەسەر ئەم دنیا فراوانەدا لێ بدا.

(دەنگی تەپڵ و غەڵبەغەڵب دێت)

**برۆتەس:**

دیسان خەڵکەکە کردیانەوە بە هەراوهۆریا. وا بزانم ئەم چەپڵەکوتانە بۆ ئەوەیە پلە و پایەیەکی زیاتر بدەن بە قەیسەر.

**کاشیەس:**

جا ئەمەی پێ دەوێ! ئەی ئەوە نییە وەکو پەیکەرێکی زەبەللاح[۲۱] هەردوو قاچەکانی بەملا و بەولادا کردووەتەوە و ئێمەی کۆیلە و ژێردەستیش لەژێر ئەو لوولاقە گەورانەی ئەودا وەکو بەندە بە سەرشۆڕییەوە چاوەڕوانی مەرگ دەکەین. مرۆڤ هەندێ کات خۆی بریاری چارەنووسی خۆی دەدا. برۆتەسی ئازیز، گوناهی ئەستێرەکان نییە کە ژێردەستەین، بگرە خەتاکە هیی خۆمانە[۲۲]."برۆتەس" و "قەیسەر"، ئاخر چ تایبەتمەندێتییەک لە "قەیسەر"دا هەیە؟ بۆ دەبێ ناوی ئەو لە ناوی تۆ ناسراوتر بێ؟ دە تۆ هەردوو ناوەکە بنووسە، خۆ هیی تۆش وەکو هیی ئەو جوان و خۆشە. بیانڵێ، هیی تۆش وەکو



هیی ئەو لەسەر زار شیرینە. بیانکێشە، هاوسەنگن. بیانکە بە نووشتە، هیی تۆش خێو و تارمایی کۆ دەکاتەوە. پێم ناڵێی قەیسەر چ خۆراکێک دەخوات، کە ئاوا گەورە و دەسرۆی بکا؟ حەیف و مەخابن بۆ رۆژگاری ئێستامان. ئەی رۆما، تۆ توانای پەیداکردنی کەڵەمێردانت لەدەست داوە. هەر لە لافاوە مەزنەکەڕا تاوەکو ئێستا، کەی ناوبانگی سەردەمێک بەهۆی زیاتر لە کەسێکەوە نەبووە؟ ئەوانەی باسی رۆمایان کردووە، کەی ئێستا دەتوانن بڵێن: لەو رۆما پان و بەرینەدا تەنیا یەک کەس گرینگە و هیچی تر؟ رۆما بووەتە ژوورێک بۆ تەنیا یەک کەس. من و تۆ لە باپیرانمان بیستوومانە، کە لە کاتی خۆیا "برۆتەس" ناوێک هەبوو بەرەنگاری شەیتان بووەتەوە بۆ ئەوەی وەکو پاشا خۆی بچەسپێنێ.

**برۆتەس:**

گومانم لە وەفاداری و دڵسۆزی تۆ نییە. دەزانم مەبەستت چییە من بیکەم. پاشان بیروڕا و هەڵوێستی خۆمت لەبارەی هەلومەرجی ئێستا پێ دەڵێم. بەڵام لەم چرکە ساتەدا پێت ناڵێم. بۆیە تکات لێ دەکەم چیی تر هانم مەدە. هەرچی تۆ گوتت، من بیری لێ دەکەمەوە. هەر قسەیەکی تریشت هەیە، من بەپەرۆشەوە گوێت بۆ شل دەکەم. هەر کاتێکیش هەڵمان بۆ برەخسێت، چاومان بەیەکتر دەکەوێتەوە بۆ ئەوەی ئەو مەسەلە گرینگانە تاوتوێ بکەین. تا ئەو کاتە، هاوڕێی دڵسۆزم، بیر لە یەک شت بکەرەوە: برۆتەس لای باشترە ببێتە گوندییەک نەک رۆمانییەک لەژێر ئەو هەلومەرجە سەختەی، کە خەریکە بەسەرماندا دەسەپێت.

**کاشیەس:**

دڵخۆشم، کە وشە کرچوکاڵەکانم بەم جۆرە جۆش و خرۆشیان خستە دەروونی برۆتەسەوە.

**برۆتەس:**

دیارە غارغارێنەکە تەواو بوو. قەیسەریش وا گەڕایەوە.

**کاشیەس:**

کە لێرەوە رەت دەبێ، قۆڵی کاسکا راکێشە. هەر بەڕووە گرژەکەیەوە، هەرچی شتێکی گرینگ، کە ئەمرۆ ڕووی دابێت، بۆت باس دەکات.

(قەیسەر و دەستوپێوەندەکانی دێنە ژوورەوە)

**برۆتەس:**

باشە، وا دەکەم. بەڵام کاشیەس، سەیرکە دەموچاوی قەیسەر چۆن لە تووڕەییدا سوور هەڵگەڕاوە. دارودەستەکەیشی هەر دەڵێی سەرزەنشت کراون. رەنگ و رووی کاڵپۆرنیا زەرد هەڵگەڕاوە. چاوەکانی سیسرۆ ئاگریان لێ دەبارێ، وەک ئەو رۆژە وایە، کە نوێنەرەکان لە کاپیتۆل لەگەڵیدا کەوتنە مشتومڕ.

(کە قەیسەر و ئەنتۆنی قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن، برۆتەس قۆڵی کاسکا رادەکێشێ)

**کاشیەس:**

ئێستا کاسکا هەموو شتێکمان پێ دەڵێ.

**قەیسەر:**

ئەنتۆنیۆس!



**ئەنتۆنی:**

بەڵێ جەنابی قەیسەر.

**قەیسەر:**

(بەلاوە، تەنیا بۆ ئەنتۆنی)

با چەند پیاوێکی قەڵەو و قژلووس، لەوانەی، کە بەشەو دەخەون، بێن بۆ دەوروبەرم. کاشیەس مرۆڤێکی بێ کەڵک و چاوچنۆکە. زۆر بیر دەکاتەوە. ئەو جۆرە پیاوانە جێگەی مەترسین.

**ئەنتۆنی:**

(بەلاوە، تەنیا بۆ قەیسەر)

ترست لە کاشیەس نەبێ، جەنابی قەیسەر. کاشیەس جێگەی مەترسی نییە. رۆمانییەکی جوامێر و نیازپاکە.

**قەیسەر:**

(بەلاوە، بۆ ئەنتۆنی)

خۆزگە نەختێک قەڵەوتر بووایە. خۆ لێی ناترسم، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر کەسێک هەبێ، من لێی بترسم، ئەوا کاشیەس یەکەم کەس دەبوو، کە من خۆمی لێ بپارێزم. زۆر وردبینە. لە هەموو کار و کردەوەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە. وەکو تۆ ئەوەندە خولیای گاڵتەوگەپ و رابواردن نییە. گوێ لە مۆسیقا ناگرێ. زۆر کەم پێ دەکەنێ. پێکەنینەکەیشی بەشێوەیەکە، هەر دەڵێی گاڵتە بە خۆی دەکات و رقی لە خۆی دەبێتەوە، چونکە پێ دەکەنێت. مرۆڤی ئاوا هەر کاتێک یەکێکی پایەبەرزتر لە خۆیان

ببين، بەهيچ شێوەيەک کپ نابنەوە. هەر بۆيە زۆر جێگەی مەترسين. من هەر ئەو شتانەم بۆ خستە ڕوو، کە جێگەی مەترسين نەک ئەوەی، کە من لێی دەترسم، چونکە، دوا جار، من هەر قەيسەرم، قەيسەر! دە هەستە وەرە لای راستم. گوێچکەی چەپم گرانە. بە ڕاستی پێم بڵێ، رات چييە بەرامبەر بە کاشيەس؟

(دەنگی تەپڵ و کەڕەنا. قەيسەر دەچێتە دەرەوە و دارودەستەکەيشی بە دوايدا دەڕۆنە دەرەوە، تەنيا کاسکا نەبێ)

**کاسکا:**

(بۆ برۆتەس)

قۆڵی رۆبەکەمت راکێشا، دەتەوێ قسەم لەگەڵ بکەيت؟

**برۆتەس:**

بەڵێ، کاسکا. پێم بڵێ بزانم چی ڕووی داوە؟ قەيسەر بۆ وا پەست بووە؟

**کاسکا:**

بۆ؟ خۆ ئێوەش لەگەڵ قەيسەر بوون، وا نييە؟

**برۆتەس:**

ئەگەر لەگەڵ قەيسەر بام لە تۆم نەدەپرسی.

**کاسکا:**

تاجی پاشايەتيان پێ دا. ئەويش، ئاوەها، بە پشتی دەست رەتی کردەوە. خەڵکەکەش دەستيان بە هوتافلێدان کرد.



**برۆتەس:**

ئەی هاتوهاواری جاری دووەم لەبەر چی بوو؟

**کاسکا:**

هەر لەبەر هەمان شت بوو.

**کاشيەس:**

بەڵام سێ جار بوو. ئەی جاری دوايی لەبەر چی بوو؟

**کاسکا:**

ئەويش هەر لەبەر هەمان هۆ بوو.

**برۆتەس:**

يانی سێ جار تاجييان پێ دا؟

**کاسکا:**

بەڵێ. سێ جار پێی درا، هەر سێ جاريش رەتی کردەوە. هەر جارەی هێمنتر لە جاری پێشوو. لەگەڵ هەر رەتکردنەوەيەکيشدا، خەڵکەکە دەيانکردە هوتافلێدان و غەڵبەغەڵب.

**کاشيەس:**

کێ تاجەکەی پێ دا؟

**کاسکا:**

مارک ئەنتۆنی.

**برۆتەس:**

دە باشە کاسکا گيان، پێمان بڵێ مەسەلەکە چۆن بوو؟

**کاسکا:**

مردنم لا باشترە لەوەی باسی تاج پێدانەکەی قەيسەرت بۆ

بکەم. کارێکی گەوجانەی پڕوپووچ بوو. بایەخم پێ نەدا. مارک ئەنتۆنی تاجەکەی پێشکێش کرد. لە راستیدا تاج نەبوو، بگرە دەستەگوڵێک بوو. وەکو گوتم، ئەویش رەتی کردەوە، بەڵام پێم وایە زۆر حەزی دەکرد وەری بگرێ. کە جاری دووەمیش پێی درا، دیسان رەتی کردەوە، بەڵام دیار بوو بە نادڵییەوە پەنجەکانی لێ دەکێشایەوە. کە جاری سێیەمیش پێی درا، هەر وەری نەگرت. خەڵکە ساویلکەکەش هاواریان دەکرد و بە دەست و پەنجە شەق بووەکانیانەوە کردیان بە چەپڵەکوتان و کاسکێتە چڵکنەکانیان هەڵدایە ئاسمان. گوایە قەیسەر تاجی رەت کردووەتەوە. هالاوی هەناسەیان هێندە پیس بوو، قەیسەر خەریک بوو بخنکێ، چونکە بوورایەوە و کەوتە خوارەوە. من نەوێرام پێ بکەنم، نەوەک زارم بکەمەوە و ئەو هالاوە هەڵمژم.

**کاشیەس:**

بەڵام تۆ کەمێک بوەستە. تکات لێ دەکەم. قەیسەر بە ڕاستی بوورایەوە؟

**کاسکا:**

لە گۆڕەپانەکەدا کەوتە خوارەوە. دەمی کەفی کرد و متەقی لێ برا.

**برۆتەس:**

ئەمە شتێکی چاوەڕوانکراوە، چونکە تووشی پەرکەم هاتووە.

**کاشیەس:**

نەخێر، قەیسەر تووشی پەرکەم نەهاتووە، بگرە من و تۆ و جەنابی کاسکا تووشی پەرکەم هاتووین.



**کاسکا:**

نازانم مەبەستت چییە، بەڵام دڵنیام کە قەیسەر کەوتە خوارەوە و بێ هۆش بوو. ئەگەر ئەو خەڵکە سادەیەش، وەکو چۆن راهاتوون بەرامبەر بە ئەکتەرەکانی سەر شانۆ دەیکەن، چەپڵەیان نەکوتابێ و فیکەیان لێ نەدابێ بەگوێرەی پەسندکردن یا پەسندنەکردنی قسەکانی قەیسەر، دیارە من پیاوێکی راستگۆ نیم.

**برۆتەس:**

ئەی کە بە ئاگا هاتەوە چی گوت؟

**کاسکا:**

پێش ئەوەی بکەوێتە خوارەوە، کە زانی خەڵکەکە بە تاج رەتکرنەوەکەی چەندە دڵخۆشن، پاڵتۆکەی کردەوە و ملی خستە بەر چەقۆی خەڵکەکە. فەرمووی لێ کردن تا سەری ببڕن. ئەگەر من لە شوێنی هەر یەکێک بام لەناو ئەو خەڵکە، قیرۆسیام لێ دەکرد و یەکسەر قسەکەی خۆیم جێبەجێ دەکرد. ئیتر ئەوە بوو کەوتە خوارەوە. کە بە هۆش هاتەوە، تکای لە خەڵکەکە کرد ئەگەر هەر قسەیەکی خراپ یا رەفتارێکی ناشیرینی کردبێت، بیبەخشن چونکە لەبەر بێتاقەتی و نەخۆشییەوە بووە. گوێم لێ بوو سێ چوار ئافرەت، کە لە نزیک منەوە وەستا بوون، پڕ بەدڵ دەیانگوت: وای لەو زاتە پاک و بەرزە! لە دڵەوە لێیان بووری. بەڵام مرۆڤ پێویست ناکات خەم لەمانە بخوات، چونکە ئەگەر قەیسەر دایکیانیشی بەر خەنجەر بدایە، هەر لێیان دەبووری.

**برۆتەس:**

کەواتە لەبەرئەوە بوو بەدڵتەنگییەوە گەڕایەوە؟

**کاسکا:**

بەڵێ.

**کاشیەس:**

سیسرۆ هیچی نەگوت؟

**کاسکا:**

بەڵێ. هەندێک قسەی بە گریکی کرد[٢٣].

**کاشیەس:**

باسی چی کرد؟

**کاسکا:**

ئەگەر پێت بڵێم باسی چی کرد، رووم نابێت جارێکی تر سەیرتان بکەم. بەڵام ئەوانەی باش لێی تێ گەیشتن، سەیری یەکتریان دەکرد و بە زەردەوە سەریان بۆ دەلەقاند. بەهەرحاڵ، بۆ من قسەکانی ئەو، گریکی بوو[٢٤]. هەواڵی تریشم لایە پێتان بڵێم: مارلۆس و فلاڤیەس دەسگیر کران، چونکە کاڵای بەر پەیکەرەکانی قەیسەریان داکەندووە و دڕاندوویانە. ماڵئاوا، هێشتا کردەوەی دەبەنگانە زۆر ماوە ئەگەر بێنەوە یادم.

**کاشیەس:**

کاسکا، حەز دەکەیت ئەم ئێوارەیە بە یەکەوە نان بخۆین؟

**کاسکا:**

نەخێر، بەڵێنم داوە بچمە دەرەوە.



**کاشیەس:**

کەواتە بەیانی نانی نیوەڕۆ بەیەکەوە دەخۆین.

**کاسکا:**

باشە، بە مەرجێ مردنی تێدا نەبێ و تۆش لەسەر قسەکەی خۆت بمێنیت و خواردنەکەش چەور و بەتام بێ.

**کاشیەس:**

کەواتە من چاوەڕوانت دەکەم.

**کاسکا:**

باشە، خواتان لەگەڵ.

(دەچێتە دەرەوە)

**برۆتەس:**

ئەو "کاسکا"یە زۆر قسەلەڕووە. جاران، کە قوتابیش بوو زۆر وریا و زیرەک بوو.

**کاشیەس:**

ئێستاش بۆ جێبەجێکردنی هەر ئەرک و فرمانێکی جوان و بەجێ هەروا گورجوگۆڵە، ئەگەرچی خۆی سست و خاو پێشان دەدات. قسە رەقەکانیشی وەکو بەهارات وایە بۆ زیرەکی و لێهاتوویی. وا لە مرۆڤ دەکەن زیاتر حەز بکا گوێی بۆ بگرێ.

**برۆتەس:**

راست دەکەیت، ئاوایە. بەهەرحاڵ، ئێستا من دەڕۆم. ئەگەر حەز دەکەیت، بەیانی قسەم بۆ بکە. من دێمە لات یان تۆ وەرە لام. من چاوەڕوانت دەکەم.

**کاشیەس:**

باشە، وا دەکەم. تا ئەو کاتەش بیرێک لەم دنیایە بکەرەوە.

(برۆتەس دەچێتە دەرەوە)

(کاشیەس لەبەر خۆیەوە)

ئای برۆتەس، تۆ پیاوێکی پایەبەرز و شکۆمەندیت، لەگەڵ ئەوەشدا، وەکو دەبینم، دوور نییە ئەم پایەبەرزیی و شکۆمەندییەت لە ئاقاری سروشتی خۆی لابدات. ئەمەیش ئەوە دەردەخات، کە پیاوی نەجیبزادە و لێهاتوو پێویستە هەردەم یاوەری هاوشانی خۆی بێت. ئاخر کێ هەیە ئەوەندە بە ویست و خۆڕاگر بێ و فریو نەدرێت؟ قەیسەر رقی لە منە و برۆتەسیشی خۆش دەوێ. ئەگەر من لە جێگەی برۆتەس بام و ئەویش لە شوێنی من با، نەیدەتوانی کارم تێ بکا. ئەمشەو چەند نامەیەک لە پەنجەرەکەوە فڕێ دەدەمە ناو ژوورەکەی برۆتەس، کە بە دەسخەتی جیا جیا نووسرابن بۆ ئەوەی وا تێ بگات، کە لەلایەن چەند هاوولاتییەکی جیا جیا بۆی هاتوون. هەموو نامەکانیش باسی ئەوە بکەن، کە ناوی برۆتەس مایەی سەرفرازیی و شانازیی رۆمانییەکانە. ئاماژەش بەوە بدەن، کە قەیسەر زۆر چاوی بڕیوەتە تەخت و تاج. دوای ئەمە با قەیسەر بە ئاسوودەیی لەسەر تەختەکەی دابنیشێ، چونکە ئێمە یا تەخت و تاجی دەڕووخێنین یا ئەوەتا تووشی رۆژگارێکی تاڵتر دەبین.

(دەڕواتە دەرەوە)



## دیمەنی سێیەم

(شەقامێک لە رۆما. شەوە. هەورەتریشقەیە)

(کاسکا و سیسرۆ رووبەڕووی یەکتر دێن. کاسکا شەمشێرەکەی لە کاڵان دەرهێناوە)

**سیسرۆ:**

ئێوارەت باش، کاسکا. قەیسەرت هەتا ماڵەوە بە ڕێ خست؟ ئەی بۆ وا هەناسەت بڕاوە؟ بۆ وا حەپەساویت؟

**کاسکا:**

سیسرۆ، کاتێ هەموو هێز و دەسەڵاتێکی سەر زەوی وەکو شتێکی لەق دەهەژێ، هیچ کار لە تۆ ناکات؟ من رەشەبای تووڕەم بینیوە، پیرە داربەڕووی لە رەگەوە هەڵتەکاندووە. دەریام بینیوە خۆی پف داوە. هەڵچووە. کەفی کردووە، وەک بیەوێ بەرەو هەور و هەڵای خرۆشاوی ئاسمان بەرز بێتەوە. بەڵام تا ئێستا نەمبینیوە با و باهۆز گڕ ببارێنن. بە رای من یا ئەوەتا دووبەرەکی و ئاژاوە ئاسمانییان داگرتووە یا ئەم دنیایە لە خواوەندەکان هەڵگەڕاوەتەوە. ئەمەیش ئەوانی تووڕە کردووە. بۆیە وێرانکارییان بەسەردا دەبارێنێ.

**سیسرۆ:**

چی؟ ئەی هیچی ترت نەبینی لەمانە سەیرتر بێ؟

**کاسکا:**

بەندەیەکی ئاساییم بینی، ئەگەر بیبینیت، تۆش دەیناسیت. دەستی چەپی بەرز کردبووەوە. ئاگری تێ بەربووبوو. ئەوەندەی

بیست چرا گڕی هەبوو. لەگەڵ ئەمەشدا نە هەستی بە ئاگرەکە کرد و نە دەستیشی سووتا! بێجگە لەمەش، دوای بینینی ئەم دیمەنە، هێشتا شمشێرەکەم نەخستبووەوە کالان، لە تەنیشت کاپیتۆڵ تووشی نەڕەشێرێک هاتم، هەر لێم موڕ دەبووەوە. بە گرژییەوە بە لامدا تێپەڕی بێ ئەوەی ئازارم بدا! نزیکەی سەد ژنیشم بینی کۆ بووبوونەوە و سەریان بە یەکەوە نابوو. لە ترسا زەرد هەڵگەڕابوون. سوێندیان دەخوارد، کە چەند کەسێکیان بینیوە گشت گیانیان ئاگر بووە. بە ئەمسەر و ئەوسەری شەقامەکاندا دەهاتن و دەچوون. هەر دوێنێش بایەقووشێکم بینی، ئەو باڵندەیەی گوایە هەر بەشەو دەردەکەوێ، بە نوێژی نیوەڕۆ لە چەقی بازاڕدا دەیقیژاند! ئینجا ئەگەر ئەم هەموو دیاردانە لە یەک کاتدا دەرکەون، کەس دەتوانێ بڵێ: ئەمانە دیاردەی ئاسایین و هۆکاری سروشتیی خۆیان هەیە؟ بە رای من هەمووی نیشانەی شووم و نەگبەتییە، کە روو لە وڵاتەکەمان دەکەن.

**سیسرۆ:**

بەڕاستی زەمانێکی سەیرە! خەڵک هەر لە روانگەی تێڕوانینی تایبەتی خۆیانەوە، دوور لە مەبەستی راستەقینەی شتەکان، ئەم شتانە لێک دەدەنەوە. ئەرێ بەیانی قەیسەر دەچێتە کاپیتۆڵ؟

**کاسکا:**

بەڵێ دەچێ، چونکە ئەنتۆنی راسپارد، کە بە تۆ بڵێ ئەو بەیانی دەچێتە کاپیتۆڵ.



**سیسرۆ:**

کەواتە من دەڕۆم، کاسکا. شەوێکی شاد. ئەم ئاسمانە گرژە هی ئەوە نییە مرۆڤ لەژێریدا بسووڕێتەوە.

**کاسکا:**

خوات لەگەڵ، سیسرۆ.

(سیسرۆ دەڕواتە دەرەوە)

**کاشیەس:**

"دێتە ژوورەوە"

ئەوە کێیە لەوێ؟

**کاسکا:**

رۆمانییەکە.

**کاشیەس:**

لە دەنگت ڕا دیارە کاسکایت.

**کاسکا:**

ها، کاشیەس. دیارە گوێت زۆر سووکە. ئەرێ ئەمە چ شەوێکە!

**کاشیەس:**

بۆ پیاوی نەبەرد و کەڵەمێرد شەوێکی خۆشە.

**کاسکا:**

کێ تا ئێستا هەڕەشەی ئاسمانی بەم شێوەیە بینیوە؟

**کاشیەس:**

ئەوانەی، کە دەزانن ئەم سەرزەمینە پڕ بووە لە تاوان. من خۆم ئەمسەر و ئەوسەری گشت شەقامەکانم کرد. خۆم دایە بەر ئەو

شەوە سامناکە. وەکو ئێستا، کە دەمبینی، کاسکا، دوگمەکانم کراوەتەوە. هەر بە بەرۆکی کراوەوە خۆم دایە بەر شەستیری ئەم گەواڵە هەورەوە. هەر کە چەخماخەکەش دڕی بە سێرەی ئاسمان دەدا، من سنگی خۆم ڕێک دەکردە نیشانەی تیشکەکانی.

**کاسکا:**

بۆ خۆت دایە بەر مەترسی ئەم شەوە؟ خۆ زۆر ئاساییە مرۆڤ بترسێ، کاتێ خواوەندە بەزەبرەکان لە ڕێگەی ئەم دیاردانە پەیامی تۆقاندن بۆ ترساندنی ئێمە دەنێرن.

**کاشیەس:**

کاسکا، تۆ بێمێشکیت. تۆش وەکو هەر رۆمانییەک هێندە زیرەک و وریا نیت یان زیرەکیی و لێهاتوویی خۆت بەکار ناهێنیت. کە ئەو پشێوییە و نائاسوودەییەی ئاسمان دەبینیت، ڕەنگت هەڵدەبزڕکێ. واقت وڕ دەمێنێ. چاوت دەچێتە ئەبڵەق. لە ترسا ئۆقرەت لەبەر دەبڕێ. بەڵام ئەگەر تۆ بیر لە هۆکاری ڕاستەقینەی ئەمانە بکەیتەوە و بپرسیت، ئەم هەموو ئاگربارانە لە پای چییە؟ ئەم تارماییانە بۆ دەردەکەون؟ بۆ باڵندە و پەڕەوڵەکان لە توخم و سروشتیی خۆیان لادەدەن؟ لەبەرچی پیرەمێردەکان گەوج و دەبەنگ بوونە و منداڵانیش ژیر بوونە؟ بۆچی ئەم هەموو شتانە لە ڕێچکەی ئاساییی خۆیان نەماون و بوونەتە جڕوجانەوەر؟ ئەو کاتە بۆت دەردەکەوێ، کە ئاسمان بۆیە ئەم خێو و درنجانەی لەگەڵ گیانی ئەواندا تێکەڵ کردووە تا بیانکاتە نیشانەی گەف و گوڕ و هەڕەشە بۆ



سەرهەڵدانی بارێکی نائاساییتر. کاسکا، من پیاوێک دەناسم وەکو ئەم شەوە ترسناکە وایە. هەڕەشە و گوڕەشە دەکات. پڕیشک دەپڕژێنێ. گوڕ شەق دەکات. وەکو شێرەکەی کاپیتۆڵ دەنەڕێنێ. پیاوێکە نە لە من و نە لە تۆش بەهێزتر نییە، کەچی زۆر گەورە بووە. وەکو هەڵچوونی ئەم شتانە، سامناکە.

**کاسکا:**

مەبەستت قەیسەرە، وا نییە؟

**کاشیەس:**

گرینگ نییە هەر یەکێک بێ، چونکە رۆمانییەکان، ئەمڕۆ، وەکو باپیرانییان، بەهێز و بازوون، بەڵام حەیف و مەخابن، ئێمە ورە و هەڵوێستی باپیرانمان لەدەست داوە. هەڵوێست و هۆش و بیری دایکمان لەناو دەروونی ئێمەدا زاڵە. وەکو ژن چاومان لە کۆیلەتی و چەوسانەوە دەپۆشین.

**کاسکا:**

قسەکەت ڕاستە. بیستم، کە بەیانی ئەنجوومەنی پیران بڕیار لەسەر چەسپاندنی پاشایەتی قەیسەر دەدا. ئیتر ئەویش دەسەڵاتی خۆی بەسەر دەشت و دەریا، بەسەر هەموو شوێنێ دەچەسپێنێ تەنیا ئیتاڵیا نەبێ.

**کاشیەس:**

ئەو کاتە منیش دەزانم ئەو خەنجەرەم لە کوێ ڕادەکەم[٢٥]. کاشیەس بە دەستی خۆی، خۆی لەو کۆیلەتییە ڕزگار دەکات. بەمەیش خواوەند بێدەسەڵاتان بەهێز دەکات. زۆرداران لەناو دەبات. ئیتر نە قوڵەی بەردین، نە دیواری مسڕێژ، نە زیندانی

تاریک و خنکێنەر، نە کـــۆت و پێـــــوەندی ئاسن ناتوانن بیروباوەڕی پتەو لەق بکەن. کاتێ ژیان، سەبارەت بەم کۆسپ و لەمپەرانە، ناخۆش دەبێ، مرۆڤ دەسەڵاتی هەیە خۆی رزگار بکا. دەبا گشت دنیا وەکو من بزانن، ئەو چەوسانەوە و زۆردارییەی، کە من بەرگەیان دەگرم، هەر کاتێک خۆم بمەوێ، دەتوانم خۆمیان لێ رزگار بکەم.

(گرمەی هەور هەر بەردەوامە)

**کاسکا:**

منیش هەروا. راستی، هەموو کۆیلەیەک دەسەڵاتی ئەوەی هەیە، کە خۆی لە دیلێتی رزگار بکا.

**کاشیەس:**

کەواتە بۆ ماوە بدەین قەیسەر ببێتە زۆردار بەسەرمانەوە؟ بەستەزمان قەیسەر! خۆ ئەگەر رۆمانییەکان وەکو مێگەلی مەڕ نەبوونایە، ئەویش نەیدەتوانێ ببێتە گورگ. ئەگەر رۆمانییەکان وەکو ڕەوە ئاسک نەبوونایە، ئەویش نەدەبووە ئەو نەڕەشێرە. ئەوانەی دەیانەوێ ئاگرێکی گەورە داگیرسێنن، سەرەتا بە دەستەچیلەیەک دەست پێ دەکەن. کاتێ رۆما خزمەتی خواستە بەرزەکانی کەسێکی هیچوپووچی وەکو قەیسەر دەکات، دەبێتە گەندوگوو، دەبێتە زبڵوزاڵ و پاشەڕۆ. بەڵام نا، سەیرکە خەم و خەفەت چ قسەیەکم پێ دەکەن؟ دەبوو ئەم قسانە لەلای یەکێک بکەم، کە بە کۆیلەتی رازی بێ. ئەو کاتە لە قسەکانم بەرپرسیار دەبووم. بەهەرحاڵ، من چەکدارم. باکم بە هیچ مەترسییەک نییە.



**کاسکا:**

مەترسە، تۆ قسەکانت بۆ کاسکا دەکەیت. بۆ پیاوێک، کە لە دووفاقیی و بەدگۆیی دوورە. هیچی تر نەڵێی. دەستت بدە دەستم. ئەگەر یەک بگرین بۆ راستکردنەوەی ئەم بارە نارەوایە، من تا دوا هەنگاو لەگەڵتادا دەبم.

(دەست دەنێنە دەستی یەکتر)

**کاشیەس:**

کەواتە رێک کەوتین. بزانە، کاسکا، من تا ئێستا توانیومە هەندێ لە کەڵەپیاوانی رۆما رازی بکەم تا لە کارێکی پڕ شانازی، بەڵام مەترسیدار، پاڵپشتم بن. دەزانم ئێستا ئەوان لەلای شانۆی پۆمپی چاوەڕوانن، چونکە بەم شەوە سامناکە شەقامەکان چۆڵوهۆڵن. هیچ کەسێک لەسەر شەقامەکان هاتوچوو ناکات. رووی ئاسمانیش، رێک وەکو کارەکەی ئێمە سامناک و خوێناوییە و لە هەڵچوون دایە.

**کاسکا:**

نەختێک لەم پەنایە بوەستە، چونکە یەکێک وا بە پەلە بەرەو ئێرە دێت.

**کاشیەس:**

ئەوە "سینا"یە. هەر لە رۆیشتنەکەیەوە دیارە. ئەویش هاوڕێی خۆمانە.

(سینا دێتە ژوورەوە)

**کاشیەس:**

ها، سینا، خێرە وا بە پەلەیت؟

**سینا:**

بە دوای تۆدا دەگەڕێم. ئەو پیاوە کێیە؟ میتلۆس سیمبەرە؟

**کاشیەس:**

نەخێر، کاسکایە. ئەویش دەیەوێ هاوکاری ئێمە بکا. ئەی برادەران چاوەڕوانی منن؟

**سینا:**

خۆشحاڵم، کە کاسکا هاوکاریمان دەکات. ئەم شەوە چەندە سامناکە! یەک دوو هاوڕێمان شتی زۆر سەیروسەمەرەیان بینیوە.

**کاشیەس:**

تۆ جارێ پێم بڵێ، ئەوان چاوەڕوانی من دەکەن؟

**سینا:**

بەڵێ بەڵێ، چاوەڕوانی تۆ دەکەن. بە ڕاست کاشیەس، خۆزگە بتتوانیبا برۆتەس ڕازی بکەیت بێتە ریزی ئێمەوە...

**کاشیەس:**

خەمت نەبێ سینای بەڕێز، دە تۆ ئێستا ئەم نامەیە لەسەر کورسییەکەی دادپرس دابنێ[٢٦]. نامەکەی تریش هەر لە پەنجەرەوە فڕێ بدەرە ژوورەکەی. کاغەزی سێیەمیش بە شەمێ بە پەیکەرەکەی برۆتەسی باپیرەمان بلکێنە. هەر کاتێک ئەم کارانەت تەواو کرد، یەکسەر وەرە بۆ لای شانۆی پۆمپی. ئێمە لەوێ چاوەڕوانت دەکەین. ئەرێ دیشیەس و تریبینیەسیش لەوێن؟



**سینا:**

گشتیان لەوێن، تەنیا میتلۆس سیمبەر نەبێ. ئەویش بەدوای تۆدا چوو بۆ ماڵی ئێوە. دە باشە، ئەوا من لەسەر قسەی تۆ دەچم ئەو کاغەزانە جێبەجێ دەکەم.

**کاشیەس:**

کە جێبەجێت کردن بڕۆ بۆ لای شانۆی پۆمپی.

(سینا دەڕواتە دەرەوە).

وەرە کاسکا با ئێمەش بچین بۆ ماڵی برۆتەس پێش ئەوەی ڕۆژ بێتەوە. تا ڕادەیەکی زۆر ڕازی بووە. لە چاوپێکەوتنی داهاتوودا بە تەواوی دێتە ڕیزی ئێمە.

**کاسکا:**

برۆتەس شوێنێکی گرینگی لە دڵ و دەروونی خەڵکدا هەیە. ئەگەر برۆتەس پشتگیریی ئێمە بکا، کارەکەمان، تەنانەت ئەگەر لە رواڵەتدا ناپەسند و درندانەش بێ، ئەوا ئەم پشتیگیرییکردنەی ئەو، وەک ئەفسوون، دەیکاتە کارێکی پەسند و بەهادار.

**کاشیەس:**

تۆ زۆر باش بیرت لە بایەخ و لە پێویستیی ئێمە بۆ ئەو کەڵە پیاوە کردووەتەوە. با بڕۆین، چونکە نیوەشەو رابورد. پێویستە، بەر لەوەی ڕۆژ بێتەوە، ئێمە برۆتەس هوشیار بکەینەوە.

## بەشی دووەم

### دیمەنی یەکەم

(رۆما. باخی ماڵی برۆتەس)

**برۆتەس:**

(دێتە ژوورەوە)

لۆشیەس! کورە لۆشیەس! لەوێیت – ئەستێرەکان جێگۆڕ بوون. نازانم چەندی ماوە بۆ بەرەبەیان. کورە لۆشیەس! دەڵێم... خۆزگە منیش ئەو کێشەیەم هەبووایە، وەکو تۆ لە پرخەی خەودا بام... لۆشیەس، کەی بە ئاگا دێی؟ دەڵێم لە خەو هەڵسە، لۆشیەس.

**لۆشیەس:**

(دێتە ژوورەوە)

بەڵێ، گەورەم. بانگی منت کرد؟

**برۆتەس:**

برۆ چراکەم لە ژووری خوێندنەوەکەم بۆ داگیرسێنە. کەی دات گیرساند، وەرەوە پێم بڵێ.

**لۆشیەس:**

هەر ئێستا دەچم، گەورەم.

(دەچێتە دەرەوە)



**برۆتەس:**

"هیچ رێگەچارەیەک نییە. هەر دەبێ لەناو بچێ. من خۆم هیچ هۆکارێکی کەسێنیم نییە تا رقم لە قەیسەر بێتەوە، بەڵام خێر و خۆشیی گەل وا دەخوازێ. دەیەوێ تاجی پاشایەتی لەسەر بنێ! ئاخۆ ئەو تاجە تا چ ڕادەیەک سروشتی ئەو دەگۆڕێ. کێشەکە لێرەدایە. ماری ژەهراوی لە خۆرەتاوێکی گەرمدا لە کون دێتە دەرەوە. بۆیە پێویستە مرۆڤ لە رۆیشتندا زۆر ئاگەداری خۆی بێ. ئەگەر ئێمە تاجی پاشایەتی پێ بدەین، پێویستە دان بەوەدا بنێین، کە دەسەڵاتی ئەوەی پێ دەدەین، هەر کاتێک بیەوێ بۆ ئازاردانی ئێمە بەکاری بێنێ. دەسەڵات ئەو کاتە هەڵەی تێدا دەکەوێ، کە بەزەیی تێدا نامێنێ. راستی، من هەرگیز نەمزانیوە قەیسەر چووبێتە ژێر باری هەست و سۆز زیاتر لە ئەقڵ و بیرکردنەوەی بەجێ. دیارە شتێکی ئاشکرایە، ئەو گەنجەی چاوی لە تەخت و تاج ببڕێت و دەسەڵاتخواز بێ، گوێڕایەڵی و بێفیزیی دەکات بە پایە بۆ سەرکەوتن. بەڵام کاتێ دەگاتە ترۆپکی دەسەڵات، لووتبەرز و لەخۆبایی دەبێ. تەنانەت پشت لەو کەسانەش دەکات، کە پشتگیرییان کردووە و بە چاوی نزمەوە سەیریان دەکات. دوور نییە قەیسەریش هەر وا بکا. بۆیە، بۆ ئەوەی وا نەکات، پێویستە رێگەی لێ بگرین. بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە رووبەرووی رەفتاری ئێستای قەیسەر نابینەوە، بگرە رووبەرووی هەڵسوکەوتی داهاتووی دەبینەوە، با مەسەلەکە ئاوا لێک بدەینەوە: ئەگەر دەسەڵاتی قەیسەر زۆر بەهێز بێ، ئەو

پێشبینییانە جێبەجێ دەکات. کەواتە با وەکو هێلکە مارێک سەیری بکەین. هەر کاتێک بترووکێت، دەبێتە مارێکی ژەهراویی کوشندە. لەبەرئەوە با هەر لەناو هێلکەدا بیکوژین.

**لۆشیەس:**

(دێتە ژوورەوە)

گەورەم، چراکەم لە ژوورەکەتدا داگیرساند. کاتێ ناو پەنجەرەکەم دەپشکنی بۆ بەردەستێ[٢٧]، ئەم کاغەزەم دۆزییەوە. سەیرکە! مۆریشی پێوەیە. دڵنیام، کە چووم بخەوم لەوێ نەبوو.

(کاغەزەکە دەداتە برۆتەس)

**برۆتەس:**

دە برۆ بخەوە. هێشتا نەبووەتە بەرەبەیان... ئەرێ بەیانی پازدەی ئادارە؟

**لۆشیەس:**

نازانم، گەورەم.

**برۆتەس:**

سەیرێکی رۆژژمێرەکەم بۆ بکە و وەرەوە پێم بڵێ.

**لۆشیەس:**

باشە، گەورەم.

(دەچێتە دەرەوە)

**برۆتەس:**

ئەو ئەستێرانەی، کە دەکشێن، ویزە ویز دەکەن. رووناکییەکی



هێندە زۆر دەدەن، کە دەتوانم ئەم نامەیەی لەبەر بخوێنمەوە.

(کاغەزەکە دەکاتەوە و دەست بە خوێندنەوەی دەکات)

"برۆتەس، تۆ خەوتوویت. بێدار بەرەوە و سەیری خۆت بکە! ئایا رۆما هەروا... دەنگت هەڵبێنە. هێرش بەرە. تۆڵە بسەنەوە!"

"برۆتەس، تۆ خەوتوویت. بێدار بەرەوە" زۆرجاری تریش بانگەوازی ئاوایان بۆ جێ هێشتووم و منیش هەڵم گرتوونەتەوە. "ئایا رۆما هەروا... " پێویستە رستەکان تەواو بکەم. "ئایا رۆما هەروا لەژێر زوڵم و زۆری تاکەسێک بێت؟" حەیف بۆ رۆما! ئەی هەر باوک و باپیرانی من نەبوون "تارکین"یان لە شەقامەکانی رۆما دەرکرد، کاتێ کردیان بە پاشا؟ " دەنگت هەڵبێنە. هێرش بەرە. چاکسازی بکە!" چی؟ هانا بۆ من دێنن! دەنگ هەڵبێنم و هێرش بەرم؟ ئای رۆما، شەرت و بڕیار بێ، ئەگەر تۆڵە بسەنمەوە، دەبێ گشت داخوازییەکانت لەسەر دەستی "برۆتەس" بێنە دی.

**لۆشیەس:**

(دێتەوە ژوورەوە)

گەورەم، پازدە رۆژ لە ئادار خەریکە بەسەر دەچێت.

(دەرگە لێ دەدرێ)

**برۆتەس:**

دەباشە، برۆ ئەو دەرگەیە بکەرەوە. یەکێک وا لە دەرگە دەدا.

(لۆشیەس دەڕواتە دەرەوە)

لەو رۆژەوە کاشیەس هانی دام لە دژی قەیسەر بوەستم، خەوم

نەماوە. هەموو ئەو ماوەیەی، کە لە نێوان بڕیاردان بۆ ئەنجامدانی کارێکی پڕ مەترسی و خودی ئەنجامدانی کارەکە دایە، وەکو مۆتەکە و خەونێکی سامناک وایە. جەستە لەگەڵ نەست بە یەکەوە لە دژی بیر و هۆشی بەئاگا کار دەکەن. بۆیە مێشکی مرۆڤ وەکو مەملەکەتێکی لێ دێت، کە پڕ بێ لە ئاژاوە و یاخیبوون.

**لۆشیەس:**

گەورەم، کاشیەسی براتە[٢٨]. لەبەر دەرگە وەستاوە و دەیەوێ چاوی پێتان بکەوێ.

**برۆتەس:**

بە تەنیایە؟

**لۆشیەس:**

نەخێر. چەند کەسێکی تریشی لەگەڵدایە.

**برۆتەس:**

دەیانناسیت؟

**لۆشیەس:**

نەخێر، گەورەم نایانناسم. کاسکێتەکانیان بەسەروگوێلاکیان شۆڕ کردووەتەوە و لایەکی دەموچاویشیان بە رۆبەکانیان داپۆشیوە. بۆیە هیچ نیشانەیەک نییە تا بە هۆیەوە بیانناسمەوە.

**برۆتەس:**

با بێنە ژوورەوە.



(لۆشیەس دەڕواتە دەرەوە)

ئەوانە ئەو تاقمەن، کە جیا بوونەتەوە. ئۆه، پیلانگێڕ! تۆ بە شەویش، کە تەنانەت خراپەکاری تێدا سەربەستە، شەرم دەکەیت رووی سامناکت دەربخەیت؟ ئەی کەواتە بە ڕۆژ، لە کوێ ئەشکەوتێک دەدۆزیتەوە، کە زۆر تاریک بێت بۆ ئەوەی رووی تۆقێنەرت تێدا بشاریتەوە؟ نەخێر، ئەی پیلانگێڕ! بەدوای هیچ ئەشکەوتێکدا نەگەڕێی. رووی راستەقینەت لەژێر پەردەی پێکەنین و رووی خەندەواردا بشارەوە، ئەگینا ئەگەر تۆ بەردەوام رووی راستەقینەی خۆت دەربخەیت، تاریکی دۆزەخیش بەس نییە بۆ ئەوەی بیشاریتەوە.

(دەستەی پیلانگێڕەکان: کاشیەس و کاسکا و دیشیەس و سینا و میتلۆس سیمبەر لەگەڵ تریبینیەس دێنە ژوورەوە)

**کاشیەس:**

بەیانیت باش برۆتەس. وا بزانم بێڕێزیمان کرد، کە نەمانهێشت بخەویت. هیوادارم سەخڵەتمان نەکردبێت.

**برۆتەس:**

بە درێژاییی شەو هەر بێدار بووم. هەر سەعاتێک دەبێ لەسەر جێگەکەم هەڵساوم. دەکرێ ئەم پیاوانەم پێ بناسێنی، کە لەگەڵ تۆ هاتوون؟

**کاشیەس:**

بەڵێ، یەک یەک. لەناو ئەمانەدا کەسێک نییە، کە بە تۆوە سەرسام نەبێ. هەموویان ئومێدەوارن، کە ئەو پلە و پایە بەرزەی خۆت ببینیت وەکو چۆن هەر رۆمانییەکی شەرەفمەند

دەبیینێ. ئەمە تربینۆسە.

**برۆتەس:**

بەخێر بێی.

**کاشیەس:**

ئەمەش دیشیەس برۆتەسە.

**برۆتەس:**

بەخێر بێی.

**کاشیەس:**

ئەمە کاسکایە. ئەمەشیان سینایە. ئەویتریشیان میتلۆس سیمبەرە.

**برۆتەس:**

هەمووتان بەخێر بێن. ئەی پێم ناڵێن ئەوە چ خەمێک وای لێ کردوون بەم شەوە درەنگە بێدار بن و خەوتان بزڕێت؟

**کاشیەس:**

بە یارمەتی خۆت دەتوانم قسەیەکت لەگەڵ بکەم؟

(برۆتەس و کاشیەس بە چرپە لەگەڵ یەک دەدوێن)

**دیشیەس:**

ئەم لایە رۆهەڵاتە. ئەرێ رۆژ لەم لایەوە هەڵنایەت؟

**کاسکا:**

نەخێر.

**سینا:**

ببوورە، گەورەم. دیشیەس راست دەکات. ئەو تیشکە



زیوییینیانەی، کە دیمەنێکی جوانتر دەدەنە پەلە هەورەکان، نیشانەی بەرەبەیانن.

**کاسکا:**

ئێستا ئێوە هەردووکتان دان بەوەدا دەنێن، کە بە هەڵەدا چووین.

(بە شمشێرەکە ئاماژە دەکات)

ئا لەم لایەوە، کە بە شمشێرەکەم ئاماژەم بۆ کردووە، رۆژ هەڵدێ. زۆر بەلای باشوور دایە، چونکە هێشتا لە وەرزی زستان داین، بەڵام دوو مانگی تر بەلای باکوردا دەکەوێتەوە. رۆهەڵات رێک بە ئاراستەی کاپیتۆڵە، لەم لایەوە.

**برۆتەس:**

(لەگەڵ کاشیەس دێن بۆ پێشەوە)

یەک یەک دەستتان بێنن.

(دەستیان دەگوشێت)

**کاشیەس:**

با سوێند بخۆین. سوور بین لەسەر بڕیاری خۆمان.

**برۆتەس:**

نا، سوێندخواردنی پێ ناوێ. ئەگەر ئەو خەم و خەفەتەی، کە رەنگ و رووی ئەم خەڵکەی داگرتووە، ئەو ئازار و ئەشکەنجەیەی، کە گیانی ئێمەی تەنیوەتەوە، مەینەت و چەرمەسەری رۆژگار، هەموو ئەمانە هۆکاری لاواز بن، با کارەکەمان بوەستێنین و هەرکەس بچێتەوە بۆ ماڵی خۆی و لێی

پاڵ کەوێ. ئەو کاتە ئەو دەسەڵاتخوازە یەک یەک قڕانمان بۆ دێنێ. بەڵام ئەگەر ئەم هەموو شتانە بتوانن – دڵنیاشم دەتوانن – دەروونی ترسنۆکەکان جۆش بدەن و گیانی بوێریی و ئازایەتیی لە دڵی ئافرەتە بێ ورە و لاوازەکان بچێنن. بۆیە، هاووڵاتییان، پێویستیمان بە چی هەیە تا هانمان بدا بۆ ئەوەی دەست بەکار بین؟ چ پێوەندییەک هەیە پیرۆزتر بێت لەوەی، کە گشتمان رۆمانی وریاین و پەیمان بە یەکتر دەدەین و سەودای لەسەر ناکەین؟ چ پەیمانێکی ترمان پێویستە زیاتر لەو پەیمانەی، کە مرۆڤی راستگۆ و دڵسۆز بە یەکتر دەیدەن، یا ئەوەتا جێبەجێی دەکەن یا لە پێناویدا دەمرن؟ سوێندخواردن بۆ قەشەکانە، بۆ ترسنۆک و تەڵەکەباز و مرۆڤە لاوازەکانە. بۆ ئەوانەیە، کە بوودەڵە و دەستەپاچەن و زوڵم و زۆر قبووڵ دەکەن. ئەوانە بۆ مەسەلەیەکی هیچ و پووچ سوێند دەخۆن، چونکە خەڵک گومانیان لێ دەکەن. با راستی و رەوایی مەسەلەکەمان بە سوێندخواردن لەکەدار نەکەین. با بیر لە سوێندخواردن نەکەینەوە، چونکە ویست و ورەی بەرزمان دادەبەزێنێ. بۆیە، هەر دڵۆپە خوێنێک، کە بەناو جەستەی هەر رۆمانییەکی شەرەفمەنددا دەڕوات، خوێنێکی نارەسەنە ئەگەر لە بچووکترین جومگەی هەر پەیمانێک پەشیمان بێتەوە، کە دەیدا.

**کاشیەس:**

ئەی رات چییە بەرامبەر بە سیسرۆ؟ هەوڵی لەگەڵ بدەین؟ وا بزانم مەیلی بە لای ئێمەدایە.



**کاسکا:**

بەڵێ، نابێ لە بیری بکەین.

**سینا:**

نا، بەهیچ جۆرێک نابێ لە بیری بکەین.

**میتلۆس:**

بەڵێ، پێویستە سیسرۆ لایەنگیریمان بکا. ریش سپییەکی وەکو سیسرۆ وا لە خەڵک دەکات هەڵوێستێکی باشتر بەرامبەر بە ئێمە پێشان بدەن و رەفتار و کردەوەکانمان پەسند بکەن. خەڵک دەڵێن، ئەوەی ئەوان دەیکەن بە بڕیاری راست و دروستی سیسرۆیە. بە مەیش چاو لە هەموو هەڵچوونێکی گەنجانەمان دەپۆشن، کە دوور نییە لە کارەکاماندا بەدی بکرێ.

**برۆتەس:**

نا نا، ناوی سیسرۆ مەهێنن. نەخشەی ئەم کارە لای سیسرۆ ئاشکرا مەکەن. ئەو پاڵپشتی لە شتێک ناکات، کە خەڵکی تر بیکەن.

**کاشیەس:**

کەواتە وازی لێ بێنن.

**کاسکا:**

بەڕاستی کەسێکی گونجاو نییە.

**دیشیەس:**

باشە لە قەیسەر بەولاوە کەسی تر لەناو بەرین؟

**کاشیەس:**

ئەمە خاڵێکی گرینگە، دیشیەس. من بە ڕاستی نازانم، مارک

ئەنتۆنی، کە زۆر خۆشەویستی قەیسەرە، لە دوای ئەو بە ساغی بمێنێتەوە. پیاوێکی زۆرزان و پیلانگێڕە. خۆتان نەخشە و پیلانەکانی ئەو دەزانن. ئەگەر بە باشی بەکاریان بێنێ، زیانێکی خراپمان پێ دەگەیەنێ. بۆ ڕێگەگرتن لەمە، پێویستە هەر لەگەڵ قەیسەر بکوژرێ.

**برۆتەس:**

ئاخر بەمە کارەکەمان خوێناوی و دڕندانەتر دەبێ، کایۆس کاشیەس. سەری قەیسەر ببڕین و پاشان دەست و قاچیشی لەت بکەین. وەک ئەوە وایە بە مردوویش هەر رقمان لێی بێ. ئاخر ئەنتۆنی وەکو دەست و قاچ وایە بۆ قەیسەر. با ببین بە قوربانیکەر نەک ببین بە قەساب و کەوڵی بکەین. کاشیەس، ئێمە هەموومان دژی روحی قەیسەرین. هەر ئەو روحەیش سەرکوت دەکەین. روحی ئادەمیزادیش خوێنی تێدا نییە. خۆزگە ئێمە بتوانین روحی قەیسەر سەرکوت بکەین بێ ئەوەی دەست و قاچی ببڕین. بەڵام بە داخەوە، ئەگەر ئەم روحە سەرکوت بکەین پێویستە خوێنی برژێ. کەواتە هاوڕێیانی دڵسۆز، با بە مەردانە بیکوژین نەک بە رق و قینەوە. با وەکو قوربانییەکی شایستە پێشکێشی خواوەندی بکەین، نەک وەکو لاشەیەکی شەت و پەتکراو، کە تێهەڵدرێتە بەردەمی سەگ و توولان. با ویژدانمان وەکو ویژدانی ئەو گەورە پیاوە زۆرزانانە بێ، کە هانی داروودەستەکانیان دەدەن بۆ کاری خراپ و پاشانیش خۆیان وا پیشان دەدەن، کە سەرزەنشتیان دەکەن. ئەمەیش وا دەکات کارەکەمان رەوا و بەجێ بێ نەک لە



ئەنجامی رق و تۆڵە بێ. بۆ خەڵکی تریش دەردەکەوێ، کە رزگارکەر و چاکسازین نەک خوێنڕێژ و بکوژ. بەگوێرەی مارک ئەنتۆنیش، دڵتان هیچ نەکات، چونکە ناتوانێ لەوە زیاتر بکا، کە دەست و قاچی قەیسەر دەیکەن دوای کوشتنی. لەگەڵ ئەوەشدا، ترسم لێی هەیە، چونکە بە رادەیەک قەیسەری خۆش دەویست...

**برۆتەس:**

(قسەکەی پێ دەبڕێ)

مەخابن، کاشیەسی نەبەرد. بیری لێ مەکەرەوە. ئەگەر قەیسەریشی خۆش بوێت، هەر شتێکی بۆ بکا، لەگەڵ خۆی دەیکات: دەتوانێ خەم و خەفەتی بۆ بخوات تا لە داخا سەر دەنێتەوە و بڕایەوە. ئەمەیش لە مارک ئەنتۆنی ناوەشێتەوە، چونکە ئەو هەر خەریکی کەفسازیی و سەرکێشی و هاوڕێیەتیکردنە.

**تریبینیەس:**

جێگەی مەترسی نییە. با نەمرێ. بمێنێت بۆ ئەوەی پاشان پێکەنینی بەم کارە بێ.

(کاتژمێرەکە لێ دەدات)

**برۆتەس:**

وسس بن! بزانین چەند جار لێ دەدا[٢٩].

**کاشیەس:**

سەعات سێیە.

**تریبینیەس:**

کاتی ئەوەیە جیا بینەوە.

**کاشیەس:**

ئاخر تا ئێستا دڵنیا نین ئاخۆ قەیسەر دەچێتە دەرەوە یان نا. بەم دواییـــیـــە وای لێ هاتووە بڕوای بە خـــورافــاتەوە هـەبێ، بەپێچەوانەی جاران، کە بڕوای بە خەون و قسەی فاڵگر و شتی خورافی نەدەدا. دەشێت ئەو رووداوە ناسروشتییانە و ترس و تۆقاندنی شەوی رابردوو لەگەڵ ئامۆژگاریی پێشبینیکەران وای لێ بکەن، ئەمڕۆ نەچێتە کاپیتۆڵ.

**دیشیەس:**

مـەترسە. ئەگـەر بڕیاریشی دابێ، کە نـەچێ بۆ کـاپیتـۆڵ، من دەتوانم قـایلـی بکەم. بزانە: قـەیسـەر حـەز دەکـات بـزانـێ چۆن "یۆنیکۆرن"[٣٠] بەهۆی درەختـەوە راو دەکرێ، هـەروەها ورچ بە ئاوێنە و[٣١] فـیلیش بە قـوڕت فـریو دەدرێ. شـێـر بـە تۆڕ و مرۆڤیش بە پیاهەڵدان و مەرایی بۆ کردن. من، کـە پێی دەڵێم ئەو حــەز لـە مــەرایـی و پیــاهەڵدان ناکــات، هەڵبــەت ئـەویش قـــســـەکـــەم پەسند دەکـــات. ئـەمـــەیش خـــۆی لـە خـــۆیدا پیاهەڵدانییەتی. ئەو کاتە منیش دەزانم چۆن کاری تێ دەکەم و بە ئارەزووی خۆم ئاراستەی دەکەم تا دەیهێنم بۆ کاپیتۆڵ.

**کاشیەس:**

نا نا. باشتر وایە هەموومان بچین بیهێنین.

**برۆتەس:**

با دوا کاتمان سەعات هەشت بێ.





**سینا:**

دەبا سـەعـات هـەشت بێ، بەڵام پێویسـتـە پێش ئەو کـاتە لەوێ بین.

**میتلۆس:**

کـایۆس لیگاریەسـیش کـەیفی بە قـەیسـەر نایەت. قـەیسـەر زۆر سـەرکـۆنـەی کـرد، چونکە لیگاریەس سـتـایشی پۆمـپی کـرد. سەیرە، کەسێک لە ئێوە بیری لێ نەکردووەتەوە.

**برۆتەس:**

مـیـتلۆسی بەڕێز، هـەر ئێسـتـا بڕۆ بۆ لای لیگاریـەس. ئەو منی زۆر خـۆش دەوێ. بەڵگەی ئەوەیشم پێ داوە. بینێـرە بۆ لام. من دەتوانم رازی بکەم.

**کاشیەس:**

خـەریکە رۆژ دەبێـتـەوە. بـرۆتەس، کـاتـی ئەوەیە بەجـێت بێـڵین. هـاوڕێیان، ئێستا بڵاوەی لێ بکەن، بەڵام هـەرچییەکتان گوت، لە بیری نەکەن. بیسەلمێنن، کە رۆمانیی رەسەنن.

**برۆتەس:**

هـاوڕێیـانی دڵسـۆز، ئێوە خۆتان شـاد و رووخـۆش بنوێنن. مـاوە نەدەن مـەبەسـتـەکـانتـان لە سـیـمـاتاندا رەنگ داتەوە. وەکـو ئەکتەرە رۆمـانییەکان، هێمـن و رووگەش بن. دە بڕۆن، بەهیوای بەیانییەکی باش بۆ هەمووتان.

(هەموویان دەڕۆنە دەرەوە تەنیا برۆتەس نەبێ)

لۆشیەس! خەوتووی؟ باشە بۆ خۆت هەر لەو خەوە خۆشە دابە.

**پۆرشیا:**

(دێته ژوورەوە)

گەورەم، برۆتەس!

**برۆتەس:**

بەڵێ، پۆرشیا، چیت دەوێ؟ بۆ وا زوو لە خەو هەڵساویت؟ ئاخر بۆ تەندروستیت باش نییە ئەم جەستە لاواز و بێ هێزەت، بەم بەیانییە، بدەیتە بەر ئەم "با" سارد و شێدارە.

**پۆرشیا:**

ئەم سەرمایە بۆ تۆش باش نییە، تۆ زۆر بە بێنەزاکەتییەوە لەناو پێخەفەکەت هاتیتە دەرەوە و خۆت لە من دزییەوە. دوێنێ ئێوارەش لە پڕێکا لەسەر نانخواردن هەستایت و هەردوو دەستەکانت لە یەک ئالاند. بە دەم بیرکردنەوە و هەڵمژینی هەناسەی دوور و درێژەوە دەسووڕایتەوە. کە لێم پرسیت: بۆ وا سووڕ دەخۆیتەوە؟ بە گرژییەوە لێم مۆڕ بوویتەوە. کاتێ پرسیارەکەم دووبارە کردەوە، بەتوندی کەوتیتە رنینەوەی قژت. بە رقەوە پێت لە عەرزەکە دەدا. من هەر سوور بووم و تۆش هەر وەڵامت نەدامەوە، بەڵام بە تووڕەییەوە بە دەست ئاماژەت بۆ کردم، کە لێت دوور بکەومەوە. منیش بە گوێم کردیت، چونکە ترسام ئەو بێ ئۆقرەییەی تۆ زیاد بکا و کارت تێ بکا. من هەر وام دەزانی ئەم نیگەرانییە شتێکی کەمخایەنە، کە هەندێک جار مرۆڤ تووشی دێت. بەڵام سەیر دەکەم خەو و خۆراکی لەبەر بڕیویت. گفتولفتت نەماوە. ئەگەر ئەو بێزارییە، ئەوەندەی رەفتاری گۆڕیویت، هێندەش کار لە رەنگ و ڕووت بکا، هەر



نەمدەناسیتەوە. برۆتەس، گیانەکەم، پێم بڵێ بۆ وا پەست و بێزاریت؟

**برۆتەس:**

هیچ نییە، تەنیا تۆزێک ناساغم.

**پۆرشیا:**

تۆ پیاوێکی ژیریت. ئەگەر ناساغ بوویتایە، تا ئێستا خەمێکت لە خۆت دەخوارد.

**برۆتەس:**

ئێ، منیش وا دەکەم. دە برۆ گیانەکەم پۆرشیا، برۆ بخەوە.

**پۆرشیا:**

نەخۆشیت؟ ئەی کە نەخۆشیت، بۆ تەندروستیت باشە، بەم بەیانییە شێدارە سنگت واڵا بکەیت و بسووڕێیتەوە و ئەم هەوا شێدارە هەڵبمژیت؟ نەخۆشیت؟ لەگەڵ ئەوەشدا بە دزییەوە لەناو جێگە گەرموگوڕەکەت دێیتە دەرەوە و خۆت دەخەیتە ژێر باڵی ئەو هەوا شێدار و پڕ دەردە؟ بۆ نازانیت نەخۆشییەکەت دژوارتر دەبێ؟ نا، برۆتەس. وا دیارە شتێک لە مێشکت دایە، کە پەستی کردوویت و لە من دەیشاریتەوە. بەپێی شوێن و پایەی خۆم، مافی ئەوەم هەیە، کە بزانم بۆ وا پەست و بێزاریت.

(چۆک دەدات)

هەر بەو بە چۆک داچوونەمدا، تکات لێ دەکەم، بۆ خاتری ئەم جوانییەم، کە رۆژێ لە ڕۆژان وێردی سەر زارت بوو، بۆ خاتری ئەو هەموو پەیمان و بەڵێنانەی خۆشەویستی، کە بەیەکترمان

دا، بۆ خاتری پێوەندیی پیرۆزی هاوسەرکاریمان، کە ئێمەی کرد بە یەک گیان و یەک دڵ، دڵ و دەروونی خۆت بۆ من، بۆ نیوەکەی خۆت، بکەرەوە. پێم بڵێ بۆ وا پەست و بێزاریت؟ ئەو شەش حەوت پیاوە کێ بوون هاتن بۆ لات و تەنانەت بەم شەوە تاریک و تارەش رووی خۆیانیان دەمامک دابوو؟

**برۆتەس:**

نا، پۆرشیا گیان، چۆک مەدە.

**پۆرشیا:**

(هەڵدەستێتەوە)

ئاخر ئەگەر دڵنەرم و بە بەزەیی بوایت، پێویستیم بەوە نەدەبوو خۆم ببەم بەچۆکدا و لێت بپاڕێمەوە. بڵێ بزانم لە پەیمانی هاوسەرکاریی ئێمەدا هاتووە، کە نهێنی تایبەتیی خۆتم لێ بشاریتەوە؟ من تەنیا بۆ هەندێ مەبەست و لە هەندێ کاتی دیاریکراو هاوسەری تۆم؟ بۆ نانخواردن لەگەڵت دانیشم، لەسەر جێگە شەوباخەڵیت لەگەڵدا بکەم، جار جارەش قسەت لەگەڵ بکەم؟ ئایا من لە پەراوێزی حەز و ویستە راستەقینەکانی تۆم؟ ئەگەر وایە، دیارە من ئافرەتێکی سۆزانیم نەک هاوسەریی ژیانی تۆ.

**برۆتەس:**

نەخێر، پۆرشیا. تۆ هاوسەری پاک و دڵسۆزی منیت. وەکو ئەو خوێنەی بەناو دڵی خەمبارمدا دێت و دەچێ، خۆشم دەوێی.

**پۆرشیا:**

ئەگەر وا بێ، پێویستە ئەو نهێنییەت بزانم. راستە من ژنم،



بەڵام ئەو ژنەی، کە برۆتەسی پایەبەرز بە ڕەوای زانیوە ببێتە هاوسەریی. راستە من ژنم، بەڵام ژنێکی ڕەچەڵەک بەرز. کچی کاتۆ![٣٢] تۆ پێت وا نییە، من کە کچی باوکێکی وەکو کاتۆ و ژنی پیاوێکی وەک تۆ بم، لە گشت ئافرەتێک پاک و بەهێزترم؟ دە نهێنییەکانی خۆتم پێ بڵێ. خۆ ئاشکرایان ناکەم. بەڵگەی بەهێزم هەیە، کە دان بە خۆمدا دەگرم، چونکە جارێکیان بەویستی خۆم رانی خۆمم بریندار کرد. بتوانم لەمەدا دان بە خۆمدا بگرم، ناتوانم نهێنی مێردی خۆم بپارێزم؟

**برۆتەس:**

خواوەندە میهرەبانەکان! یارمەتیم دەن با شایستەی ئەو ژنە دڵسۆزەم بم.

(لە دەرگە دەدرێ)

پۆرشیا گوێت لێیە! یەکێک لە دەرگەکە دەدا. ئێستا کەمێک برۆ ژوورەوە. پاشان گشت نهێنییەکانی دڵی خۆمت بۆ ئاشکرا دەکەم. هەموو ئەو پەیمان و بەڵێنانەی خۆم پێیانەوە بەستووەتەوە، هەروەها هۆی ئەو کزیی و مات و مەلوولییەی، کە بە ڕوومەوە دیارن. هەموویت بۆ روون دەکەمەوە.

پۆرشیا(دەڕواتە دەرەوە)

لۆشیەس! ئەوە کێیە لە دەرگە دەدا؟

**لۆشیەس:**

(لەگەڵ لیگاریەس دێنە ژوورەوە)

پیاوێکی نەخۆشە، دەیەوێ قسەت لەگەڵ بکا.

**برۆتەس:**

کایۆس لیگاریەسە، کە میتلۆس باسی بۆ کردم. لۆشیەس، تۆ بەجێمان بێڵە... ئێ کایۆس لیگاریەس، چۆنیت؟

**لیگاریەس:**

هیوادارم بەم دەنگە کەل و شکاوەوەم سڵاو و ڕێزم قبووڵ بکەن.

**برۆتەس:**

بەداخەوە کایۆسی نەبەرد، لە کاتێکی ناسک ئەو ملپێچەت کردە مل. خۆزگە نەخۆش نەبوویتایە.

**لیگاریەس:**

ئەگەر برۆتەس هەر کارێکی دژواری لە بەردەست بێ، کە شایستەی شانازیی و سەربەرزیی بێ، من نەخۆش نیم.

**برۆتەس:**

من کارێکی وام لە بەردەستە، لیگاریەس، ئەگەر تەندروستیت باش بێ و ئامادە بیت گوێم بۆ بگریت.

**لیگاریەس:**

سوێند بێ بە هەموو ئەو خواوەندانەی، کە ڕۆمانییەکان کڕنۆشیان بۆ دەبەن، هەر لە ئێستاوە نەخۆشییەکەم وەلا دەنێم.

(ملپێچەکەی لە مل دەکاتەوە)

ئەی گیانی ڕۆما! ئەی بەچکەشێری باو و باپیرانی سەربەرزمان! تۆ وەکو ئەفسوونباز، گیانی خەفەکراوی منت



بووژاندەوە. فەرمانم پێ بدە تا بەگژ هەموو شتە سەخت و دژوارەکاندا بچمەوە. دڵنیام سەر دەکەوم. پێم بڵێ چ فەرمانێکتان هەیە؟

**برۆتەس:**

فەرمانێکە دووبارە وزە و توانا دێنێتەوە بەر نەخۆشەکان.

**لیگاریەس:**

ئەی هیچ کەسێکی سپوساغ نەخۆش ناکات؟

**برۆتەس:**

دەقی کارەکە لێرەدایە، کایۆس گیان. کاتێ بەرەو ئەو کەسە دەچین، کە مەبەستمانە، سەروبەندی مەسەلەکەت بۆ دەخەمە ڕوو.

**لیگاریەس:**

کەواتە تۆ دەست بەکار بە و منیش بەگوڕوتینێکی تازەوە لەگەڵت دام بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی، کە هیچ لەبارەیەوە نازانم. بەڵام ئەوەندە بەسە، کە ڕێبەرم برۆتەسە.

(گرمەی هەور دێت)

**برۆتەس:**

کەواتە شوێنم کەوە.

(دەڕۆنە دەرەوە)

## دیمەنی دووەم

(رۆما. ژوورێک لە ماڵی قەیسەر. هەورەتریشقە و چەخماخەیە)

**قەیسەر:**

(بە جلی خەوەوە دێتە ژوورەوە)

ئەمشەو نە زەوی و نە ئاسمان هێمن نین، ئەوە سێ جارە کاڵپۆرنیا لە خەودا هاوار دەکات: هاوارە، فریام کەون! قەیسەر دەکوژن.

ئەوە کێیە لەوێ؟

(خزمەتکارێک دێتە ژوورەوە)

**خزمەتکار:**

بەڵێ، گەورەم.

**قەیسەر:**

برۆ بە قەشەکان بڵێ، هەر ئێستا قوربانی سەرببڕن و بزانە رادەی سەرکەوتنی من چۆن دەبینن. ئاگەدارم بکەنەوە.

**خزمەتکار:**

فەرمانتان لەسەر سەرە، گەورەم.

(دەڕواتە دەرەوە)

**کاڵپۆرنیا:**

(دێتە ژوورەوە)

ئەوە نیازی چیت هەیە، قەیسەر؟ دەتەوێ بچیتە دەرەوە؟ ئەمڕۆ نابێت لە ماڵەوە بچیتە دەرەوە.



**قەیسەر:**

قەیسەر دەبێ بچێتە دەرەوە. ئەو شتانەی هەڕەشە لە من دەکەن، هەر لە دواوە من دەبینن. بەڵام کە دەموچاوی قەیسەر دەبینن، دەستبەجێ لە بەرچاو گوم دەبن.

**کاڵپۆرنیا:**

قەیسەر، من هەرگیز باوەڕم بە دیاردەی شووم نەبووە، بەڵام ئێستا دەمترسێنن. بێجگە لەو شتانەی، کە خۆمان دیومانە و بیستوومانە، خزمەتکارێک لێرە باسی هەندێ شتی سەیر و سامناک دەکات، کە ئێشکگرانی شەو دیویانە. بە قسەی ئەوان، شێر لەسەر شەقام زاوە! گۆڕ شەق بووە و مردووەکانی لێ هاتووەتە دەرەوە! سەربازی دڕندە و توندوتیژیان بەسەر هەورەکانەوە دیوە، ئاگریان لە دەموچاو باریوە! وەکو سوپای فەرمی بە چەند لەشکر و تیپێکەوە، بە یاسا و دەستووری شەڕ دەجەنگان! خوێنیشیان دەپڕووشکایە سەر کاپیتۆڵ! زایەڵە و زەنای شەڕ ئاسمانی هێنابووە زەلزەلە! ئەسپ دەیانحیلاند. ئەوانەی لە سەرەمەرگدا بوون، هەر دەیاننالاند. خێو و تارمایی لە رێگە و بانەکاندا قریو و هۆڕیان بوو! جا ئاگەدار بە قەیسەر! ئەم هەموو شتە زۆر زیاترن لەوەی، کە ئێمە پێشتر دیومانە. من بەڕاستی لێیان دەترسم.

**قەیسەر:**

جا، کێ دەتوانێ خۆی لەوە لابدا، کە خواوەندە بەهێزەکان بە نیازن ئەنجامی بدەن. سەرەڕای ئەمەش، قەیسەر هەر دەبێ بچێتە دەرەوە، چونکە ئەو نیشانە خراپانە بۆ هەموو دنیا

بەگشتی چۆنە، بۆ قەیسەریش هەر وایە.

**کاڵپۆرنیا:**

کە گەدایەک دەمرێ، تەنانەت ئەستێرەیەکیش ناڕژێ، بەڵام کە پاشایەک دەمرێ، ئاسمان گڕ دەسێنێ.

**قەیسەر:**

پیاوی ترسنۆک، بەر لەوەی بەڕاستی بمرێ، هەزار جار دەمرێ. بەڵام پیاوی نەبەرد و دلێر هەر یەکجار دەمرێ. بەڕای من لە هەموو ئەو شتانە سەیرتر ئەوەیە، کە مرۆڤ لە مردن بترسێ لە کاتێکا مردن کۆتاییەکی سروشتیی ژیانی گشت کەسە و لە ئان و ساتی خۆیدا هەر دێت.

(خزمەتکار دێتەوە ژوورەوە)

**قەیسەر:**

ها، قەشەکان چییان گوت؟

**خزمەتکار:**

داوات لێ دەکەن لە ماڵ نەچیتە دەرەوە، چونکە ئەمڕۆ، کە قوربانییەکیان سەر بڕی و کەوڵیان کرد، ناو سنگی دڵی تێدا نەبوو.

**قەیسەر:**

خواوەندەکان شتی وا بۆیە پێشان دەدەن تا ترسنۆکەکانی پێ ریسوا بکەن. دەک ببم بە حەیوانێکی بێ دڵ ئەگەر لە ترسانا نەچم بۆ دەرەوە. نەخێر، قەیسەر شتی وا ناکات. ترس خۆی باش دەزانێ، کە قەیسەر لەو ترسناکترە. من و ترس وەک دوو



بێچووە شێر، لە یەک رۆژدا لەدایک بووین، بەڵام من لەو سامناکتر و گەورەترم... دەبێ هەر بچم بۆ دەرەوە.

**کاڵپۆرنیا:**

حەیف بۆ تۆ گەورەم. ئەو دڵنیایی و بڕوا بەخۆبوونەت ئەقڵ و هۆشی پێ نەهێشتوویت. ئەمڕۆ مەچۆ بۆ دەرەوە. تاوانەکەیش بخەرە ئەستۆی من نەک خۆت. بڵێ ژنەکەم ترسا و نەیهێشت لە ماڵ بچمە دەرەوە. مارک ئەنتۆنی دەنێرین بۆ بارەگای ئەنجوومەنی پیران. با بڵێ، قەیسەر ئەمڕۆ ناساغە.

(چۆک دەدا)

با لە بەردەمتان چۆک بدەم و تکاتان لێ بکەم، ئەم جارە بە قسەی من بکەن.

**قەیسەر:**

بۆ دڵڕاگرتنی تۆ، ئەمڕۆ لە ماڵەوە دەمێنمەوە. با مارک ئەنتۆنی بچێت پێیان بڵێ، قەیسەر نەخۆشە.

(کاڵپۆرنیا هەڵدەستێتەوە سەرپێ)

(دیشیەس دێتەوە ژوورەوە)

ئەوەتا دیشیەس هات. با ئەو پێیان بڵێ.

**دیشیەس:**

درووود بۆ قەیسەری پایەدار. گەورەم، بەیانیتان باش... هاتووم بتانبەم بۆ کاپیتۆڵ.

**قەیسەر:**

تۆ لە کاتێکی باشدا هاتوویت. سڵاوم بە ئەنجوومەنی پیران

رابگەیەنە. پێیان بلێ، ئەمرۆ بۆ کاپیتۆڵ نایەم. درۆیە بلێم ناتوانم. لەمەش درۆتر ئەوەیە، کە بلێم، ناوێرم. هەر پێیان بلێ ئەمرۆ نایەم و بڕایەوە. ئاوایان پێ بلێ، دیشیەس.

**کاڵپۆرنیا:**

بلێ نەخۆشە.

**قەیسەر:**

دەتەوێ قەیسەر درۆیان لەگەڵ بکا! من، کە بە شەڕ تەواوی دنیام خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆم، چۆن دەبێ لەو ردێن بۆزانە بترسم و راستیان پێ نەڵێم! بڕۆ دیشیەس، پێیان بلێ قەیسەر نایەت و بڕایەوە.

**دیشیەس:**

قەیسەری پایەبەرز، هۆکارێکم پێ بلێن نەوەک گاڵتەم پێ بکەن، کە ئاوایان پێ بلێم.

**قەیسەر:**

هۆیەکە هەر ئەوەیە، خۆم ئارەزووم لەسەر نییە. ئەمە بەسە بۆ رازیکردنی ئەنجوومەنی پیران. بەڵام بۆ رازیکردنی تۆ، چونکە خۆشم دەوێی، با بەڕاستی پێت بلێم، کاڵپۆرنیا ماوەم نادات بچمە دەرەوە. دوێنێ شەو خەونی پێمەوە بینیوە. لەو خەونەدا پەیکەری منی بینیوە، وەکو کانییەک لە سەد لاوە فیچقە بکا، ئاوا خوێنێکی پاکی بەخوڕ لەبەر رۆیشتووە. زۆر لە بۆرەپیاوانی رۆما بە زەردەخەنەوە دەستیان پێ شتووە. ئەو خەونەش، بە ڕای ئەو، زەنگی ئاگەدارکردنەوە و نیشانەی پێشهاتێکی بەدوومە، کە کرداری خراپ و نەگبەتی لێوە بەدی



دەکرێ. بۆیە، بە نووزە نووزەوە تکای لێ کردم، کە ئەمڕۆ لە ماڵەوە بمێنمەوە.

**دیشیەس:**

کاڵپۆرنیا خەونەکەی بە هەڵە لێک داوەتەوە. ئەو خەونە خەونێکی باش و مژدەیەکی خۆشە. لە پەیکەری جەنابتان خوێن وەکو کانی لە سەد لاوە فیچقەی بێ. پاشان زۆر لە بۆرەپیاوانی رۆما بە زەردەخەنەوە دەستیان بەو خوێنە بشۆن. ئەمە دەق ئەوە دەگەیەنێ، کە رۆمای بە ناو و دەنگ لەژێر سایەی جەنابتانەوە بە خوێنێکی تازە و گەشەوە دەبووژێتەوە. ئەو بۆرەپیاوانەش هەوڵ دەدەن نیشانەیەک، شتێک، یادگارییەک وەکو مووفەڕک بەدەست بێنن. ئەمە پوختەی لێکدانەوەی خەونەکەی کاڵپۆرنیایە.

**قەیسەر:**

بەڕاستی تۆ زۆر باش لێکت دایەوە.

**دیشیەس:**

با قسەکانی منت گوێ لێ بێ، ئەو کاتە دەزانیت چەندە راستم. با پێت بلێم: ئەنجوومەنی پیران بڕیاری داوە هەر ئەمڕۆ تاجی پاشایەتی بدا بە قەیسەری خاوەن شکۆ. ئەگەر ئێوەش ئاگەداریان بکەنەوە، کە ناچن بۆ کاپیتۆڵ دوور نییە رای خۆیان بگۆڕن. بێجگە لەمەش، کارەکە دەبێتە گاڵتە. رەنگە هەندێک بە تەوسەوە بلێن: با ئەو کۆبوونەوەیە دوا بخەین تا ئەو کاتەی ژنەکەی قەیسەر خەونێکی باشتر دەبینێ. ئەگەر قەیسەر خۆی بشارێتەوە، خەڵک بە چرپەوە ناڵێن: سەیر کەن، قەیسەر

دەترسێ؟ ببوورە جەنابی قەیسەر، خۆشەویستیم بۆ ئێوە و دڵسۆزییم بۆ بەردەوامبوونتان ناچارم دەکات ئەم قسانەت پێ بڵێم. دیارە بیر و هۆشم بەو دڵسۆزییەوە بەندە.

**قەیسەر:**

کالپۆرنیا، ئێستا دەرکەوت، ئەو ترس و نیگەرانییەی تۆ چەندە پووچ و بێ مانان! شەرم لە خۆم دەکەمەوە، کە ملم بۆ کەچ کردن. بێنە ئەو رۆبەم بدەرێ با برۆم.

(پەبلیەس و برۆتەس و لیگاریەس و میتلۆس و کاسکا و تریبینیەس لەگەڵ سینا دێنە ژوورەوە)

**قەیسەر:**

سەیرکە! ئەوا پەبلیەس هاتووە بمبات بۆ کاپیتۆڵ.

**پەبلیەس:**

بەیانیت باش، جەنابی قەیسەر.

**قەیسەر:**

بەخێر بێی، پەبلیەس. ئەها، برۆتەس، ئەوە تۆش زوو لە خەو هەڵساویت؟ بەیانیت باش، کاسکا. ها، کایۆس لیگاریەس، سەیرکە! خۆ قەیسەر ئەوەندەی ئەو نەخۆشییە خراپ نەبووە. کە بەم شێوەیە لەڕ و لاوازی کردوویت... ئەرێ سەعات چەندە؟

**برۆتەس:**

سەعات هەشتە؟

**قەیسەر:**

سوپاسی چاکە و کردەوەتان دەکەم. بەڕاستی ئەزیەتتان کێشاوە.



(ئەنتۆنی دێتە ژوورەوە)

سەیرکە، تەنانەت ئەنتۆنیش، کە شەو هەتا درەنگ هەر خەریکی بادە و رابواردنە، ئەمڕۆ زوو لە خەو هەڵساوە... بەیانیت باش، ئەنتۆنی.

**ئەنتۆنی:**

گیانتان باش، قەیسەری پایە بەرز.

**قەیسەر:**

بە ئەوانەی ژوورەوە بڵێ با ئامادە بن. ئێستا لە کاپیتۆڵ چاوەڕوانی من دەکەن. دوور نییە گلەییشم لێ بکەن، چونکە دوا کەوتووم. ها، سینا، میتلۆس، تریبینیەس، ئەمڕۆ بۆ یەک سەعات قسەم لەگەڵ ئێوە هەیە. بیرتان نەچێ بێن بۆ لام. باشتر وایە لێم دانەبڕێن، با بیرم نەچێ.

**تریبینیەس:**

بەڵێ، گەورەم.

(لەبەر خۆیەوە)

بە ڕادەیەک لێت نزیک دەبمەوە، یاوەرە دڵسۆزەکانت خۆزگە بخوازن هەر لێت دوور بام.

**قەیسەر:**

هاوڕێیانی دڵسۆز، فەرموون لەگەڵ من با هەندێک مەی بخۆینەوە. پاشان وەکو برا بە یەکەوە دەچینە دەرەوە.

**برۆتەس:**

(لەبەر خۆیەوە)

ئەوانەی بە "وەکو" لە یەک دەکەن هەمان کەس نین. ئای قەیسەر، کە برۆتەس بیر لەمە دەکاتەوە دڵی پڕ ژان دەبێ.

(دەڕۆنە دەرەوە)

## دیمەنی سێیەم

(ڕۆما. شەقامێک لە نزیک کاپیتۆڵ)

**ئارتیمیدۆرس:**

(دێتە ژوورەوە. کاغەزێکی بە دەستەوەیە، بەدەنگی بەرز دەیخوێنێتەوە)

قەیسەر، خۆت لە برۆتەس بپارێزە. خۆت لە کاشیەس دوور بخەرەوە. لە کاسکا نزیک نەکەویتەوە. چاودێری سینا بکە. باوەڕ بە ترینیەس مەکە. سەرنجی میتلۆس سیمبەر بدە. دیشیەس برۆتەس کەیفی پێت نایەت. غەدرت لە کایۆس لیگاریەس کردووە. ئەمانە هەموو یەک مەبەستیان هەیە. ئەویش دژایەتی قەیسەرە. ئەگەر تۆ نەمر بیت، پێویستە ئاگاداری دەوروپشتی خۆت بیت. ئاسوودایی ڕێگە بۆ پیلان خۆش دەکات. خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ.[٣٣]

دڵسۆزتان

ئارتیمیدۆرس

لێرەوە دەوەستم تا قەیسەر تێ دەپەڕێ. ئەو کاتە وەک عەرز و حاڵم هەبێ، ئەم کاغەزەی پێ دەدەم. لە دڵەوە خەم لەوە دەخۆم، کە رق و کینە دانی خۆیان لە چاکە و ڕەوشتبەرزیی تیژ کردووە. ئای قەیسەر، ئەگەر ئەو کاغەزە بخوێنیتەوە، دەژیت،





ئەگەرنا چارەنووس لەگەڵ ئەو ناپاکانە پیلانی داڕشتووە.

(دەڕواتە دەرەوە)

## دیمەنی چوارەم

(ڕۆما. لایەکی تری هەمان شەقامی پێشوو. پێش ماڵی برۆتەس. پۆرشیا و لۆشیەس دەردەکەون)

**پۆرشیا:**

تکات لێ دەکەم پەلە بکە. ڕاکە و بچۆ بۆ کاپیتۆڵ! کاتی ئەوە نییە قسەم لەگەڵ بکەیت. خێرا بچۆ! چییە، بۆ وەستاویت؟

**لۆشیەس:**

بۆ ئەوەی بزانم چ پەیامێکتان هەیە، خانم.

**پۆرشیا:**

دەمەوێت بچیت و بگەڕێیتەوە بەر لەوەی هیچ کارێکت پێ بسپێرم.

(لەبەر خۆیەوە)

ئەی ئارام و خۆڕاگریی، وزە و توانام پێ بدە! لە نێوان دڵ و زمانم بەربەستێک لە شاخ دابنێن نەوەک هەست و سۆزی دەروونم بپەڕێتەوە بۆ سەر زمانم. مێشکم هیی پیاوە، بەڵام هێزم، هێزی ژنە. ئای چەندە زەحمەتە بۆ ژن، نهێنی بپارێزێ! ئەوە هێشتا هەر لێرەیت؟.

**لۆشیەس:**

خانم، ئاخر چی بکەم؟ ڕاکەم بۆ کاپیتۆڵ و بەس؟ پاشان بگەڕێمەوە لای تۆ و هیچی تر؟

**پۆرشیا:**

بەڵێ، برۆ هەواڵم بۆ بێنە. بزانە برۆتەس باشە. کە چووە دەرەوە، نەختێک ناساغ بوو. بە وردی چاودێریی جوولانەوەی قەیسەر بکە! چ دەکا، کێن ئەوانەی لێی نزیک دەبنەوە... بوەستە! ئەو دەنگەدەنگە چییە؟

**لۆشیەس:**

خانم، من گوێم لە هیچ نییە.

**پۆرشیا:**

تکات لێ دەکەم، گوێ رابگرە. من گوێم لە ژاوەژاوێکە. وەک ئەوەی بچن بەگژ یەکدا، وایە.، "با"کە لەلای کاپیتۆڵەوە بۆ ئێرە دەیهێنێ.

**لۆشیەس:**

بەخوا خانم، من گوێم لە هیچ نییە.

(پێشبینیکەرێک دێتە ژوورەوە)

**پۆرشیا:**

وەرە ئێرە برادەر. لە کوێوە هاتوویت؟

**پێشبینیکەر:**

خانم، یەکڕاست لە ماڵەوە.

**پۆرشیا:**

سەعات چەندە؟

**پێشبینیکەر:**

خانم، سەعات نۆیە.



**پۆرشیا:**

قەیسەر هێشتا نەچووە بۆ کاپیتۆڵ؟

**پێشبینیکەر:**

نەخێر، خانم، هێشتا نەچووە. منیش وا دەچم بۆ ئەوەی شوێنێک بۆ خۆم بگرم، کە بتوانم چاوم پێی بکەوێ کاتێ تێ دەپەڕێت بۆ کاپیتۆڵ.

**پۆرشیا:**

عەرز و حاڵت هەیە بیدەیتێ، وا نییە؟

**پێشبینیکەر:**

بەڵێ، خانم ، ئەگەر قەیسەر ئەوەندە بەرژەوەندیی خۆی بوێت کە گوێم بۆ بگرێ، تکای لێ دەکەم ئاگەداری خۆی بێ.

**پۆرشیا:**

بۆ؟ هەست دەکەیت مەترسییەک هەڕەشەی لێ بکا؟

**پێشبینیکەر:**

هیچ هەڕەشەیەک نییە، کە من بە مسۆگەریی بزانم. بەڵام زۆر لەوە دەترسم، کە رەنگە روو بدا. خواحافیز. شەقامەکە لێرەوە تەسکە. ئەو خەڵکە زۆرەی، کە لە دوای قەیسەرەوە دەڕۆن، لە نوێنەران و فەرمانبەرانی دەوڵەت و خاوەن سکاڵانامەکان. پیاوێکی لەڕ و لاوازی وەک من لەژێر پێ دەکوژن. باشتر وایە بچم شوێنێکی نەختێک چۆڵ بدۆزمەوە. لەوێ قسە لەگەڵ قەیسەر بکەم، کە تێپەڕ دەبێ.

(دەڕواتە دەرەوە)

**پۆرشیا:**

وا چاکە بچمە ژوورەوە.

(لەبەر خۆیەوە)

ئۆف، دڵی ئافرەت چەندە ناسک و بێهێزە. ئای برۆتەس، خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ و لەم کارە سەرت بخات. هەبێ و نەبێ ئەو پیاوە گوێی لە قسەکانم بووە...

(بۆ لۆشیەس)

برۆتەس داوایەکی لە قەیسەر هەیە، ئەمیش بۆی جێبەجێ ناکات. ئۆف، هەموو گیانم داهێزراوە... راکە، لۆشیەس. سڵاوم بگەیەنە بە برۆتەس و پێی بڵێ، من دڵخۆشم. هەرچیەکت پێ دەڵێت، یەکراست وەرەوە پێم بڵێ.

(هەر یەکە بە لایەکدا دەچێتە دەرەوە)



# بەشی سێیەم

## دیمەنی یەکەم

(رۆما. بەردەمی کاپیتۆڵ. ئەندامانی ئەنجوومەنی پیران لە نهۆمی سەرەوەی کاپیتۆڵ دانیشتوون. دەنگی دەهۆڵ. "قەیسەر" و "برۆتەس" و "کاشیەس" و "کاسکا" و "دیشیەس" و "میلۆس سیمبەر" و "تریبینیەس" و "سینا" و "ئەنتۆنی" و "لێپیدیەس" و "پەبلیەس" و "پۆپلیەس لینا" دێنە ژوورەوە لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵک. "ئارتیمیدۆرس" و پێشبینیکەرێک لەناو خەڵکەکە دان)

**قەیسەر:**

(بۆ پێشبینیکەرەکە)

ئەوا پازدەی ئاداریش هات.

**پێشبینیکەر:**

بەڵێ جەنابی قەیسەر، بەڵام هێشتا بەسەر نەچووە.

**ئارتیمیدۆرس:**

(نامەکەی خۆی دەداتە قەیسەر)

دروود بۆ قەیسەر. فەرموو ئەم کاغەزە بخوێنەرەوە.

**دیشیەس:**

(کاغەزێکی تری پێ دەدا)

تریبینیەس حەز دەکات هەر کاتێ کاتتان بە دەستەوە بوو، ئەم

عەرز و حاڵە سادەیەی بخوێننەرەوە.

**ئارتیمیدۆرس:**

جەنابی قەیسەر، یەکەم جار کاغەزەکەی من بخوێننەرەوە، چونکە پێوەندی بە جەنابتانەوە هەیە. بیخوێنەرەوە، قەیسەری مەزن.

**قەیسەر:**

ئەوەی تایبەت بێ بە ئێمە لە دوای ئەوانی تر سەیر دەکرێ.

**ئارتیمیدۆرس:**

ئاخر جەنابی قەیسەر، دوای مەخەن. ئێستا بیخوێننەرەوە.

**قەیسەر:**

چییە! ئەم کابرایە شێتە؟

**پەبلیەس:**

(پاڵێک بە ئارتیمیدۆرسەوە دەنێ)

برۆ بەو لاوە کابرا.

**کاشیەس:**

(بۆ ئارتیمیدۆرس)

چیتە؟ لەسەر شەقام عەرز و حاڵی خۆتی دەدەیتێ؟ وەرە بۆ کاپیتۆڵ.

(قەیسەر بۆ بارەگای ئەنجوومەنی پیران سەر دەکەوێ)

(خەڵکەکە بە دوایدا دەڕۆن)

**پۆپلیەس:**

(بۆ کاشیەس)



هیوادارم لە هەوڵ و تەقەڵای ئەمڕۆ سەرکەوتوو بن.

**کاشیەس:**

هەوڵ و تەقەڵای چی، پۆپلیەس؟

**پۆپلیەس:**

ماڵئاوا.

(بۆ لای قەیسەر دەچێت)

**برۆتەس:**

(بۆ کاشیەس)

ئەوە پۆپلیەس لینا چی گوت؟

**کاشیەس:**

هیوادارە ئەمڕۆ لە هەوڵ و تەقەڵاکانمان سەرکەوتوو بین. دەترسم پیلانەکەمان ئاشکرا بوو بێ.

**برۆتەس:**

سەیرکە چۆن لە قەیسەر نزیک دەکەوێتەوە! چاوت لێی بێ.

**کاشیەس:**

کاسکا، نەختێک پەلە بکە. دەترسم تووشی تەگەرەیەک بێین. برۆتەس، چی بکەین؟ خۆ ئەگەر پیلانەکەمان ئاشکرا بێ یا من یا قەیسەر بە زیندوویی لێرە ناچینە دەرەوە. من خۆم دەکوژم.

**برۆتەس:**

دان بە خۆتا بگرە، کاشیەس. پۆپلیەس لینا مەبەستی لە ئێمە نییە. سەیرکە چۆن پێ دەکەنێ! قەیسەریش نە ڕەنگی هەڵبزڕکاوە و نە هیچ.

**کاشیەس:**

تریبینیەس خۆی باش دەزانێ کەی دەست بەکار دەبێ. بڕوانە، چۆن مارک ئەنتۆنی دەبات بە لایەکەوە.

(ئەنتۆنی و تریبینیەس دەچنە دەرەوە)

**دیشیەس:**

کوا میتلۆس سیمبەر لە کوێیە؟ با بچێت عەرز و حاڵەکەی بخاتە بەردەمی قەیسەر.

**برۆتەس:**

وا قسەی لەگەڵ دەکەن. با ئێمەش کەمێک نزیک بکەوینەوە بۆ ئەوەی پشتگیریی لێ بکەین.

**سینا:**

کاسکا، یەکەم کەس تۆ دەستت بەرز بکەرەوە.

**قەیسەر:**

هەموو ئامادەن؟ دەبا بزانین چ کەموکورتییەک و کێشەیەکتان هەیە تا قەیسەر و ئەندامانی کاپیتۆڵ چارەسەریان بکەن.

**میتلۆس:**

(چۆک دەدا)

قەیسەری پایەبەرز و خاوەن شکۆ، میتلۆس سیمبەر بە دڵێکی بێ گەرد و بەرێزەوە هاتووەتە بەردەم تەختی پاشایەتیتان...

(کڕنۆش دەبات)

**قەیسەر:**

سیمبەر، پێویستە من ڕێگەت پێ نەدەم. دەشێ ئەم



بەچۆکداچوونە و زمان شیرینییەت هەستی مرۆڤی سادە بێننە جۆش و نەریت و دەستووری باپیرانمان بکەن بە یاری منداڵان. ئەوەندە دەبەنگ مەبە وا تێ بگەیت، کە قەیسەر پیاوێکی هێندە ڕاڕایە، هەروا بە سووک و ئاسانی لە ڕێ لادەدرێ بەو قسانەی، کە مرۆڤی گێڵ و نەفامی پێ فریو دەدرێ. مەبەستم لە قسەی لووس و پفدراو و کڕنۆشبردن و کلکەلەقێکردنە وەکو سەگ. براکەی تۆ بە فەرمانی دەوڵەت دەرکرا. ئەگەر زیاتریش بچەمێیتەوە و مەراییم لەبەر بکەیت بۆ ئەو، من هەر لە ڕێگەی خۆم تێت هەڵدەدەمە ئەولاوە. بزانە، قەیسەر زوڵم لە کەس ناکات. بەبێ بەڵگەش قەناعەت بەهیچ شتێک ناکات.

**میتلۆس:**

کەسێک نییە قسەی لە قسەی من زیاتر بڕوات لەلای قەیسەر بۆ ئەوەی تکای لێ بکا برا دەرکراوەکەم بگەڕێنێتەوە؟

**برۆتەس:**

(کڕنۆش دەبات)

جەنابی قەیسەر، دەستەکانتان ماچ دەکەم، بەڵام نەک لە ڕوانگەی مەراییکردن. تکاتان لێ دەکەم پەبلیەس سیمبەر ببەخشن. با لە ڕەهەندەیی ئازاد بکرێ.

**قەیسەر:**

برۆتەس، تۆش؟.

**کاشیەس:**

(کڕنۆش دەبات)

ببوورن، جەنابی قەیسەر، ببوورن، منیش خۆم دەخەمە بەر

کەوشەکانتان. تکاتان لێ دەکەم پەبلیەس سیمبەر ئازاد بکەن و مافی هاووڵاتیبوونی بۆ بگەڕێننەوە.

**قەیسەر:**

ئەگەر من وەک ئێوە بوومایە، بە ئاسانی فریو دەدرام. ئەگەر من خۆم لە خەڵکی تر بپاڕێمەوە کارێک بکەن، ئەو کاتە پاڕانەوەی ئێوەش کاری خۆی دەکرد. بەڵام من وەکو ئەستێرەی باکور دەچەقم، کە لە جێگیرییدا هاوتای نییە. ئاسمان لەبەر ئەستێران دەبریسکێتەوە، بەڵام لەناو ئەو ئەستێرانەدا تاکە ئەستێرەیەک هەیە وەک نووسنەک بە شوێنی خۆیەوە لکاوە. دنیاش هەر وایە، پڕە لە مرۆڤ، مرۆڤیش بریتییە لە گۆشت و خوێن و بیرکردنەوە، بەڵام لەناو گشت ئەمانەیشدا تەنیا یەک کەس هەیە، کە دەستی بە پلە و پایەی خۆی گرتووە. کەس بۆی نییە بەرەنگاری بێتەوە. ئەو کەسەش منم، قەیسەر. دەبا کەمێک لەو هەڵوێستەم، هەر لەم مەسەلەیەدا بسەلمێنم. وەکو چۆن سوور بووم لەسەر ئەوەی پەبلیەس سیمبەر دەبێ لە وڵات دەربکرێ، ئاواش سوورم لەسەر ئەوەی هەروا بمێنێتەوە.

**سینا:**

(کڕنۆش دەبات)

ئاخر جەنابی قەیسەر...

**قەیسەر:**

بیبڕەوە! دەتەوێ کێوی ئۆڵیمپەس[٣٤] بجووڵێنیت؟.

**دیشیەس:**

(کڕنۆش دەبات)



قەیسەری مەزن ...

**قەیسەر:**

ئەی برۆتەسییش نەچوو بەچۆکدا و هەر بێ سوود بوو؟

**کاسکا:**

دەبا دەستەکانم لە جیاتی من بدوێن.

(خەنجەرێک لە قەیسەر دەدات. دوای ئەو یاوەرەکانی یەک لە دوای یەک خەنجەری لێ دەدەن. برۆتەس لە دوای گشتیان خەنجەرێکی لێ دەدا)

**قەیسەر:**

تۆش، برۆتەس؟ کەواتە با قەیسەر بمرێ.

(قەیسەر دەمرێ)

**سینا:**

بژی سەربەستی! بژی ئازادی! زۆرداری لەناو چوو! بڕۆن جاڕ بدەن! لە ڕێگەوبانەکان هاوار بکەن.

**کاشیەس:**

با دەستەیەک بچن بۆ سەر سەکۆکە. لەوێوە بەدەنگی بەرز هاوار بکەن: ئازادی! سەربەستی! مافی دەنگدان.

(خەڵکەکە دەشڵەژێن. ژمارەیەک لە بۆرەپیاوان و ئەندامانی کاپیتۆڵ دەڕۆنە دەرەوە)

**برۆتەس:**

هاووڵاتییان، ئەندامانی کاپیتۆڵ، مەترسن! ڕامەکەن! لە شوێنی خۆتان نەجووڵێن! تەنیا قەیسەری دەسەڵاتخواز بە سزای خۆی گەیشت.

**کاسکا:**

برۆتەس، بچۆرە سەر سەکۆکە.

**دیشیەس:**

با کاشیەسیش بچێ.

**برۆتەس:**

پەبلیەس لە کوێیە؟

**سینا:**

ئەوەتا لێرەیە. ئەو هەڵگەڕانەوەی ئێمە تووشی حەپەسانی کردووە.

**میتلۆس:**

لە شوێنی خۆتان بوەستن. ریزەکانتان تێک مەدەن نەوەک هەندێک لە یاوەرانی قەیسەر هەل وەربگرن...

**برۆتەس:**

خەمی وەستان و یەکڕیزییت نەبێ، پەبلیەس. دڵت تەخت بێ. هیچ ئازارێکت پێ ناگات. نە بە تۆ و نە بەهیچ رۆمانییەکی تر. برۆ ئەم بانگەوازە رابگەیەنە.

**کاشیەس:**

بەڵێ، پەبلیەس. برۆ بەجێمان بیڵە نەوەک هێرشمان بۆ بێنن. تۆش پیریت و با ئازارت پێ نەگات.

**برۆتەس:**

وا بکە، پەبلیەس. با لە خۆمان بەولاوە هیچ کەسێکی تر لەم کارەوە تێوە نەگلێت،



(پەبلیەس دەچێتە دەرەوە)

(تریبینیەس دێتە ژوورەوە)

**کاشیەس:**

ئەنتۆنی لە کوێیە؟

**تریبینیەس:**

بە حەپەساوییەوە رای کرد بۆ ماڵەکەی خۆی. ژن و پیاو و منداڵ، گشتیان چاویان چووەتە ئەبڵەق. هەر هاوار دەکەن و رادەکەن. دەڵێی رۆژی حەشرە.

**برۆتەس:**

ئای چارەنووس! ئێمە بڕیار و ویستی تۆ دەزانین. دەزانین هەر دەمرین، بەڵام مەسەلەکە کاتەکەیەتی، سووربوونە لەسەر دوورخستنەوەی کاتەکە.

**کاشیەس:**

بۆیە ئەوەی بیست ساڵ لە تەمەنی بەسەر دەبات، بیست ساڵ لە ترس و هەڕەشەی مەرگ دەبڕێت.

**برۆتەس:**

بە گوێرەی ئەم قسەیە، مردن شتێکی بەسوودە. کەواتە ئێمەی یاوەرانی قەیسەر، تەمەنی ترس و هەڕەشەی مەرگمان بۆ قەیسەر کورت کردەوە. دە وەرن رۆمانییەکان وەرن، بچەمێنەوە، با قۆڵ و باسکمان تا ئانیشکمان لە خوێنی قەیسەر هەڵسووین. شمشێرەکانمان تێ هەڵسووین. ئینجا بچین بۆ دەرەوە. یەکڕاست بەرەو چەقی بازاڕ بڕۆین و هاوار بکەین: بژی ئاشتی، بژی سەربەستی، بژی ئازادی.

**کاشیەس:**

کەواتە بچەمێنەوە، قۆڵ و باسکتان لە خوێن هەڵسوون.

(پیلانگێڕەکان قۆڵ و باسکیان و شمشێرەکانیان لە خوێنی قەیسەر هەڵدەسوون)

ئاخۆ چەندەها جاری تر ئەم دیمەنە پڕ شانازییەی ئێمە، لەو وڵاتانەی، کە هێشتا دروست نەبوون، بەو زمانانەی، کە هێشتا قسەیان پێ نەکراوە، نمایش دەکرێ.

**برۆتەس:**

چەندەها جاری تریش مەرگی قەیسەر لەسەر شانۆدا دووبارە دەکرێتەوە. ئێستاش لەژێر پەیکەری "پۆمپی"دا کەوتووە. نرخی لە خۆڵەکە زیاتر نییە.

**کاشیەس:**

هەر جارەی ئەم شانۆگەرییە دووبارە دەکرێتەوە، گرووپەکەی ئێمەش ناو دەنێن" ئەو پیاوانەی، کە نیشتمانیان ئازاد کرد"

**دیشیەس:**

باشە، بچین بۆ دەرەوە؟

**کاشیەس:**

بەڵێ، با گشتمان بچینە دەرەوە. برۆتەس لە پێشەوە بڕوات و ئێمەش دەستەیەک لە پیاوە ماقووڵ و دلێرەکانی رۆما بە ڕیز لە دوای ئەو دەڕۆین.

(خزمەتکارەکەی ئەنتۆنی دێتە ژوورەوە)

**برۆتەس:**

بوەستن! ئەوە کێیە بەرەو ئێرە دێت؟ هاوڕێیەکی ئەنتۆنییە.



**خزمەتکاری ئەنتۆنی:**

"کڕنۆش دەبات"

برۆتەس، جەنابی ئەنتۆنی فەرمانی پێ دام بەم شێوەیە کڕنۆش بەرم و (زیاتر دەچەمێتەوە)

ئەم پەیامەی ئەوت پێ ڕابگەیەنم: "برۆتەس مرۆڤێکی پاک و دلێر و سەربەرز و ژیرە. قەیسەر مرۆڤێکی ئازا و بەهێز و شکۆمەند و خۆشەویست بوو. بە برۆتەس بڵێ، من ئەوم خۆش دەوێ و ڕێزی دەگرم. لە قەیسەر دەترسام. ڕێزم دەگرت و خۆشم دەویست. ئەگەر برۆتەس بەڵێنم پێ بدا بە سەلامەتی بێم بۆ لای ئەو، بۆم بسەلمێنێ، کە قەیسەر شایانی ئەو مردنە بوو، ئەو کاتە مارک ئەنتۆنی ئەوەندەی بەوە دڵخۆشە، کە برۆتەس زیندووە، ئەوەندە خەمی مردنی قەیسەر ناخوات بگرە بە باوەڕێکی پتەوەوە دوای بەختەوەریی و کار و فرمانەکانی برۆتەس دەکەوێ، تەنانەت ئەگەر ئەو بارە تازەیە پڕیش بێ لە مەترسی" ئەمە دەقی پەیامەکەی جەنابی ئەنتۆنییە.

**برۆتەس:**

جەنابی ئەنتۆنی رۆمانییەکی ژیر و نەبەردە. من هەموو کات ئاوا سەیرم کردووە. پێی بڵێ، ئەگەر ئەو تەشریف بێنێ بۆ ئێرە، بەڵێنی پێ دەدەم، کە هەموو شتێکی بۆ ڕوون دەکەوە و بەسەلامەتیش دەگەڕێتەوە.

**خزمەتکاری ئەنتۆنی:**

(ڕاست دەبێتەوە)

هەر ئێستا دەچم بەشوێنیدا.

(دەڕواتە دەرەوە)

**برۆتەس:**

پێم وایە ئەنتۆنی دەبێتە لایەنگرێکی باش بۆ ئێمە.

**کاشیەس:**

هیوادارم وا بێ، بەڵام من هێشتا گومانم لێی هەیە. زۆر جاریش گومانی من راستی پێکاوە.

(ئەنتۆنی دێتە ژوورەوە. لە تەرمی قەیسەر نزیک دەبێتەوە)

**برۆتەس:**

ئەوەتا ئەنتۆنی هات. بەخێر بێی مارک ئەنتۆنی.

**ئەنتۆنی:**

ئەی قەیسەری مەزن! ئەمە تۆیت ئاوا بە کەساسی لێرە کەوتوویت؟ ئەو هەموو ناو و دەنگ و شکۆداریی و سەرکەوتن و دەسکەوتە ئاوا بچووک بووەتەوە؟ ماڵئاوا قەیسەر.

(سەیری پیلانگێڕەکان دەکات)

بەڕێزان، نازانم نیازیی چیی ترتان هەیە بیکەن، کێی تر گەندەڵ و زیانگەیێنە. ئەگەر مەبەستتان منە، ئەوا لەم ساتە باشتر هەڵناکەوێ، کە قەیسەری تێدا مرد. هیچ چەکێکیش نیوەی بەهای شمشێرەکەی ئێوەی نییە، کە بە خوێنی مەزنترین مرۆڤی ئەم دنیایە سوور بووە. تکاتان لێ دەکەم، ئەگەر هیچ رق و کینەیەکتان بەرامبەر بە من لە دڵ دایە، هەر ئێستا بمکوژن. ئارەزووتان دابمرکێننەوە. هێشتا دەستە خوێناوییەکانتان هەڵمی لێ هەڵدەستێ. ئەگەر هەزار ساڵیش





بژیم، وەکو ئێستا بۆ مەرگ ئامادە نابم و هیچ شوێنێکی تریش وەکو ئێرە لە پاڵ قەیسەر باشتر نییە. هیچ رێگەیەکی تر لەوە باشتر نابێ، کە بە دەستی ئێوە بمرم، کە باشترین هەڵبژاردە و نموونەی پیاوماقووڵانی ئەم سەردەمەن.

**برۆتەس:**

نەخێر ئەنتۆنی، داوا مەکە بە دەستی ئێمە لەناو بچیت. ئەگەرچی ئێمە لە دڕندە و خوێنڕێژ دەچین وەکو لە دەستەکان و لە کارەکەی ئێستاماندا دەردەکەوێ، بەڵام تۆ تەنیا دەستەکانمان و ئەو کارە خوێناوییە دەبینیت، کە ئەنجامیان داوە. دڵ و دەروونمان نابینیت، کە پڕن لە داخ و خەفەت. داخ و خەفەت بۆ ئەو زوڵم و ستەمەی لە رۆما کرا، قەیسەری بەم ئەنجامە گەیاند. وەک چۆن ئاگر بەئاگر لادەبرێ، هەروا بەزەییش بە بەزەیی ئەم کارەساتەی بەسەر قەیسەر هێنا[٣٥]. سەبارەت بە تۆش، مارک ئەنتۆنی، نووکی شمشێرەکانمان کولە. لە قورقوشم دروست کراوە. ئێمە بە دەست و بازووی بەهێزمانەوە، بە دڵی پڕ لە هەست و سۆزی برایانەمانەوە، بەوپەڕی خۆشەویستی و نیازپاکی و رێزەوە پێشوازیت لێ دەکەین.

**کاشیەس:**

رای تۆش وەکو رای هەر یەکێک بۆ رێکخستنی پلە و پایەی نوێ کاریگەر دەبێ.

**برۆتەس:**

بەڵام ئارام بگرە تا ئەو خەڵکە هێمن دەکەینەوە. هێشتا لە

ترسانا توورەن. پاشان بۆت روون دەکەمەوە بۆ وام لە قەیسەر کرد، کە لە کاتی کوشتنیشیدا خۆشم دەویست.

**ئەنتۆنی:**

من گومانم لە ژیریی تۆ نییە. با هەر یەک لە ئێوە دەستە خوێناوییەکەی خۆی بخاتە ناو دەستم.

(یەک یەک تەوقە لەگەڵ پیلانگێڕەکان دەکات)

سەرەتا دەستم دەخەمە ناو دەستی مارکۆس برۆتەس. پاشان کایۆس کاشیەس، تۆ دەستت بێنە. ئێستاش دیشیەس برۆتەس. ئینجا میتلەس. تۆش دەستت بێنە سینا. ئێستاش نۆرەی کاسکای ئازا و نەبەردە. دەستت بێنە. دوای هەمووشیان، تریبینیەسی بەڕێز. هەرچەندە تۆ کەوتیتە کۆتایی، بەڵام لە خۆشەویستیدا لە کۆتایی نیت. بەڕێزان، ببوورن نازانم چی بڵێم. بڕواتان بە من لەق بووە. بیرتان بۆ دوو شت دەچێ: یا ئەوەتا بە ترسنۆکم تێ دەگەن یان بە مەراییکەر.

(لەگەڵ لاشەی قەیسەر دەدوێ)

ئەی قەیسەری مەزن! راستە من تۆم خۆش دەویست، گومان لەوەدا نییە، بەڵام ئەگەر روحت لەم ساتەوەختەدا سەیری ئێمە بکا، ئاخۆ لە مردنەکەت زیاتر بەوە ئازار ناچێژێ، کە ببینێت ئەنتۆنی یاوەرت، لە بەردەم لاشەی بێ گیانی تۆ – ئەی بەرزترین مرۆڤ – دەست دەخاتە ناو دەستی خوێناوی دوژمنانی تۆ و لەگەڵیاندا ئاشت دەبێتەوە؟ ئەگەر ئەوەندەی برینەکانی تۆ چاوم هەبووایە، وەکو ئەو خوێنەی بەخوڕ لە



برینەکانت دەڕوا، فرمێسکتان بڕشتبا، زۆر باشتر دەبوو بۆ من لەوەی لەگەڵ دوژمنانی تۆ پەیمانی دۆستایەتی ببەستم. بمبەخشە، یۆلیۆس! لێرەدا گیرایت، ئەی ئاسکە چاونەترسەکە! لێرەدا پێکایت. ئەوەتا راوکەرەکانیشت بە دەورەتەوە وەستاون. ئەم شوێنە بە مەرگی تۆ نیشان کراوە. ئەی جیهان، تۆ دارستان بوویت بۆ ئەم ئاسکە، ئەویش دڵی تۆ بوو. ئێستاش وەکو ئاسک لێرە کەوتوویت و کۆمەڵێ میر و بەگزادە تۆیان پێکاوە.

**کاشیەس:**

مارک ئەنتۆنی....!

**ئەنتۆنی:**

ببوورە کایۆس کاشیەس، ئەگەر دوژمنانی قەیسەر وا بڵێن، کەواتە، رەوایە ئەگەر هاوڕێیەکی بەبێ زیاد و کەم ستایشی بکا.

**کاشیەس:**

من گلەییت لێ ناکەم، کە ستایشی قەیسەر دەکەیت. بەڵام نیازی چ رێککەوتنێکت هەیە لەگەڵ ئێمەدا بیکەیت؟ ئاخۆ بە هاوڕێیەکی خۆمانت دابنێین یا لەسەر کارەکەی خۆمان بەردەوام بین و پشت بە تۆ نەبەستین؟

**ئەنتۆنی:**

منیش بۆیە دەستم خستە ناو دەستتان، بەڵام بەڕاستی کاتێ تەرمی قەیسەرم بینی، ئەو مەسەلەیەم بیر چووەوە. من پاڵپشت و هاوڕێی ئێوەم. هەمووتانم خۆش دەوێ بەو هیوایەی بەڵگەی

ئەوەم پێ بدەن، کە قەیسەر بۆ جێگەی مەترسی بوو.

**برۆتەس:**

ئەگەر بەڵگەمان نەبێ، دیارە کارەکەمان کارێکی دڕندانەیە. ئەوەندە بەڵگەی زیندوومان بە دەستەوە، تەنانەت ئەگەر تۆ، ئەنتۆنی، کوڕی قەیسەریش بیت، بڕوایان پێ دەکەیت.

**ئەنتۆنی:**

منیش ئەوەم دەوێ. حەزیش دەکەم ئەگەر ماوەم پێ بدەن، تەرمەکەی ببەم بۆ گۆڕەپانی شار و لەسەر سەکۆکە، وەکو هاوڕێیەکی قەیسەر، قسەیەک لەم ماتەمینییە بکەم.

**برۆتەس:**

دەتوانیت، مارک ئەنتۆنی.

**کاشیەس:**

برۆتەس دەتوانم هەندێ قسەت لەگەڵ بکەم؟

(برۆتەس دەباتە لایەکەوە)

تۆ نازانیت چی دەکەیت. ماوە بە ئەنتۆنی مەدە بۆ ماتەمینی قەیسەر هیچ قسەیەک بکا! خۆت دەزانیت چۆن خەڵک بە قسەی ئەنتۆنی دەورووژێن.

**برۆتەس:**

(تەنیا بۆ کاشیەس)

بە یارمەتی خۆت، من یەکەم جار دەچمە سەر سەکۆکە. هۆی لەناوبردنی قەیسەریان بۆ روون دەکەمەوە. پێیان دەڵێم، ئەنتۆنی هەر قسەیەک بکا بە رەزامەندی ئێمەیە و خۆمان



ماوەمان پێ داوە. هەروەها ئێمە رازین، کە بە ڕێوڕەسمی یاسایی ئاهەنگی ماتەمینی بۆ ساز بدرێ. ئەمەیش سوود بە ئێمە دەگەیەنێت زیاتر لەوەی ببێتە مایەی زەرەر و زیان.

**کاشیەس:**

(تەنیا بۆ برۆتەس)

نازانم ئاخۆ چ روو دەدا، بەڵام ئەم کارەم بە دڵ نییە.

**برۆتەس:**

فەرموو مارک ئەنتۆنی تەرمەکەی قەیسەر هەڵگرە، بەڵام لە وتاری ماتەمینییەکەدا نابێ تانە و توانجمان لێ بدەیت. هەتا دەتوانیت قسەی باش لەبارەی قەیسەر هەڵبەستە، بەڵام بڵێ، کە ئێمە ماوەمان پێ داویت ئەم قسانە بکەیت ئەگەرنا لە ئاهەنگی ماتەمینی قەیسەر بەشداری ناکەیت. هەر لەسەر هەمان سەکۆکە، کە من وتاری لێوە دەدەم، تۆش دوای من وتاری خۆت پێشکێش بکە.

**ئەنتۆنی:**

زۆر باشە. منیش داوای هیچی تر ناکەم.

**برۆتەس:**

کەواتە تەرمەکەی ئامادە بکە و شوێنمان کەوە.

(گشتیان دەڕۆنە دەرەوە تەنیا ئەنتۆنی نەبێ)

**ئەنتۆنی:**

بمبەخشە ئەی مشتە خۆڵە خوێناوییەکە. بمبەخشە، کە بە نەرمی و بە ملکەچییەوە لەگەڵ ئەو خوێنڕێژانەدا رەفتار دەکەم. تۆ پاشماوەی مەزنترین مرۆڤی تا ئێستا گەردوون بەخۆیەوە

بینیبێتی. قوڕ بەسەر ئەو دەستانەی خوێنی پیرۆزی تۆیان رشت. لە بەردەم ئەم برینانەتدا، کە وەکو دەمی لاڵ لێوە سوورباوەکانیان لێک دەکەنەوە و هانام بۆ دێنن بە دەنگ و بە زمانی خۆم سکالایان هەڵڕێژم، دێتە پێش چاوم چۆن پیاوەکان چوارپەلیان بەر نەفرەت دەکەوێ. توندوتیژی و دووبەرەکیی ناوخۆیی هەموو بەشەکانی ئیتالیا دەگرێتەوە. خوێنڕشتن و وێرانکاریی زۆر ئاسایی دەبن. شتە سامناکەکان بە ڕادەیەک ئاسایی دەبن، کە دایکەکان زەردەخەنە دایان دەگرێ کاتێ دەبینن کۆرپە ساواکانیان بەهۆی شەڕەوە پارچە پارچە دەکرێن. سۆز و بەزەیی بەهۆی توندوتیژییەوە هەر نامێنێ. ئەو کاتە روحی قەیسەر، بە پاڵپشتی "ئاتی"[٣٦] ، کە لە دۆزەخەوە بۆ هاریکاریکردنی ئەو دێت، بە دوای تۆڵەدا دەگەڕێ. بەدەنگێکی شاهانەوە لە سەرانسەری ئەم وڵاتە فەرمان دەدا: وێران کەن! ببڕن! تێک بشکێنن! ئەو کاتە ئیتر با شەڕ سەگەکانی خۆی بەرەڵا بکا[٣٧]. بۆنی گەنیو بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە. کەلاکە بۆگەنبووەکانی مرۆڤ هاوار هاواریان دەبێ بۆ ناشتن.

(خزمەتکارەکەی ئۆکتاڤیەس قەیسەر دێتە ژوورەوە)

تۆ خزمەتکاری ئۆکتاڤیەس قەیسەریت، وا نییە؟

**خزمەتکاری ئۆکتاڤیەس:**

بەڵێ مارک ئەنتۆنی.

**ئەنتۆنی:**

قەیسەر نامەیەکی بۆ ناردبوو. داوای لێ کردبوو بێت بۆ رۆما.



**خزمەتکاری ئۆکتاڤیەس:**

ئۆکتاڤیەس نامەکەی بە دەست گەیشت. ئێستا وا بەڕێگەوەیە بۆ ئێرە دێت. منیشی ڕاسپارد بێم ئاگەدارتان بکەمەوە.

(تەرمی قەیسەر دەبینێ)

ئاخ قەیسەر.

**ئەنتۆنی:**

دەروونت پڕە لە فرمێسک. وەرە بەملاوە بۆ خۆت بگری. منیش کە ئەشکی چاوەکانت دەبینم، قوڕگم پڕ دەبێ لە گریان. ئێستا ئۆکتاڤیەس بەرەو ئێرە دێت؟

**خزمەتکاری ئۆکتاڤیەس:**

ئەمشەو لە شوێنێک پشوو دەدەن، هەر بیست میل لە رۆما دوورە.

**ئەنتۆنی:**

خێرا بگەڕێرەوە. لەم کارەساتە ئاگەداری بکەرەوە. ئێستا رۆما شیوەن دەگێڕێ. پڕ بووە لە مەترسی. رۆما چیی تر بۆ ئۆکتاڤیەس ئاسوودە و ئارام نییە. برۆ بە پەلە پێی بڵێ... بەڵام نا، بوەستە! نابێ بگەڕێیتەوە تا تەرمی قەیسەر دەبەمە گۆڕەپانی بازاڕ و لەوێ وتارێک پێشکێش دەکەم. هەوڵ دەدەم بزانم خەڵکەکە چۆن پێشوازی لەو کارە دڕندانەیەی ئەو خوێنڕێژانە دەکەن. بەگوێرەی ئەوەوە شتەکان بە ئۆکتاڤیەسی لاو رابگەیەنە.

(تەرمی قەیسەر دەبەنە دەرەوە)

## دیمەنی دووەم

(گۆڕەپانێکی گشتییە لە ڕۆما. برۆتەس و کاشیەس و ژمارەیەک هاووڵاتییان و بۆرەپیاوانی ڕۆما دێنە ژوورەوە)

**هاووڵاتییەکان:**

ئێمە وەڵاممان دەوێ. دەمانەوێ دڵنیا بین.

**برۆتەس:**

کەواتە شوێنم کەون. باش گوێم بۆ رابگرن. کاشیەس، تۆ بڕۆ بۆ شەقامەکەی تر. با خەڵکەکە ببن بە دوو بەشەوە. ئەوانەی دەیانەوێ گوێ بۆ من رابگرن، با بمێننەوە. ئەوانەیش حەز دەکەن گوێ بۆ کاشیەس رابگرن، با لەگەڵ کاشیەس بڕۆن بۆ ئەولا. بە ڕاشکاوی هۆی لەناوچوونی قەیسەرتان بۆ روون دەکرێتەوە.

**هاووڵاتی یەکەم:**

من گوێ بۆ برۆتەس رادەگرم.

**هاووڵاتیی دووەم:**

منیش دەچم گوێ بۆ کاشیەس رادەگرم. پاشان، کە هەردوو لا هۆکارەکانیان بە جیا جیا خستە ڕوو، لەگەڵ یەک بەراوردیان دەکەین.

(کاشیەس و چەند هاووڵاتییەک دەچنە دەرەوە)

برۆتەس (بۆ سەر سەکۆکە سەردەکەوێ)

**هاووڵاتیی سێیەم:**

بێدەنگ بن! جەنابی برۆتەس بۆ سەرکەوتە سەر سەکۆکە.



**برۆتەس:**

ئارام بن تا لە قسەکانم دەبمەوە. هاووڵاتییانی ڕۆمانی، هاوڕێیانی خۆشەویست: گوێ بگرن با هەموو شتێکتان بۆ بخەمە روو. بەڵام بێدەنگ بن بۆ ئەوەی گوێتان لە قسەکانم بێ. متمانە بە راستگۆیی من بکەن لە بەڵێنەکانم. ڕێزی ناوبانگ و شەرەفمەندییم بگرن بۆ ئەوەی بڕوام پێ بکەن. بە ژیریی و لێزانیی خۆتانەوە قسەکانم هەڵسەنگێنن. هەموو هەست و هۆشی خۆتان بەکار بێنن بۆ ئەوەی بڕیاری باشتر بدەن. ئەگەر یەکێک هەیە لەناو ئەو حەشاماتە، کە خۆی بەیاوەری قەیسەر دەزانێ، بە ئەو دەڵێم: خۆشەویستی برۆتەس بۆ قەیسەر لە هیی ئەو کەمتر نەبوو. خۆ ئەگەر ئەو کەسە بپرسێ: ئەگەر وایە، ئەی بۆ برۆتەس دژی قەیسەر وەستا؟ منیش لە وەڵامدا دەڵێم: نەک لەبەرئەوەی قەیسەرم کەمتر خۆش دەویست، بگرە لەبەرئەوەی ڕۆمام لەلا خۆشەویستتر بوو... کامەتان لا باشتر بوو: قەیسەر زیندوو بووایە و ئێوەش تا مردن هەر کۆیلە بن یان قەیسەر لەناو بچێ و ئێوەش هەمووتان بە سەربەستی بژین؟ قەیسەر منی خۆش دەویست. بۆیە بۆی دەگریم. لەبەرئەوەی بەختەوەر بوو، دڵم پێ خۆش بوو. چونکە ئازا و بوێر بوو، ڕێزی لێ دەنێم. بەڵام لەبەرئەوەی دەسەڵاتخواز بوو، کوشتم. کەواتە فرمێسک بۆ خۆشەویستی دەڕێژم. دڵخۆشی بۆ بەختەوەرییەکەی دەردەبڕم. ڕێز لە ئازایەتییەکەی دەنێم. مردنیش بۆ دەسەڵاتخوازییەکەی بە ڕەوا دەزانم. کێ هەیە لێرە کەسێکی ئەوەندە نزم و بێ نرخ بێ، کە بە کۆیلەیی رازی بێ؟ ئەگەر هەیە با قسە بکات، چونکە من دڵی ئەو کەسەم

شکاندووە. کێ ئەوەندە سپڵە و بێنەزاکەتە، کە خۆی بە رۆمانی نەزانێ؟ ئەگەر هەیە با بڵێ، چونکە من غەدرم لەو کەسە کردووە. کێ هەیە ئەوەندە نامەرد بێ، کە زێد و نیشتمانی خۆی خۆش نەوێ؟ بابڵێ، چونکە من ئەو جۆرە کەسەم تووڕە کردووە. ئێستاش هەڵوەستەیەک دەکەم تا وەڵامم بدەنەوە.

**هاووڵاتییان:**

کەس نییە، برۆتەس، کەس نییە.

**برۆتەس:**

کەواتە دڵی کەسم نەڕەنجاندووە. من هەر ئەوەم بەسەر قەیسەر هێناوە، کە ئێوەش دەتوانن لەگەڵ برۆتەس بیکەن. مەسەلەی کوشتنی قەیسەر لە کاپیتۆڵ تۆمار دەکرێ. هیچ لەو شکۆ و شانازییانە، کە شایستەی قەیسەرن، کەم ناکرێتەوە. تاوانەکانیشی، کە بوون بەهۆی کوشتنی، بەبێ هیچ زیادەپێوەنانێک تۆمار دەکرێن.

(ئەنتۆنی و هەندێ خەڵک دەردەکەون. تەرمی قەیسەریان هەڵگرتووە)

ئەوەتا تەرمەکەی. مارک ئەنتۆنی شیوەنی بۆ دەکات. ئەگەرچی دەستی لە کوشتنی قەیسەر نەبوو، بەڵام مردنی قەیسەر بۆ ئەویش بەسوود دەبێ. پلە و پایەی لە حوکمڕانی گەل پێ دەدرێ. جا کێ هەیە لە ئێوە ئەو مافەی پێ نەدرێت؟ دوا قسەم ئەمەیە: وەک چۆن من بۆ بەرژەوەندی رۆما، خۆشەویستترین هاوڕێی خۆمم کوشت، هەمان ئەو خەنجەرەشم لایە بۆ کوشتنی خۆم ئەگەر خێر و خۆشی رۆما ئەمە بخوازێت.



**هاووڵاتییان:**

بژی برۆتەس! بژی! بژی!

**هاوڵاتیی یەکەم:**

دەبا بە کۆڕەوێکی سەرکەوتووانە هەتا ماڵەوە هەڵی بگرین.

**هاووڵاتیی دووەم:**

با لە تەنیشت پەیکەری باپیرانییەوە، پەیکەرێکی بۆ بتاشین.

**هاووڵاتیی سێیەم:**

شایانی ئەوەیە ببێتە قەیسەر.

**هاووڵاتیی چوارەم:**

رەوشتە بەرزەکانی قەیسەر لە برۆتەس دایە. ئێمە تاجی پێ دەدەین.

**هاووڵاتیی یەکەم:**

با بە بەزم و خۆشییەوە بیگەیەنینە ماڵەوە.

**برۆتەس:**

هاووڵاتییانی خۆشەویست...

**هاووڵاتی دووەم:**

وس بن! بێدەنگ بن! جەنابی برۆتەس قسە دەکات.

**هاووڵاتیی یەکەم:**

تکایە بێدەنگ بن!

**برۆتەس:**

هاووڵاتییانی خۆشەویست: با بە تەنیا من جێتان بێڵم. ئێوە لەبەر خاتری من لەگەڵ ئەنتۆنی بمێننەوە. رێز لە تەرمی

قەیسەر بگرن. گوێ بۆ وتاری ئەنتۆنی رادێرن، کە بە ڕەزامەندی ئێمە لەبارەی شانازییەکانی قەیسەرەوە دەدوێ. تکاتان لێ دەکەم لە من بەولاوە هیچ کەسێکی تر ئەم شوێنە بەجێ نەهێڵێ تا ئەنتۆنی قسەکانی تەواو دەکات.

(دەڕواتە دەرەوە)

**هاووڵاتیی یەکەم:**

خەڵکینە با بمێنینەوە، گوێ بۆ ئەنتۆنی بگرین.

**هاووڵاتیی سێیەم:**

با بچێتە سەر سەکۆکە بۆ ئەوەی گوێمان لێی بێ... سەرکەوە جەنابی ئەنتۆنی.

**ئەنتۆنی:**

سوپاستان دەکەم، کە خاتری برۆتەستان گرت.

(دەچێتە سەر سەکۆکە)

**هاووڵاتیی چوارەم:**

ئەوە چی دەڵێت لەبارەی برۆتەس؟

**هاووڵاتیی سێیەم:**

دەڵێ لەبەرئەوەی خاتری برۆتەسمان گرت، بۆیە سوپاسمان دەکات.

**هاووڵاتیی چوارەم:**

باشتر وایە بە خراپە باسی برۆتەس نەکات.

**هاووڵاتیی یەکەم:**

قەیسەر دیکتاتۆر بوو.



**هاووڵاتیی سێیەم:**

بەڵێ گومان لەوەدا نییە. ئێمە بەختەوەرین، کە رۆما لە دەست ئەو ڕزگاری بوو.

**هاووڵاتیی دووەم:**

وس بن، با بزانین ئەنتۆنی چی دەڵێ.

**ئەنتۆنی:**

رۆمانییە بەڕێزەکان...

**هاووڵاتییەکان:**

وس بن، بێدەنگ بن، با گوێمان لێی بێ...

**ئەنتۆنی:**

هاوڕێیان، رۆمانییەکان، هاووڵاتییەکانم، گوێم بۆ رابگرن: هاتووم تەرمی قەیسەر بنێژم نەک ستایشی بکەم. هەر خراپەیەک، کە مرۆڤ دەیکات دوای مردنیشی لە بیر ناکرێ، بەڵام کاری چاک، هەموو کاتێک لەگەڵ ئێسقانەکانی دەچێتە ژێر گڵەوە. با هەر ئاوا سەیری قەیسەر بکەین. جەنابی برۆتەس پێی گوتن، قەیسەر دەسەڵاتخواز بوو. ئەگەر وابێ، هەڵەیەکی زۆر گەورە بوو، قەیسەریش بە داخ و خەفەتەوە بە سزای قورسی خۆی گەیشت. ئێستاش بە ڕەزامەندیی برۆتەس و یاوەرەکانی – چونکە برۆتەس پیاوێکی بەڕێزە، هەروەها یاوەرەکانیشی، گشتیان بەڕێزن – هاتووم لە ناشتنی قەیسەر قسەتان بۆ بکەم. قەیسەر هاوڕێی من بوو. لەگەڵ من دڵسۆز و راستگۆ بوو. برۆتەس دەڵێ، قەیسەر چاو لە تەخت و دەسەڵاتخواز بوو. برۆتەسیش مرۆڤێکی بەڕێز و شەرەفمەندە.

قەیسەر لە شەڕدا ژمارەیەکی زۆری لە دوژمن بە دیل گرت. ئەو پارەیەی لە ری ئازادکردنی ئەو دیلانە وەرگیرا، گەنجینەی وڵاتی پڕ کرد. ئایا ئەمە بەڵگەیە بۆ دەسەڵاتخوازیی قەیسەر؟ کە هەژارەکان دەگریان، ئەمیش بۆیان دەگریا. دەسەڵاتخوازیی دڵێکی دەوێت لە تەنێکی رەقتر دروست کرابێ، کەچی برۆتەس دەڵێ، قەیسەر دەسەڵاتخواز بوو. برۆتەسیش پیاوێکی بەڕێز و شەرەفمەندە. ئێوە گشتتان بە چاوی خۆتان بینیتان لە جەژنی لوپەرکاڵ، سێ جار تاجی پاشایەتیم پێ دا، هەر سێ جار رەتی کردەوە. ئایا ئەمە دەسەڵاتخوازییە؟ لەگەڵ ئەوەشدا، برۆتەس پێی وایە، کە قەیسەر دەسەڵاتخواز بوو. هەڵبەت برۆتەسیش پیاوێکی بەڕێز و شەرەفمەندە. من نامەوێ بەرپەرچی قسەکانی برۆتەس بدەمەوە، بەڵام هاتووم ئەوەی دەیزانم بیڵێم. ئێوە هەمووتان ڕۆژێ لە ڕۆژان قەیسەرتان خۆش ویستووە. دیارە ئەمەیش بەبێ هۆ نەبووە. ئەی ئێستا چ هۆیەک وای لێ کردوون شینی بۆ نەگێڕن؟ ئای دادپەروەری! چۆن کەوتوویتەتە دەست درندە و خەڵکی بێبەزەیی، کە ئەقڵ و هۆشیان لە دەست داوە! تکایە ئارام بگرن، من دڵم لەلای قەیسەرە، لەناو تابووتەکە. بۆیە پێویستە هەڵوەستەیەک بکەم تا دڵم دەگەڕێتەوە لای خۆم.

(دەگری)

**هاووڵاتیی یەکەم:**

بە رای من بەشێکی زۆر لە قسەکانی ئەنتۆنی ماقووڵ و بەجێن.



**هاووڵاتیی دووەم:**

ئەگەر بەڕاستی بیر لە مەسەلەکە بکەیتەوە، دەردەکەوێ، کە قەیسەر زۆر زوڵمی لێ کراوە.

**هاووڵاتیی سێیەم:**

بەڕاستی وایە، بەڕێزان! دەترسم یەکێکی خراپتر جێگەی قەیسەر بگرێتەوە.

**هاووڵاتیی چوارەم:**

گوێتان لێ بوو چی گوت؟ دەڵێ قەیسەر تاجی پاشایەتی وەرنەگرتووە. کەواتە بەدڵنیاییەوە دەسەڵاتخواز نەبووە.

**هاووڵاتیی یەکەم:**

ئەگەر وابێ، هەڵبەت هەندێکی تر وەری دەگرن.

**هاووڵاتیی دووەم:**

بەستەزمان ئەنتۆنی، چاوەکانی لەبەر گریان هەر دەڵێی ئەسکڵن سوور هەڵگەڕاون.

**هاووڵاتیی سێیەم:**

پیاوی پاک و رەوشتبەرزی وەکو ئەنتۆنی لە رۆمادا نییە.

**هاووڵاتیی چوارەم:**

گوێ بگرن! ئەنتۆنی دیسان قسە دەکات.

**ئەنتۆنی:**

هەتا دوێنێ ئەم دنیایە لەبەر ناوی قەیسەر دەسڵەمییەوە. ئێستاش قەیسەر لێرە کەوتووە، تەنانەت سواڵکەریش رێزی ناگرێ. بەڕێزان، ئەگەر گیانی تووڕەیی و یاخیبوونم لە دڵ و

دەروونی ئێوە جۆش دابێ، زوڵمم لە برۆتەس و لە کاشیەس کردووە. هەڵبەت ئێوە هەمووتان دەزانن ئەوان پیاوی ماقووڵ و بە شەرەفن. من زوڵم لە ئەوان ناکەم. باشتر وایە زوڵم لەو مردووە بکەم. زوڵم لە خۆم و لە ئێوە بکەم، نەک ئەو دوو کەڵەپیاوە دڵپاک و شەرەفمەندانە. ئەم وەسیقەیەم لە ژوورەکەی قەیسەر دۆزییەوە. مۆری خۆیشی لەسەرە. وەسیەتنامەکەیەتی. ببوورن ناتوانم بۆتان بخوێنمەوە... ئەگەر خەڵک گوێیان لەم وەسیەتنامەیە بێ، برینەکانی یەک یەک ماچ دەکەن و دەسەسڕەکانیان لە خوێنە پیرۆزەکەی هەڵدەسوون. هیوا دەخوازن تەنانەت یەک تاڵ لە قژی قەیسەریان دەست کەوێ بۆ یادگاری. کە مردیشن وەکو میراتێکی گرانبەها لە وەسیەتنامەکانیان تۆماری بکەن و بۆ نەوەکانی دوای خۆیان بەجێی بێڵن.

**هاوولاتیی چوارەم:**

بیخوێنەرەوە، مارک ئەنتۆنی، دەمانەوێ گوێمان لە وەسیەتەکە بێت.

**هاوولاتییەکان:**

وەسیەتەکە! وەسیەتەکە! دەمانەوێ گوێمان لە وەسیەتەکەی قەیسەر بێ.

**ئەنتۆنی:**

ئارام بگرن، هاوڕێیانی خۆشەویست. نامەوێ بیخوێنمەوە. ئێستا باش نییە بزانن، کە قەیسەر چەندە ئێوەی خۆش دەویست. خۆ ئێوە دار نین، بەرد نین! ئێوە مرۆڤن، مرۆڤ!



لەبەرئەوەی مرۆڤن، ئەگەر بۆتان بخوێنمەوە، لە تووڕەییانا گڕ دەگرن. شێت و هار دەبن. وا چاکە نەزانن، کە ئێوە میراتگریی قەیسەرن. ئەگەر بزانن – ئۆی... چ ئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە.

**هاوولاتیی چوارەم:**

بیخوێنەرەوە، با گوێمان لێ بێ، ئەنتۆنی. دەبێ وەسیەتنامەکەمان بۆ بخوێنیتەوە... وەسیەتنامەکەی قەیسەر.

**ئەنتۆنی:**

ئارام نابنەوە؟ نەختێک ئارام ناگرن؟ ئاخر من سنووری خۆمم بەزاند، کە باسی وەسیەتنامەکەی قەیسەرم بۆ ئێوە کرد. دەترسم زوڵمم لەو بەڕێزانە کردبێ، کە خەنجەرەکانیان لە جەستەی قەیسەر گیر کرد. من بەڕاستی لەوە دەترسم.

**هاوولاتیی چوارەم:**

ئەوانە خائینن، بەڕێز نین.

**هاوولاتییەکان:**

وەسیەتەکە! وەسیەتەکە.

**هاوولاتیی دووەم:**

ئەوانە دڕندەن! بکوژن! وەسیەتنامەکە! وەسیەتنامەکەمان بۆ بخوێنەرەوە.

**ئەنتۆنی:**

ئێوە ناچارم دەکەن وەسیەتنامەکەتان بۆ بخوێنمەوە؟ کەواتە بازنەیەک بە دەوری تەرمی قەیسەردا ببەستن و ماوەم پێ بدەن با خۆیتان پێ پێشان بدەم، کە ئەو وەسیەتنامەیەی نووسیوە. دابەزمە خوارەوە؟ ڕێگەم پێ دەدەن؟

**هاووڵاتییەکان:**

فەرموو دابەزە!

**هاووڵاتیی دووەم:**

دابەزە!

**هاووڵاتیی سێیەم:**

فەرموو! فەرموو!

(ئەنتۆنی لە سەکۆکە دادەبەزێتە خوارەوە)

**هاووڵاتیی چوارەم:**

لە شێوەی بازنە بە دەورەی قەیسەردا بوەستن.

**هاووڵاتیی یەکەم:**

دوور لە تەرمەکە بوەستن. لە تەرمەکە دوور بکەونەوە.

**هاووڵاتیی دووەم:**

ڕێگە بۆ ئەنتۆنی چۆڵ کەن، ئەنتۆنیی بەرز و بەڕێز.

**ئەنتۆنی:**

زۆر قەڵەباڵغیم لەسەر نەکەن. نەختێک دوور بوەستن.

**هاووڵاتییەکان:**

بڕۆن بۆ دواوە. ڕێگە چۆڵ کەن! دوور بوەستن!

**ئەنتۆنی:**

ئەگەر فرمێسکتان هەیە، ئامادە بن تا بیانرێژن. هەمووتان ئەو ڕۆبە دەناسنەوە. بیرمە، کە قەیسەر بۆ یەکەم جار کردیە بەری. ئێوارەیەکی هاوین بوو، لەناو خێوەتەکەی. ئەو ڕۆژە لە شەڕی نێرڤییەکان[38] سەرکەوتبوو. سەیرکەن! ئا لێرەدا کاشیەس



خەنجەرەکەی لە جەستەی قەیسەر گیر کرد. تەماشا کەن! کاسکای قین لە دڵ بڕینێکی چەندە قووڵی لە جەستەیدا کردووە! سەیر کەن! برۆتەسی خۆشەویستیش لێرەوە خەنجەرەکەی لە جەستەی قەیسەر ڕاکرد. کاتێ خەنجەرە نەفرەتییەکەیشی هێنایە دەرەوە، تەماشا کەن، چۆن خوێن دوای خەنجەرەکە فیچقەی بەستووە! دەڵێی ویستوویەتی دڵنیا بێ ئاخۆ ئەوە برۆتەسە ئەم خەنجەرەی لێ دا یان نا، چونکە برۆتەس وەکو خۆتان دەزانن، چەندە لای قەیسەر خۆشەویست بوو. ئەی خواوەندە گەورەکان! ئێوە شایەتی ئەوە بدەن، کە قەیسەر چەندە برۆتەسی خۆش دەویست، چونکە کاتێ قەیسەری مەزن بینی برۆتەس خەنجەری لێ دەدا، سپڵەیی ئەمی لە خەنجەر وەشاندنی ناپاکەکانی تر لەلا بە ئازارتر بوو. هەر ئەمەیش قەیسەری بەزاند و ئیتر دڵە بەهێزەکەی لە لێدان کەوت. دەموچاوی بە ڕۆبەکەی بەرییەوە داپۆشی و لە بەردەم پەیکەرەکەی پۆمپی، کە بەرێژاییی ئەو ماوەیە خوێنی لێ دەچۆڕایەوە[39]، قەیسەری مەزن کەوتە خوارەوە. ئاخ چ کەوتنێک بوو، هاووڵاتییەکانم! کەوتنی من و ئێوە و گشتمان بوو! خیانەتی بە نەفرەت بەسەرماندا زاڵ بوو... ئاخ، ئێستا بۆی بگرین. هەست دەکەم بەزەییتان پێدا دێتەوە. فرمێسکەکانتان فرمێسکی هاوسۆزییە. ئای، مرۆڤە دڵناسک و بە بەزەییەکان! ئەمە جارێ تەنیا ڕۆبەکەیتان بینی کون بووە، ئاوا بۆتان کردە گریان؟ وەرن سەیری خۆی بکەن! ئەوەتا، وەکو دەیبینن، خۆی بە دەستی ئەو ناپاکانە جەستەی کون کون کراوە.

**هاوولاتیی یەکەم:**

وای لەم دیمەنە جەرگبڕە.

**هاوولاتیی دووەم:**

قەیسەری مەزن ڕۆ.

**هاوولاتیی سێیەم:**

ئای لەم ڕۆژە ناخۆشە.

**هاوولاتیی چوارەم:**

ئەی ناپاکینە! ئەی بەدکارینە.

**هاوولاتیی یەکەم:**

ئەمە خوێناویترین دیمەنە.

**هاوولاتیی دووەم:**

دەبێ تۆڵەی بکەینەوە.

**هاوولاتییەکان:**

تۆڵە! بڕۆن بە دوایاندا بگەڕێن! بیانسووتێنن! ئاگریان تێ بەردەن! بیانکوژن! پارچە پارچەیان بکەن! هیچ خائینێک بە زیندوویی نەهێڵنەوە.

**ئەنتۆنی:**

بوەستن، هاوولاتییان.

**هاوولاتیی یەکەم:**

بێدەنگ بن! گوێ بۆ ئەنتۆنی بەڕێز بگرن!

**هاوولاتیی دووەم:**

گوێی بۆ دەگرین. لەگەڵ ئەنتۆنی داین. لەگەڵ ئەو دەمرین.



**ئەنتۆنی:**

هاوڕێیانی خۆشەویست، هاوڕێیانی ئازیز، من نامەوێ هانتان بدەم بۆ ئەوەی لە پڕێکا گیانی تووڕەیی و یاخیبوونتان بەجارێ بێتە جۆش. ئەوانەی ئەم کارەیان ئەنجام دا پیاوی بە شەرەف و بەڕێزن. بە داخەوە نازانم چ خەم و خەفەتێکی کەسێنی هانی دان ئەم کارە بکەن. ئەوان مرۆڤی بەڕێز و ژیرن. هەڵبەت بە بەڵگەوە وەڵامی ئێوە دەدەنەوە. برایان: من نەهاتووم دڵی ئێوە بەلای خۆمدا رابکێشم. برۆتەس ئاسایی قسەزان نیم، بەڵام، هەروەک خۆتان باش دەمناسن، پیاوێکی بێ پێچوپەنا و قسەلەڕووم. قەیسەری هاوڕێمم خۆش دەوێ. ئەوانەیش، کە ماوەیان پێ دام بە راشکاوی ئەم قسانە بکەم، ئەم راستییەیان باش دەزانی، چونکە من نە ئەوەندە قسەزان و رەوانبێژم، نە ئەوەندەش بە توانا و بە کردوکۆش و دەسڕۆم تا تووڕەییی خەڵک بوروژێنم. من تەنیا بە راشکاویی قسە دەکەم. ئەوەی من پێتان دەڵێم، ئێوە باش دەیزانن. برینەکانی قەیسەری ئازیزتان پێشان دەدەم. با ئەو برینانەی، کە وەک دەمی پووکاوەی بێ زمان وان، لە جیاتی من بدوێن. خۆ ئەگەر من برۆتەس بوومایە و ئەویش ئەنتۆنی، ئەو کاتە ئەنتۆنی دەیتوانێ ئاگری دەروونتان جۆش بدا وبۆ هەر برینێک زمانێک ساز بدا، کە هەموو بەردێکی لە رۆما دەورووژان و ڕاپەڕینێکی بەرپا دەکرد.

**هاوولاتییەکان:**

ڕاپەڕین دەکەین.

**هاووڵاتیی یەکەم:**

خانووبەرەی برۆتەس دەسووتێنین.

**هاووڵاتیی سێیەم:**

کەواتە با برۆین، بە شوێن ئەو ناپاکانەدا بگەڕێین.

**ئەنتۆنی:**

بوەستن، هاووڵاتییان، گوێ بگرن با قسەتان بۆ بکەم.

**هاووڵاتییەکان:**

بێدەنگ بن! گوێ بۆ ئەنتۆنی بگرن، ئەنتۆنیی بەرز و بەڕێز.

**ئەنتۆنی:**

بوەستن برایان، ئێوە هێشتا نازانن نیازی چیتان هەیە، بیکەن! بۆچی قەیسەر شایستەی ڕێز و خۆشەویستیی ئێوەیە؟... حەیف نازانن. کەواتە با هەر خۆم پێتان بڵێم: وەسیەتنامەکەتان بیر چوو، کە بۆم باسم کردن؟

**هاووڵاتییەکان:**

ڕاستە. وەسیەتنامەکە! با بوەستین گوێمان لە وەسیەتەکە بێ.

**ئەنتۆنی:**

ئا ئەمەیە وەسیەتنامەکەی قەیسەر. مۆری خۆیشی لەسەرە. بۆ هەر ڕۆمانییەک پێنج دراخمای[٤٠] پێشکێش کردووە.

**هاووڵاتیی دووەم:**

ئەی قەیسەری پایەبەرز و بەڕێز! دەبێ تۆڵەت هەر بکەینەوە.

**هاووڵاتیی سێیەم:**

ئـــــاخ، قەیسەری خاوەن شکۆ.



**ئەنتۆنی:**

بە ئارامییەوە گوێم بۆ رابگرن.

**هاووڵاتییەکان:**

بێدەنگ!

**ئەنتۆنی:**

لەمەش زیاتر، هەرچی کێڵگە و مەزرا و دار و درەختی خۆی هەیە لەگەڵ هەموو رەز و باخاتی ئەمبەرەی رووباری تایبەر بۆ ئێوەی بەجێ هێشتووە. پشووگە و سەیرانگەی دڵڕفێن. تێیدا بسووڕێنەوە و ببووژێنەوە. ئەمە بوو قەیسەر! کەی یەکێکی وەک ئەو هەڵدەکەوێ؟

**هاووڵاتیی یەکەم:**

هەرگیز، هەرگیز. وەرن، وەرن با تەرمەکەی لە پەرستگا بسووتێنین. چەند مەشخەڵێک ئاگری لێ هەڵبگرین و خانووبەرەی ئەو ناپاکانەی پێ بسووتێنین... تەرمەکەی هەڵگرن.

**هاووڵاتیی دووەم:**

دە برۆن ئاگر بێنن.

**هاووڵاتیی سێیەم:**

ئەو کورسییانە راکێشن.

**هاووڵاتیی چوارەم:**

تەختەدار، کورسی، پەنجەرە، هەموو شتێک!

(هاووڵاتییەکان تەرمەکە دەبەن بۆ دەرەوە)

**ئەنتۆنی:**

دەبا دەست بەکار بن. پشێوی دەستی پێ کرد. هەر رێگەیەکتان دەوێت، بیگرنە بەر.

(خزمەتکاری ئۆکتاڤیەس دێتە ژوورەوە)

**ئەنتۆنی:**

ها، چی هەیە؟

**خزمەتکاری ئۆکتاڤیەس:**

گەورەم، ئۆکتاڤیەس هەر ئێستا گەیشتە رۆما.

**ئەنتۆنی:**

کوا لە کوێیە؟

**خزمەتکاری ئۆکتاڤیەس:**

لەگەڵ لێپیدۆس، لە کۆشکی قەیسەرن.

**ئەنتۆنی:**

هەر ئێستا دەچم سەردانی دەکەم. بەڕاستی لە کاتێکی باشدا هات. بەخت یاوەرمانە. بەم شێوەیە، هەموو شتێک بە ئارەزووی خۆمان دەبێ.

**خزمەتکاری ئۆکتاڤیەس:**

گوێم لێ بوو دەیگوت، برۆتەس و کاشیەس وەکو شێت لە دەروازەکانی رۆما دەرپەڕین.

**ئەنتۆنی:**

رەنگە هەستیان بەوە کردبێت، من چۆن خەڵکم هان داوە. با بۆ لای ئۆکتاڤیەس بچین.

(دەڕۆنە دەرەوە)



## دیمەنی سێیەم

(شەقامێک لە رۆما. سینای شاعیر دەردەکەوێ)

**سینای شاعیر:**

دوێنێ شەو لە خەونمدا لەگەڵ قەیسەر لە جەژن و خۆشیدا بووم. پێشبینی دەکەم پشێویی و ئاژاوە سەر هەڵبدەن. حەز ناکەم بچمە دەرەوە، بەڵام شتێک لە ناخەوە پاڵم پێوە دەنێ، کە بچمە دەرەوە.

(هاووڵاتییەکان دەردەکەون)

**هاووڵاتیی یەکەم:**

ناوت چییە؟

**هاووڵاتیی دووەم:**

بۆ کوێ دەچیت؟

**هاووڵاتیی سێیەم:**

ماڵت لە کوێیە؟

**هاووڵاتیی چوارەم:**

ژنت هێناوە یا رەبەنیت؟

**هاووڵاتیی دووەم:**

یەکسەر وەڵام بدەرەوە.

**هاووڵاتیی یەکەم:**

ئا، بە کورتیش.

**هاووڵاتیی چوارەم:**

ژیرانەش.

**هاوولاتیی سێیەم:**

بەڵێ. بەڕاستی وەڵام بدەرەوە. بۆ خۆت باشترە.

**سینای شاعیر:**

ناوم چییە. بۆ کوێ دەچم. ماڵم لە کوێیە. ژنم هێناوە یا ڕەبەنم. کەواتە با یەکسەر، بە کورتی، ژیرانە، بەڕاستی وەڵامتان بدەمەوە. ژیرانە پێتان بڵێم، من ڕەبەنم.

**هاوولاتیی دووەم:**

ئەمە وەک ئەوەیە بڵێی، ئەوانەی ژنیان هێناوە دەبەنگن. لەسەر ئەم قسەیەت بە دەستی من شەپازللەیەک دەخۆیت. دەی قسە بکە، بێ پێچوپەنا.

**سینای شاعیر:**

بێ پێچ و پەنا بۆ ناشتنی تەرمەکەی قەیسەر هاتووم.

**هاوولاتیی یەکەم:**

وەک دۆستێک یان دوژمنێک؟

**سینای شاعیر:**

وەک دۆستێک

**هاوولاتیی دووەم:**

ئەم وەڵامەت خێرا بوو.

**هاوولاتیی چوارەم:**

بە کورتی پێمان بڵێ، ماڵت لە کوێیە؟

**سینای شاعیر:**

بە کورتی، لە تەنیشت کاپیتۆڵە.



**هاوولاتیی سێیەم:**

ئەی ناوت چییە؟ بەڕاستی بێژە.

**سینای شاعیر:**

بەڕاستی ناوم سینایە.

**هاوولاتیی یەکەم:**

پارچە پارچەی بکەن! ئەمە یەکێکە لە پیلانگێڕەکان.

**سینای شاعیر:**

من سینای شاعیرم، سینای شاعیر.

**هاوولاتیی چوارەم:**

لەبەر شیعرە پڕوپووچەکانی شەت و پەتی کەن، لەبەر شیعرە پڕوپووچەکانی.

**سینای شاعیر:**

من سینای پیلانگێڕ نیم.

**هاوولاتیی چوارەم:**

گرینگ نییە. خۆ ناوی سینایە. ناوەکەی لە دڵ هەڵکێشنە دەرەوە و بەرەڵای بکەن، با بڕوات.

**هاوولاتیی سێیەم:**

ونجڕ ونجڕی بکەن. پارچە پارچەی بکەن. وەرن مەشخەڵ هەڵگرەکان، وەرن با بچین ماڵی برۆتەس و کاشیەس بسووتێنین. هەندێک بڕۆن بۆ ماڵی دیشیەس. هەندێکیش بۆ ماڵی کاسکا. چەند کەسانێکیش بچن بۆ ماڵی لیگاریەس. دەی پەلە بکەن.

(دەڕۆنە دەرەوە)

# بەشی چوارەم

## دیمەنی یەکەم

(رۆما. ماڵی ئەنتۆنی. ئەنتۆنی و ئۆکتاڤیەس و لێپیدۆس لە پشت مێزێک دانیشتوون)

**ئەنتۆنی:**

کەواتە هەموو ئەو کەسانەی، کە ناوەکانمان نیشان کردن، پێویستە لەناو بچن.

**ئۆکتاڤیەس:**

(بۆ لێپیدۆس)

براکەی تۆش دەبێ لەناو بچێ. ڕازیت، لێپیدۆس؟

**لێپیدۆس:**

بەڵێ، ڕازیم.

**ئۆکتاڤیەس:**

ئەنتۆنی، نووکە قەڵەمێ لەناوی ئەویش بدە.

**لێپیدۆس:**

بە مەرجێ، مارک ئەنتۆنی، بە مەرجێک پەبلیەسی خوشکەزاشت نابێ بژی.

**ئەنتۆنی:**

نابێ بژی. سەیرکە، چۆن ناوەکەیم نیشان کرد و نەفرەتم لێ



کرد. بەڵام لێپیدۆس، هەستە برۆ بۆ کۆشکی قەیسەر. وەسیەتنامەکەی بێنە با هەندێک لەو میراتە کەم بکەینەوە، کە لە وەسیەتنامەکەدا هاتووە.

**لێپیدۆس:**

ئەی من هەر لێرە ئێوە دەبینمەوە؟

**ئۆکتاڤیەس:**

لێرە یان لە کاپیتۆڵ.

(لێپیدۆس دەچێتە دەرەوە)

**ئەنتۆنی:**

لێپیدۆس پیاوێکی دەبەنگ و لێنەهاتووە. هەر بۆ ئەوە باشە پەیام و راسپاردەی پێ بنێریت بۆ ئەملا و ئەولا. ئاخر مانای نییە ئەم دنیایە بکرێتە سێ بەش و ئەویش یەکێک لەو سێ بەشەی بەرکەوێ.

**ئۆکتاڤیەس:**

تۆ خۆت وات بۆ دانا. کاتێ ناوی تاوانبارەکانت بۆ لە سێدارەدان لە لیستی رەش نیشان کرد، رای ئەویشت وەرگرت.

**ئەنتۆنی:**

ئۆکتاڤیەس، من لە تۆ زیاتر دنیام بینیوە. کە ئەو پیاوە گەورە دەکەم و رێزی دەگرم، بۆ ئەوەیە ئەو گلەیی و گازاندەیە لەسەر خۆمان سووک بکەین، کە بەهۆی کارەکەمانەوە لێمان دەکرێت. وەکو کەرێک زێڕی لێ باربکرێ، باری خۆمانی لێ بار دەکەین تا لەژێر ئەو بارەدا هەڵکە هەڵکی لێوە دێت. ئەو کاتە بە

ئارەزووی خۆمان ئاراستەی دەکەین. هەر کاتێک گەنجینەکەی بۆ گەیاندینە شوێنی مەبەست، بارەکەی پێ دەخەین و ترۆی دەکەین. ئەویش وەک گوێدرێژێک، کە بارەکەی داگیرا بێت، گوێیەکانی بۆ دەلەقێنێت و لە پاوانەکانەوە بەردەبێتە گژوگیا خواردن.

**ئۆکتاڤیەس:**

تۆ بە هەوەسی خۆت بکە، بەڵام چاک بزانە ، لێپیدۆس شەڕوانێکی بە ئەزموون و چاونەترسە.

**ئەنتۆنی:**

ئۆکتاڤیەس، ئەسپەکەیشم هەروایە. هەر بۆیە تەویلەکەیم پڕ کردووە لە ئالیک. خۆم فێرم کردووە لووشکە بوەشێنێ، تەکان بدا، بوەستێ، بڕوات، بگەڕێتەوە بۆ دواوە. جڵەوی هەموو جووڵانەوەیەکی لە دەستی خۆمدایە. لێپیدۆسیش تا ڕادەیەک ئاوایە. پێویستە رام بکرێ. فێر بکرێ بە فەرمان بڕوات و بە فەرمان بوەستێت. پیاوێکی ساویلکە و بۆشە. هەر بایەخ بە لاساییکردنەوە دەدا. بەشێوازێک دەژی، دەمێکە خەڵک لێی بێزار بوون. باسی لێپیدۆس مەکە زیاتر لەوەی، کە ئامێرێکە بە دەست خۆمانەوە. ئێستا تۆ واز لە لێپیدۆس بێنە. با بێینە سەر شتی گرینگ. برۆتەس و کاشیەس خەریکن هێزێکی گەورە کۆ دەکەنەوە. پێویستە ئێمە هەوڵەکانمان یەک بخەین. لەگەڵ دۆستەکانماندا هەماهەنگی بکەین. هەموو توانایەکمان بخەینە کار. با هەر ئێستا کۆبوونەوەیێ ببەستین بۆ راوێژکردن بۆ ئەوەی باشترین رێگە بدۆزینەوە بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلان و



نهێنییەکانیان و دەستەبەرکردنی ئاسانترین رێگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان.

**ئۆکتاڤیەس:**

با وا بکەین. ئێمە لە مەترسیداین. دوژمن لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی داوین. دەترسم ئەوانەی لەگەڵماندا دەم بە خەندە و ڕووخۆشن، لەژێرەوە هەزاران چاڵیان بۆ هەڵکەندبین.

(دەڕۆنە دەرەوە)

### دیمەنی دووەم

(شەوە. سەربازگەیەک لە نزیک ساردیس. بەردەمی خێوەتەکەی برۆتەس. دەنگی دەهۆڵ. برۆتەس و لۆشیلۆس و لۆشیەس لەگەڵ دەستەیەک سەرباز دەردەکەون. پیندارۆس و تیتینیەس بەرەو ڕوویان دێن)

**برۆتەس:**

هێی، بوەستە!

**لۆشیلۆس:**

لە شوێنی خۆت بوەستە و خۆت بناسێنە.

**برۆتەس:**

ها، لۆشیلۆس، چییە؟ کاشیەس لەم دەوروبەرەیە؟

**لۆشیلۆس:**

بەڵێ، لێرەوە نزیکە. پیندارۆسیش هاتووە سڵاو و ڕێزی کاشیەستان پێ رابگەیەنێت.

**پیندارۆس:**

"نامەیەک دەداتە دەست برۆتەس"

**برۆتەس:**

بە پیاوێکی باش سڵاو و ڕێزم بۆ دەنێرێت. پیندارۆس، کاشیەسی سەرۆکت، لەبەر ئەوەی یان رای خۆی گۆڕیوە یاخود کەوتۆتە ژێر کاریگەرێتی ئەفسەرە خراپەکانییەوە، بۆیە بەڵگەی تەواوی داوەتە دەست، کە لەو کارانە پەشیمان بمەوە، کە بەیەکەوە کردوومانە. ئێستاش ئەگەر خۆی لەم نزیکانە بێت، با بێت حاڵیم بکات.

**پیندارۆس:**

من دڵنیام جەنابی کاشیەس وەک چۆنت ناسیوە، هەر وایە. پاک و بەڕێزە.

**برۆتەس:**

منیش لەمەدا گومانم نییە... لۆشیلۆس، با قسەیەکت لە گەڵ بکەم.

"لۆشیلۆس دەباتە لایەکەوە"

کاشیەس چۆن پێشوازیی لە تۆ کرد؟ بڵێ با دڵنیا بم.

**لۆشیلۆس:**

بە گەرم و گوڕیی و بە ڕێزەوە پێشوازیی لێ کردم، بەڵام نەک بەو گەرم و گوڕییەی جاران. بە راشکاویی و رووخۆشییەوە قسەی لە گەڵ نەکردم، کە راهاتبوو.

**برۆتەس:**

تۆ باسی هاوڕێیەکت کرد، پێشتر گەرموگوڕ بوو، ئێستاش





سارد و بێ مەیلە. بیرت نەچێ لۆشیلۆس، کاتێک خۆشەویستی کز دەبێ، پەنا دەباتە بەر قسەی رازاوە و زل زل. دڵسۆزیی و دەروون پاکی فرتوفێڵی تێدا نییە. پیاوی سپڵە وەکو ئەسپ وایە. سەرەتا وا پێشان دەدا، کە گەرموگوڕە و ئومێد بە مرۆڤ دەدا.

(لە ژوورەوە دەنگی دەهۆڵ بە کزیی دێت. هەروەها تەپە تەپی رۆیشتنی سەربازان دەبیستریێ)

بەڵام هەر کاتێک پێویستی وا بخوازێ، کە نەقیزەیەکی تێ بوەژێت، لغاوی شۆڕ دەکاتەوە و وەک ئەسپێکی پەککەوتەی ماندوو، مرۆڤ بێ ئومێد دەکات. ئەی لەشکرەکەی بەڕێوەیە؟

**لۆشیلۆس:**

ئەمشەو بە تەمان بار و بارخانەیان لە ساردیس بخەن، بەڵام دەستەی سوارئەسپەکان لەگەڵ کاشیەس دێن.

(دەنگی تەپە تەپی پێ دێت)

**برۆتەس:**

ئەوەتا گەیشت! برۆن بە ڕێزەوە پێشوازیی لێ بکەن.

**کاشیەس:**

(لەگەڵ کۆمەڵێک سەرباز دێتە ژوورەوە)

بوەستن.

**برۆتەس:**

بوەستن، پێیان بڵێن، بوەستن.

**سەربازی یەکەم:**

"لەژوورەوە"

بوەستن!

**سەربازی دووەم:**

"لەژوورەوە"

بوەستن!

**سەربازی سێیەم:**

"لەژوورەوە"

بوەستن!

**کاشیەس:**

برای بەرز و بەڕێزم، تۆ کارێکی خراپت لەگەڵ من کرد.

**برۆتەس:**

ئەی خواوەندەکان، ئێوە شایەتمان بن، ئایا من خراپەم تەنانەت لەگەڵ دوژمنانی خۆم کردووە؟ ئەگەر نەمکردووە، چۆن خراپە لەگەڵ برای خۆم دەکەم؟

**کاشیەس:**

برۆتەس، بەم ئاخاوتنە هێمنانەت کارە چەوتەکانت دادەپۆشیت. کە ئەنجامیشیان دەدەیت...

**برۆتەس:**

ئارام بە کاشیەس. بە هێمنییەوە گلەییەکانی خۆت بکە. من تۆ باش دەناسم. با لە بەردەم هەردوو لەشکرەکەمان، کە هەر بە چاوی ڕێز و خۆشەویستییەوە سەیرمان دەکەن، نەبێت بە مشتومڕمان. فەرمان بدە با دوور بکەونەوە. پاشان لەناو خێوەتەکەم دادەنیشین. هەرچی گلەیی و گازاندەت هەیە هەڵی بڕێژە. منیش گوێت بۆ رادەگرم.



**کاشیەس:**

پیندارۆس، بە فەرماندەکان بڵێ با سەربازەکان لێرە نەختێک دوور بخەنەوە.

**برۆتەس:**

لۆشیلۆس، تۆش هەروا بکە. با کەس بەلای خێوەتەکەمانەوە نەیەت هەتا وتووێژەکەمان تەواو دەکەین. با لۆشیەس و تیتینیەس پاسەوانی دەرگەی خێوەتەکە بکەن.

(دەرۆنە دەرەوە)

### دیمەنی سێیەم

(هەمان سەربازگەی پێشوو. ناو خێوەتەکەی برۆتەس. برۆتەس و کاشیەس لەناو خێوەتەکە دان)

**کاشیەس:**

ئەو خراپەیەی تۆ لەگەڵ من کردت، لەم مەسەلەیەڕا دیارە: تۆ "لۆشیەس پێلا"ت تاوانبار و ریسوا کرد، چونکە رەشوەی لە دانیشتوانی ساردیس وەرگرتووە. منیش چەند نامەیەکم بۆ ناردیت. پاکانەم بۆ ئەو کرد، لەبەرئەوەی من ئەو پیاوە باش دەناسم. بەڵام تۆ هیچ بایەخێکت بە نامەکانی من نەدا.

**برۆتەس:**

تۆ خۆت کارێکی هەڵەت کرد، کە بۆ مەسەلەیەکی ئاوا نامەت بۆ من نووسی.

**کاشیەس:**

لە بارودۆخێکی ئاوا شتێکی راست نییە رەخنە لە هەموو

هەڵەیەکی ورد بگریت.

**برۆتەس:**

با پێت بڵێم، کاشیەس، تۆ خۆت بەوە تاوانباریت، کە شێتی پارە و پوولیت. پلە و پایەکانت بەسەر کەسانی ناشایستە دابەش کردووە و لە بری ئەمە زێڕت وەرگرتووە.

**کاشیەس:**

من شێتی پارە و پوولم؟ سوێندم بە خواوەندەکان، ئەگەر هەر یەکێکی تر ئەم قسەیەی کردبا، دەبوو دوا قسەی بێ.

**برۆتەس:**

ناوی کاشیەس ئەم گەندەڵکاریانە دادەپۆشێ. بۆیە بەبێ سزادان تێ دەپەڕن.

**کاشیەس:**

بەبێ سزادان؟.

**برۆتەس:**

مانگی ئادارت بیر چوو؟ پازدەی ئادار بیر خۆت بێنەوە. ئەی هەر لەپێناوی دادپەروەریی و یەکسانی نەبوو خوێنی قەیسەری مەزنمان رشت؟ لە دادپەروەریی بەولاوە، کامە نامەرد بە مەبەستێکی تر خەنجەرەکەی وەشاندە جەستەی قەیسەر؟ ئاخر کەسێ لە ئێمە، کە تەخت و بەختی گرینگترین مرۆڤی ئەم دنیایەمان رووخاند، ئامانجی ئەوە بوو پشتگیریی لە دز و جەردەکان بکا؟ ئاخۆ رەوایە ئێمە دەست و پەنجەکانمان بە چڵکی رەشوە گڵاو بکەین و پلە و پایە گەورەکان بۆ هەندێک پارە و پوول بفرۆشین، کە هێندەی چنگی دەستە؟ من لام



باشترە سەگێک بم، هەر بە مانگ بوەڕم نەک رۆمانییەکی ئاوا بم.

**کاشیەس:**

برۆتەس، شەرم پێ مەفرۆشە! چیی تر خۆم پێ ناگیرێت. تۆ خۆتت بیر چووەتەوە، کە بەم شێوەیە تەنگەتاوم دەکەیت. من سەربازێکم پلە و پایەم لە هیی تۆ بەرزترە. بۆ بڕیاردان لە تۆ بە تواناترم.

**برۆتەس:**

وا نیت، تۆ دۆڕاویت، کاشیەس.

**کاشیەس:**

بەڵێ، ئاوام.

**برۆتەس:**

دەڵێم وا نیت.

**کاشیەس:**

چیی تر تووڕەم مەکە با نەگاتە سەر ئێسقانم. ئەگەر تەندروستی خۆتت لەلا گرینگە، چیی تر دەمارم مەگرە.

**برۆتەس:**

لە خۆت هەڵدە هەی هیچوپووچ.

**کاشیەس:**

چی چی؟ ئەوە بە ڕاستتە؟.

**برۆتەس:**

گوێ بگرە با پێت بڵێم: تۆ لات وایە من جڵەو بۆ ئەم

تووڕەییەت شل دەکەم؟ لە چاوسوورکردنەوەی پیاوێکی شێتی وەک تۆ دەترسم؟

**کاشیەس:**

ئەی خواوەندەکان، ئەی خواوەندەکان! کەی ڕەوایە من بەرگەی ئەمانە بگرم؟

**برۆتەس:**

ئەمانە؟ بەڵێ، ئەمانە و زیاتریش. ئەوەندە خۆت تووڕە بکە تا دڵی شادت شەق دەبات. ئەم شێتگیرییەت پێشانی بەندە و خواردەستەکانت بدە. بەند و نۆکەرەکانتی پێ بترسێنە. هەڵوێستی خۆم بگۆڕم؟ گوێ بە قسەکانی تۆ بدەم؟ دەتەوێ لە بەردەم هەڵچوون و سروشتی شێتانەی تۆ چۆک بدەم و بێدەنگ بم؟ سوێند بێ بە خواوەندەکان، دەبێ ئەو ڕق و کینە ژەهراوییەت بخۆیتەوە هەتا شەق دەبەیت، چونکە لە ئەمڕۆ بەدواوە، هەر کاتێک ببینم تووڕەیت، دەتکەم بە گاڵتەجاڕی خۆم و بابەتی گاڵتە و پێکەنین.

**کاشیەس:**

وای لێ هات؟!

**برۆتەس:**

دەڵێی، سەربازێکم لە تۆ باشترە! پێشانی بدە. ئەو خۆ هەڵکێشانەت بسەلمێنە. دڵم پێ خۆش دەبێ. بەشبەحاڵی خۆم زۆر حەز دەکەم شت لە پیاوی گەورە و ماقووڵ فێر بم.

**کاشیەس:**

تۆ بە هەموو شێوەیەک زوڵم لە من دەکەیت. من گوتم پلە و



پایەم لە هیی تۆ بەرزترە، کەی گوتوومە لە تۆ باشترم؟.

**برۆتەس:**

ئەگەر ئاواشت گوتبێ، من گوێی پێ نادەم.

**کاشیەس:**

کە قەیسەر زیندوو بوو، زاتی نەدەکرد ئاوا تووڕەم بکا.

**برۆتەس:**

وس بە، وس! کەی تۆ زاتت دەکرد ئاوا لە ڕوویدا بوەستیت؟

**کاشیەس:**

من زاتم نەدەکرد؟.

**برۆتەس:**

نەخێر زاتت نەدەکرد.

**کاشیەس:**

چی؟ زاتم نەدەکرد بە ڕوویدا بوەستمەوە؟.

**برۆتەس:**

لە گیانی خۆت دەترسایت، بۆیە زاتت نەدەکرد.

**کاشیەس:**

برۆتەس، لە ئاست دۆستایەتی و خۆشەویستی نێوانمان ئاوا بێنەزاکەت مەبە! با شتێک نەکەم و پاشان ئاخ و داخی بۆ بخۆم.

**برۆتەس:**

تۆ لە پێش ئەوەدا شتی ئاوات کردووە، ئێستاش لێی پەشیمان بوویتەوە؟ کاشیەس، من باکم بەو هەڕەشە و گوڕەشەیەی تۆ

نیيە، چونکە بە ڕاستگۆیی و دەروونپاکی خۆمەوە، بەهێزم. بۆیە ئەو گەف و گوڕەت وەکو "با" بە بن گوێمدا دێت و دەبووڕێت، بێ ئەوەی بایەخێکی پێ بدەم. من داوای بڕێک پارەم لە تۆ کرد، کەچی داواکەی منت ڕەت کردەوە. ئاخر من ناتوانم بە فێڵ و فەرەج پارە کۆ بکەمەوە. لام باشترە دڵم بکەم بە سکەی پارە و هەر دڵۆپە خوێنێکی خۆم بکەم بە دراخما نەک بڕێک پارە و پوولی بێ بایەخ بە فرتوفێڵ لە چنگی ئەو جووتیارە نەدارانە دەربێنم، کە بە زەحمەت پەیدایان کردووە. من داوای پارەم لە تۆ کرد بۆ ئەوەی مووچەی سەربازەکانی پێ بدەم. تۆش داواکەمت ڕەت کردەوە. ئایا ئەم هەڵوێستە لە کاشیەس دێت؟ ئەگەر من لە شوێنی تۆ بووام، ئاوا وەڵامی کاشیەست دەدایەوە؟ ئەگەر برۆتەس ئەوەندە پوولەکی بێ، کە پارە و پوولی بێ قیمەت لە دۆست و یاوەرانی خۆی بشارێتەوە، با خواوەندەکان بەر چەخماخەی ئاسمانی بدەن و پارچە پارچەی بکەن.

**کاشیەس:**

من داواکەی تۆم ڕەت نەکردەوە.

**برۆتەس:**

با، ڕەتت کردەوە.

**کاشیەس:**

نەخێر، وا نییە. ئەو کەسەی وەڵامەکەی منی بۆ تۆ هێنا دەبەنگ بوو، برۆتەس تۆ دڵی منت شکاند. پێویستە مرۆڤ لە بەرامبەر کەموکووڕیی هاوڕێی خۆیدا سنگی فراوان بێ، کەچی تۆ



مێشێکم لێ دەکەیت بە گامێشێک[٤١].

**برۆتەس:**

نەخێر، وا ناکەم. ئەگەر تۆ ئەو کەموکووڕییانەت لە دژی من بەکار نەهێنی.

**کاشیەس:**

کەیفت بە من نایەت.

**برۆتەس:**

کەیفم بە ڕەفتارە چەوتەکانت نایەت.

**کاشیەس:**

هاوڕێی ڕاستەقینە چاو لەم جۆرە ڕەفتارە چەوتانە دەپۆشێ.

**برۆتەس:**

تەنیا مرۆڤی دووڕوو چاو لەم جۆرە ڕەفتارە چەوتانە دەپۆشێ تەنانەت ئەگەر بە قەد کێوی "ئۆڵیمپەس"یش گەورەبن.

**کاشیەس:**

دەبا ئەنتۆنی و ئۆکتاڤیەسی لاو بێن تۆڵەی خۆیان تەنیا لە کاشیەس بکەنەوە، چونکە کاشیەس لەم ژیانە بێزار بووە. ئەو کەسەی کاشیەس خۆشی دەوێت، ئەم رقی لێیەتی. برای خۆی بەربەرەکانی دەکات. وەکو بەندە سەرکۆنە دەکرێ. هەموو هەڵەیەکی دەبینرێ، تۆمار دەکرێ. بە وردیی لێیان دەکۆڵرێتەوە و لەبەر دەکرێن بۆ ئەوەی بە چاویدا بدەنەوە... ئۆف، خۆزگە بتوانم هێندە بگریم تا گیانم دەردەچوو.

(خەنجەرەکەی بە رووتی دەداتە برۆتەس)

فەرموو ئەمەش خەنجەرەکەم و ئەوەش سنگی رووتم. دڵێکی تێدایە بە هەموو گەنجینەی "پلۆتۆس"[٤٢] نایگۆڕمەوە. لە زێڕ بەنرخترە. ئەگەر رۆمانییەکی راستەقینەیت، دڵم دەربێنە. من، کە پارەم پێ نەدایت، ئەوەتا دڵی خۆمت پێ دەدەم. بەم خەنجەرە لێی دە وەک چۆن لە قەیسەرت دا، چونکە من دەزانم ئەو کاتەی، کە زۆر رقت لە قەیسەر بوو، هێشتا ئەوت لە من خۆشتر دەویست.

**برۆتەس:**

خەنجەرەکەت بخەرەوە کالان. هەر کاتێک دەتەوێ، بۆ خۆت توورە بە. ماوەیەکە و تەواو دەبێ. حەزت لە هەر شتێکە بۆ خۆت بیکە. من گاڵتەم بەم قسە قۆڕانەی تۆ دێت. ئای کاشیەس، تۆ هاودەمی کەسێکێ هێمن و دڵسافیت. کە توورە دەبم، زوو کپ دەبمەوە. وەکو پەنگرە ئاگرێکی پەڕیو وام، کە لە سەرەتادا گەرم و بە بڵێسەیە و پاشان یەکسەر سارد دەبێتەوە.

**کاشیەس:**

چما بۆ ئەوە ژیاوە، هەر کاتێک برۆتەس دڵتەنگ بێ و توورەیی پەستی بکا، بیکات بە گاڵتەجاڕی خۆی؟

**برۆتەس:**

ئەو قسەیەم لە توورەییا کرد.

**کاشیەس:**

کەواتە دانی پیا دەنێی؟ دەستت بێنە.

**برۆتەس:**

هانێ دڵیشم.



(دەست دەخەنە ناو دەستی یەکترەوە)

**کاشیەس:**

برۆتەس!

**برۆتەس:**

چییە؟

**کاشیەس:**

برۆتەس تۆ بەو رادەیە منت خۆش ناوێ، کە چاو لە سەرچڵییەکانم بپۆشیت؟ ئەمە خەسڵەتێکە و لە دایکمەوە بۆم ماوەتەوە و بەرچاوم تاریک دەکات.

**برۆتەس:**

باشە، کاشیەس. لە ئێستا بە دواوە هەر کاتێک هەڵچوویت و توورە بوویت، وا دەزانم دایکتە و نووکە نووک دەکات. ئیتر وازت لێ دێنم.

**شاعیر:**

(لە دەرەوەی خێوەتەکە)

ماوەم بدە برۆم بۆ ژوورەوە. با چاوم بەو سەرکردانە بکەوێت. کەمێک رقیان لە یەکترە. باش نییە بە تەنیا بن.

**لۆشیلۆس:**

(لە دەرەوەی خێوەتەکە)

بۆت نییە بچیتە ژوورەوە.

**شاعیر:**

(لە دەرەوەی خێوەتەکە)

تەنیا مەرگ ڕێگەم لێ دەگرێت.

(دێتە ژوورەوە. لۆشیلۆس و تیتینیەس بە دوایدا دێنە ژوورەوە)

**کاشیەس:**

ئەمە چییە؟ بوەستە!

**شاعیر:**

سەرکردەکان، شەرم بکەن! دەتانەوێ چی بکەن؟
یەکترتان بوێ وەکو دوو برا
هەر لە ئێوە دێ خۆشەویستی وا
دنیام زۆر دیوە، لە ئێوە زێتر
بڕوام پێ بکەن، تێ دەگەم چێتر

**کاشیەس:**

ها ها ها! ئەو فشەکەرە شیعری چەندە کرچوکاڵ دەهۆنێتەوە.

**برۆتەس:**

(بۆ شاعیرەکە)

کورە بڕۆ هەی بێ شەرم! لە خۆت هەڵدە.

**کاشیەس:**

ئارام بە برۆتەس، ئارام بە. ئەمە هەر خۆی وایە.

**برۆتەس:**

ئەو کاتە دڵی ناشکێنم، کە سات و کاتی خۆی بزانێ. ئاخر چەقە چەقی ئەو شێتووێتانە لە کاتی شەڕدا چ سوودێکی هەیە؟ بڕۆ دەرەوە!



**کاشیەس:**

بڕۆ دەرەوە... بڕۆ!

(شاعیر دەچێتە دەرەوە)

**برۆتەس:**

لۆشیلۆس، تیتینیەس، سەرکردەکان ئاگەدار بکەنەوە، با ئەمشەو لێرە چادر هەڵدەن.

**کاشیەس:**

پاشان بگەڕێنەوە و میسالاش لەگەڵ خۆتان بێنن بۆ لای ئێمە.

(لۆشیلۆس و تیتینیەس دەڕۆنە دەرەوە)

**برۆتەس:**

(بە دەنگی بەرز)

لۆشیەس، گۆزەڵەیەک مەی بێنە!

**کاشیەس:**

قەت نەمدەزانێ بەم جۆرە تووڕە دەبیت.

**برۆتەس:**

ئاخ کاشیەس، بە دەست خەم و خەفەتەوە بێزار بووم.

**کاشیەس:**

ئەگەر بۆ دەرد و بەڵای ڕۆژگار مل کەچ بکەیت، دیارە پەیڕەوی فەلسەفەکەت ناکەیت[٤٣].

**برۆتەس:**

کەس وەکو من بەرگەی خەم و خەفەت ناگرێ... پۆرشیا مرد.

**کاشیەس:**

چی؟ پۆرشیا؟.

**برۆتەس:**

مرد.

**کاشیەس:**

چۆن نەتکوشتم، کە لە هەلومەرجێکی ئاوادا ڕووبەڕووت بوومەوە. بە ڕاستی زیانێکی گەورە و لە وزەبەدەرە. بە چ نەخۆشییەک مرد؟

**برۆتەس:**

بەرگەی دووری منی نەگرت. لە خەفەتی ئەوەی، کە ئۆکتاڤیەس و ئەنتۆنی خۆیان زۆر بەهێز کردووە، چونکە هەر لەگەڵ ئەم هەواڵە، هەواڵی مەرگی پۆرشیا بڵاو بووەوە. بە جارێ شێت و شبر بوو. بۆیە کاتێک کەنیزەکانی لە دەرەوە دەبن، ئەم سکڵێک ئاگر قووت دەدا.

**کاشیەس:**

جا بەوە مرد؟.

**برۆتەس:**

بەڵێ، بەوە مرد.

**کاشیەس:**

ئەی خواوەندە نەمرەکان.

(لۆشیەس دێتە ژوورەوە. چرایەک و گۆزەڵەیەک مەی بە دەستەوەیە)



**برۆتەس:**

چیی تر باسی پۆرشیا مەکە... ئەو گۆزەڵە مەیەم بدەرێ... کاشیەس، با هەموو دڵڕەقییەکی نێوانمان بە با بدەم.

(دەخواتەوە)

**کاشیەس:**

دڵم تینووی بەڵێنی مەردانەتە. تێی کە لۆشیەس هەتا کاسەکە لەسەری دەڕژێ... ناتوانم ئەوەندەی خۆشەویستی برۆتەس بخۆمەوە.

(دەخواتەوە)

لۆشیەس دەڕواتە دەرەوە)

(تیتینیەس و میسالا دێنە ژوورەوە)

**برۆتەس:**

وەرە ژوورەوە تیتینیەس ـ بەخێر بێی میسالای بەڕێز. وەرن بۆ ئێرە، لە نزیک چراکە دانیشن با کاروبار و پێداویستییەکانمان بەسەر بکەینەوە.

**کاشیەس:**

ئۆف پۆرشیا، تۆ مردیت.

**برۆتەس:**

تکات لێ دەکەم، کاشیەس، ئەوەندە باسی پۆرشیا مەکە... میسالا، چەند نامەیەکم لەبارەی ئۆکتاڤیەس و مارک ئەنتۆنی بە دەست گەیشتووە. گوایە لەبەردان بە هێزێکی زۆر گەورە شاڵاومان بۆ بێنن. ئێستا خۆیان و کەرەسە و تفاقیان بەرەو

فیلیپی دەچن.

**میسالا:**

منیش لەم بارەیەوە هەندێک نامەم بۆ هاتووە. باسی هەمان شت دەکەن.

**برۆتەس:**

چیی تریان تێدا نەنووسراوە.

**میسالا:**

بەڵێ. باسی ئەوەش دەکەن، کە ئەنتۆنی و ئۆکتاڤیەس و لێپیدۆس بەپێی بڕیارێکی فەرمی سەد ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانیان لە سێدارە داوە بە تۆمەتی یاخیبوون.

**برۆتەس:**

لەمبارەوە نامەکانمان وەک یەک نین. هیی من باسی حەفتا ئەندام دەکەن، کە بە فەرمانی ئەوان لە سێدارە دراون. سیسرۆش یەکێکە لەوان.

**کاشیەس:**

سیسرۆ؟.

**میسالا:**

سیسرۆش بەهەمان بڕیار لە سێدارە درا...

(بۆ برۆتەس)

گەورەم لە ژنەکەتەوە هیچ نامەیەکت بۆ نەهاتووە؟

**برۆتەس:**

نەخێر، میسالا.



**میسالا:**

بە ڕاستی سەیرە.

**برۆتەس:**

بۆ دەپرسیت؟ چیت بیستووە؟ نامەکانی تۆ هیچ شتێک لەبارەی پۆرشیا دەڵێن؟

**میسالا:**

نەخێر، گەورەم.

**برۆتەس:**

وەکو رۆمانییەک، راستم پێ بڵێ.

**میسالا:**

تۆش وەکو رۆمانییەک، ئەو ڕاستییەی پێت دەڵێم، بە دڵێکی فراوانەوە وەری بگرە. دیارە پۆرشیا مرد. بە ڕێگەیەکی زۆر سەیر مرد.

**برۆتەس:**

ئاخ، ماڵی وێرانم. ماڵئاوا پۆرشیا. ئێمەیش هەر دەبێ بمرین، میسالا. لەبەرئەوەی پێشتر هەردەم ئەوەم لە بیر بووە، کە رۆژێ دادێ پۆرشیا بمرێ، بۆیە ئێستا بە ئارامییەوە بەرگەی مەرگی ئەو دەگرم.

**میسالا:**

پیاوی مەزن پێویستە ئاوا بەرگەی کۆست و زیان بگرێ.

**کاشیەس:**

منیش بە قسە، وەکو تۆ، بڕوام بەم فەلسەفەیە هەیە. بەڵام

ناتوانم وەکو تۆ دان بە خۆمدا بگرم.

**برۆتەس:**

کەواتە هەتا لە ژیانداین با کاروباری خۆمان ڕێک بخەین. ڕاتان چییە بەرەو فیلیپی بچین؟

**کاشیەس:**

بە ڕای من کارێکی باش نییە.

**برۆتەس:**

لەبەرچی؟

**کاشیەس:**

گوێ بگرە: باشتر وایە واز لە دوژمن بێنین با بە دوای ئێمەدا بگەڕێ. بەم شێوەیە سەربازەکانی ماندوو و شەکەت دەبن. بۆ تفاق و ئازووخە پەکیان دەکەوێ. ئیتر هێز و توانایان لەبەر دەبڕێ. ئێمەیش لە شوێنی خۆمان ناجوولێین. پشوویێکی باش دەدەین. بۆیە گوڕ و تینی تازەمان دێتە بەر.

**برۆتەس:**

تەگبیرەکەت باشە، بەڵام تەگبیری باش پێویستە جێگە بۆ تەگبیری باشتر چۆڵ بکا. ئەو خەڵکەی لە نێوان ئێرە و فیلیپی دان، لە ناچارییا خۆیان کردووە بەلای ئێمەدا، چونکە ئێمە بەزۆر وامان لێ کردوون هاوکاریمان بکەن. ئەگەر لەشکری دوژمن بگاتە لایان، دەچنە پاڵ دوژمن. بەم شێوەیە ژمارەی دوژمن زیاد دەکات و دەبووژێنەوە و هێز و پێزێکی تازە دەسەنن. بەڵام ئەگەر لە فیلیپی ڕووبەڕووی دوژمن بینەوە، ئەو



دەرفەتەی بۆ نارەخسێ، چونکە خەڵکەکە لە دوای خۆمانەوە بەجێ دێڵین و لە دوژمن دایان دەبڕین.

**کاشیەس:**

برای بەڕێزم، گوێم لێ بگرە.

**برۆتەس:**

ببوورە با قسەکەم تەواو بکەم... بێجگە لەمانەش، پێویستە ئەوەش لە بەرچاو بگرین، کە دۆست و لایەنگرەکانمان ئەوپەڕی توانای خۆیان بۆ هاوکاریکردنی ئێمە خستووەتە کار. لەشکرەکەمان هەموو پێداویستییەکی بۆ ئامادە کراوە. لە ئێستا بە هێزتر نابێ. ئێمە گەیشتووینەتە لووتکە و ئیتر بەرە بەرە بەرەو لاوازیی دەچین. دوژمنیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد دەکات. مرۆڤ لە کاتی لافاودا پێویستە هەڵکشانێکی بەرزی ئاو لە دەست خۆی نەدا، کە دەیگەیەنێتە بەختەوەری. ئەگەر ئەم هەڵە بە فیرۆ بدا، ئەوا گەشتەکەی لە تەنکاو و کوێرەوەری بەسەر دەبات. ئێمە ئێستا لەناو کەشتی داین و هەموو شەپۆلەکانی بە ئاقاری ئێمە دان. بۆیە دەبێ دەست بە گەشتەکەمان بکەین، ئەگینا هێرشەکەمان دەدۆڕێنین.

**کاشیەس:**

کەواتە با قسەی تۆ بێ. با بەرەو فیلیپی بڕۆین و لەوێ ڕووبەڕوویان بینەوە.

**برۆتەس:**

خەریکە بەم قسانە شەوەکە بەسەر دەبەین. مرۆڤ دەبێ بچێتە ژێر باری زەرورەت، کە ئێمە لێرەدا بە کەمێک پشوو جێبەجێی

دەکەین. هیچی تر ماوە باسی لێوە بکەین؟

**کاشیەس:**

نەخێر، شەوێکی شاد. بەیانی لەگەڵ شەبەق هەڵدەستین و بەڕێ دەکەوین.

**بڕۆتەس:**

لۆشیەس!

(لۆشیەس دێتە ژوورەوە)

رۆبەکەم بۆ بێنە.

(لۆشیەس دەڕواتە دەرەوە)

ماڵئاوا، میسالا. شەوتان شاد تیتینیەس. کاشیەسی نەبەرد، هیوای شەوێکی شاد و خەوێکی خۆشت بۆ دەخوازم.

**کاشیەس:**

برای خۆشەویستم: ئەم شەوە بە سەرەتایەکی خراپ و نالەبار دەستی پێ کرد. با چیی تر نەهێڵین دووبەرەکی بکەوێتە نێوانمانەوە.

(لۆشیەس دێتە ژوورەوە. رۆبەکەی بەدەستەوەیە)

**بڕۆتەس:**

هەموو شتێک چاک دەبێ.

**کاشیەس:**

شەوتان شاد گەورەم.

**بڕۆتەس:**

شەوتان شاد برای خۆشەویست.



**تیتینیەس و میسالا:**

شەوتان شاد جەنابی بڕۆتەس.

**بڕۆتەس:**

خواتان لەگەڵ.

(کاشیەس و تیتینیەس و میسالا دەڕۆنە دەرەوە)

**بڕۆتەس:**

ئەو رۆبەم بدەرێ. ئەی کوا تەمبوورەکەت؟

**لۆشیەس:**

ئەوەتا لەناو خێوەتەکەیە.

**بڕۆتەس:**

چییە، دەڵێی خەو دەتباتەوە؟ بەستەزمان، هەقی خۆتە. شەونخوونی هیلاکی کردوویت. دە بانگی کڵادیۆ و یەکێک لە پیاوەکانم بکە، با ئەمشەو بێن لەسەر دۆشەگ لەناو خێوەتەکەم بخەون.

**لۆشیەس:**

ڤارۆس! کڵادیۆ!

(ڤارۆس و کڵادیۆ دێنە ژوورەوە)

**ڤارۆس:**

گەورەم، بانگی منتان کرد؟

**بڕۆتەس:**

برایان، حەز دەکەم ئەمشەو بۆ خۆتان لێرە لەناو خێوەتەکەی من پاڵ کەون. رەنگە هەر جارەی یەکێکتان بە ئاگا بێنم و بە

کارێک بینێرم بۆ لای کاشیەسی برامان.

**ڤارۆس:**

گەورەم، ئەگەر حەز دەکەن هەر ناخەوین تا بۆ هەر فەرمانێکت ئامادە بین.

**برۆتەس:**

نا، برایانی بەڕێز، نامەوێ ئاوا بکەن. بۆ خۆتان بخەون. دوور نییە رای خۆم بگۆڕم... لۆشیەس، سەیرکە ئەوەتا ئەو کتێبەی بە دوایدا دەگەڕام لە گیرفانی رۆبەکەم دایە.

(ڤارۆس و کلادیۆ پاڵ دەکەون)

**لۆشیەس:**

من دڵنیا بووم جەنابتان بە منتان نەدابوو.

**برۆتەس:**

بە قسەی من دڵت زوێر نەبێ، برای خۆشەویست. زەینم کوێر بووە. زوو شت لە بیر دەکەم. دەتوانیت تا کەمێکی تریش بێدار بیت و یەک دوو ئاوازم بۆ بژەنیت؟

**لۆشیەس:**

بەڵێ، گەورەم. ئەگەر تۆ حەز بکەیت، من ئامادەم.

**برۆتەس:**

بەڵێ حەز دەکەم. من زۆر نارەحەتت دەکەم، تۆش هەردەم بە خۆشییەوە ئامادەیت.

**لۆشیەس:**

گەورەم، ئەمە ئەرکی سەرشانمە.



**برۆتەس:**

من ئەرکی سەر شانت هێندە قورس ناکەم، کە لە تواناتدا نەبێ. دەزانم ئێوەی گەنج بە دوای دەرفەتێکن تا کەمێک بحەسێنەوە.

**لۆشیەس:**

من سەرخەوی خۆم کردووە، گەورەم.

**برۆتەس:**

کارێکی چاکت کرد. زۆر گیرت ناکەم. بۆ خۆت دووبارە بخەوە. ئەگەر نەمرم چاکیی تۆ لە بیر ناکەم.

(لۆشیەس مۆسیقا دەژەنێت و گۆرانی دەڵێت. لە کۆتاییدا دەخەوێ)

ئەم ئاوازە وا لە مرۆڤ دەکات وەنەوز بدات. ئای، ئەی خەوی کوشندە! ئەوە قورساییی خۆت خستە سەر پێڵووەکانی خزمەتکارەکەم، کە مۆسیقا بۆ تۆ دەژەنێت؟ شەوت شاد خزمەتکاری دڵسۆز. نامەوێ چیی تر نارەحەتت بکەم و لەو خەوەدا بە ئاگات بێنم. بەڵام ئەگەر خۆت وەرگێڕیت، تەمبوورەکەت لەژێرتەوە دەشکێت. بۆیە خۆم هەڵی دەگرم. شەوت شاد خزمەتکاری دڵسۆز... با باش سەیر بکەم... ئەو لاپەڕەیەی دەمخوێندەوە، هەڵم نەداوەتەوە؟ ئا ئەوەتا وا بزانم خۆیەتی.

(تارمایی قەیسەر دەردەکەوێ)

ئەم چرایە چەندە بە کزیی داگیرساوە[٤٤]... هێی! ئەوە کێیە

لەوێ؟ وا بزانم بیناییم لیڵ بووە، بۆیە تارمایییەکی ترسناکم دێتە پێش چاو، دەجوولێتەوە. ئەوەتا، وا بۆ لای من دێت. تۆ چیت؟ بەشەریت؟ خواوەندیت؟ فریشتەیت؟ شەیتانیت؟ خەریکە خوێنی جەستەم دەوەستێنی و مووی لەشم رادەچڵەکێنیت! پێم بڵێ تۆ کێیت؟

**تارمایی:**

من روحی شەڕانگێزیی تۆم، برۆتەس.

**برۆتەس:**

بۆ هاتوویت؟

**تارمایی:**

تا پێت بڵێم لە فیلیپی چاوت پێم دەکەوێتەوە.

**برۆتەس:**

ئـ... ئێ... ی کەواتە لە فلیپی دەتبینمەوە؟.

**تارمایی:**

بەڵێ، لە فلیپی.

**برۆتەس:**

ئێ باشە، لە فلیپی چاوم پێت دەکەوێتەوە.

(تارماییەکە لەبەر چاو ون دەبێ)

**برۆتەس:**

ئێستا، کە تۆ رۆیشتیت، زات دەکەم قسەت لەگەڵ بکەم. ئەی تارمایی بەدووم، دەمەوێ زیاتر قسەت لە گەڵ بکەم... کورە لۆشیەس... ! ڤارۆس... ! کلاّدیۆ! هەڵسن...! کلاّدیۆ!



**لۆشیەس:**

ژێیەکانیەتی، گەورەم، ژێیەکانی بێ کەڵک بوون.

**برۆتەس:**

وا تێ دەگات تا ئێستاش هەر مۆسیقا دەژەنێت... لۆشیەس، هەڵسە.

**لۆشیەس:**

گەورەم!

**برۆتەس:**

ئەوە خەونت دەبینی، لۆشیەس، ئاوا هاوارت دەکرد؟

**لۆشیەس:**

گەورەم، هەستم بەوە نەکردووە، کە هاوارم کردبێ.

**برۆتەس:**

با هاوارت کرد. هیچ شتێکت بینی؟

**لۆشیەس:**

نەخێر، گەورەم.

**برۆتەس:**

دە برۆ بخەوە، لۆشیەس، برۆ بخەوە... کورە کلاّدیۆ! ڤارۆس! دە هەڵسن.

**ڤارۆس:**

گەورەم!

**کلاّدیۆ:**

گەورەم!

**بڕۆتەس:**

بۆ لە خەودا ئاوا هاوارتان دەکرد؟

**ڤارۆس و کلاَدیۆ:**

ئێمە هاوارمان دەکرد، گەورەم؟

**بڕۆتەس:**

بەڵێ، ئێوە! هیچ شتێکتان بینی؟

**ڤارۆس:**

گەورەم، من هیچم نەبینی.

**کلاَدیۆس:**

منیش، گەورەم، هیچم نەبینی.

**بڕۆتەس:**

بڕۆن سڵاوم بگەیەننە کاشیەس و پێی بڵێن، با زووتر لەگەڵ لەشکرەکەی بەڕێ بکەوێ. ئێمەش لە دوای ئەوان دەردەچین.

**ڤارۆس و کلاَدیۆ:**

باشە، گەورەم.

(هەریەکە بەلایەکدا دەڕۆنە دەرەوە)



# بەشی پێنجەم

## دیمەنی یەکەم

(دەشتاییی فیلیپی. ئۆکتاڤیەس و ئەنتۆنی بە لەشکرەوە دەردەکەون)

**ئۆکتاڤیەس:**

ئەنتۆنی، ئێستا دۆخەکە بە ئارەزووی ئێمە کەوتەوە. تۆ گوتت دوژمن بۆ ئەو پێدەشتە دانابەزێ. لە بەندەن و گردۆڵکەکان خۆیان مەڵاس دەدەن. وا دیارە راستییەکە بەم شێوەیە نییە. لەشکرەکەیان لێرەوە نزیکە. دەیانەوێ لە فیلیپی هێرشمان بۆ بێنن پێش ئەوەی ئێمە شاڵاویان بۆ بەرین.

**ئەنتۆنی:**

دڵ لە دڵ مەدە. من باش لە نهێنی ناو دڵی ئەوان دەگەم. دەزانم بۆ دادەبەزنە ئەو پێدەشتە. ئەوان حەزیان دەکرد بەلایەکی تردا بچن بۆ ئەوەی، کە پەلامارمان بدەن ترس و سام بنوێنن تا وا لە ئێمە بگەیەنن، کە گوایە ئازا و بەهێزن. بەڵام وا نین.

(پەیامبەرێک دێتە ژوورەوە)

**پەیامبەر:**

سەرکردەکان، خۆتان ئامادە بکەن. دوژمن بە هێز و لێشاوێکی گەورەوەوە بەرەو ئێرە دێت. ئاڵای سووری شەڕیان بەرز کرووەتەوە. پێویستە هەر ئێستا خۆمان ئامادە بکەین.

**ئەنتۆنی:**

ئۆکتاڤیەس، تۆ بە ئەسپایی لەشکرەکەت بەرە، لای چەپی دەشتاییەکەیان لێ بگرە.

**ئۆکتاڤیەس:**

تۆ لای چەپیان لێ بگرە. من لەلای راستەوە بۆیان دەچم.

**ئەنتۆنی:**

بۆ لەم مەسەلە بە پەلەیەدا لە رووما دەوەستیت؟

**ئۆکتاڤیەس:**

لە رووتدا ناوەستم، بەڵام من هەروا دەکەم.

(دەنگی تەپە تەپی پێ دێت. دەهۆڵ. برۆتەس و کاشیەس بە لەشکرەوە لەگەڵ تیتینیەس و میسالا دەردەکەون)

**برۆتەس:**

هەڵوەستەیەکیان کرد. لەوە دەچێت بیانەوێ گفتوگۆمان لەگەڵدا بکەن.

**کاشیەس:**

تیتینیەس، تۆ لە شوێنی خۆت نەجووڵێیت. ئێمە دەچین بۆ پێشەوە بۆ گفتوگۆکردن.

**ئۆکتاڤیەس:**

مارک ئەنتۆنی، جاڕی شەڕ بدەین؟

**ئەنتۆنی:**

نەخێر، ئۆکتاڤیەس. کەی ئەوان هێرش بێنن، ئێمەش بەرپەرچیان دەدەینەوە. با برۆین بۆ پێشەوە.. وا دیارە



سەرکردەکانیان هاتوون وتووێژمان لەگەڵدا بکەن.

**ئۆکتاڤیەس:**

(بۆ لەشکرەکەی خۆی)

شوێنی خۆتان بەر نەدەن تا ئاگەدار نەکرێنەوە.

**برۆتەس:**

بەر لەوەی دەست بکەین بە شەڕ، با گفتوگۆ بکەین، وا نییە هاووڵاتییان؟

**ئۆکتاڤیەس:**

بەڵام نەک لەبەرئەوەی ئێمە وەک ئێوە گفتوگۆمان لا باشتر بێت لە شەڕ.

**برۆتەس:**

ئۆکتاڤیەس، گفتوگۆی چاک و بەجێ لە شەڕ و لێدان و دەستوەشاندنی خراپ باشترە.

**ئەنتۆنی:**

برۆتەس، ئێوە لەگەڵ لێدان و دەستوەشاندندا قسەی چاک و بەجێ دەکەن. بیرتە، کە خەنجەرەکەتان لە دڵی قەیسەر دا، هاوارتان کرد: بژی قەیسەر، درود بۆ قەیسەر!

**کاشیەس:**

ئەنتۆنی، تا ئێستا دەستوەشاندنی تۆمان نەبینیوە، بەڵام قسەکانت شیرینن. دەڵێی هەنگوینی هەنگەکانی "هیبلا"ت[٤٥] دزیوە و ئەم قسانەت تێدا هەڵسووین و هیچ هەنگوینت لەلا نەهێشتوون.

**ئەنتۆنی:**

چزووەکانیشیانم لەلا نەهێشتوون، وا نییە؟

**برۆتەس:**

بە ویزە ویزیشن، چونکە ئەم ویزە ویزەیشت لەوان دزیوە و زیرەکانە هەڕەشەیان پێ دەکەیت بەر لەوەی پێوە بدەیت.

**ئەنتۆنی:**

نامەردینە، ئەو کاتەی خەنجەرە ژەنگاوییەکانتان، کە هەردوو لاتەنکێشی قەیسەریان پارچە پارچە دەکرد، بە یەک دەکەوتن، تەنانەت ئاواشتان نەکرد. وەکو مەیموون دانەکانتان گرِ دەکردەوە. سەگ ئاسایی لە بەردەمی کلکەلەقێتان دەکرد. وەکو بەندە لە بەردەمیا دەچەمینەوە تا دەست و پێی ماچ بکەن. کاسکای لەعنەتیش، وەکو سەگێکی ترسنۆک و ناڕەسەن لە پشتەوە خەنجەرەکەی لە ملی قەیسەر دا... هەی دووڕووینە.

**کاشیەس:**

دووڕوو... ؟ ئاخ، برۆتەس، هەمووی خەتای تۆ بوو. ئەگەر ئەوسا بە قسەی منت کردبا، ئەمڕۆ ئەنتۆنی زمانی ئەوەندە درێژ نەدەبوو تا ئەو قسە ناشیرینانەمان پێ بڵێ.

**ئۆکتاڤیەس:**

وەرن، وەرن بۆ مەیدان! ئەگەر ئەو شەڕە دەنووکە تەنیا ئارەقەمان پێ بکا، ئەوا مەیدانی شەڕ ئارەقەکە دەکات بە خوێن. سەیرکە! ئەوا شمشێرەکەم لە رووی ناپاکان دەردێنم.

(شمشێرەکەی رادەکێشێت)



دەزانن کەی دەیخەمەوە کالان؟ هەرگیز، تا تۆڵەی هەر سی و سێ برینی قەیسەر نەکەمەوە یان ئەوەتا خوێنی قەیسەرێکی تریش بە شەمشێری ئەو خائینانە دەڕژێ.

**برۆتەس:**

ئۆکتاڤیەس، تۆ بە دەستی خائینان لەناو ناچیت، مەگەر خۆت خۆت بکوژیت.

**ئۆکتاڤیەس:**

هیوادارم هەر وا بێ.. من بۆ ئەوە لەدایک نەبوومە تا بەدەستی برۆتەس لەناو بچم.

**برۆتەس:**

ئەگەر گەورەی بنەماڵەکەیشت بیت، لەوە سەربەرزانەتر نامریت.

**کاشیەس:**

جا ئەو قوتابییە تووڕە و تڕۆیەی، کە چووەتە ژێر پاڵی ماسکە لەسەرێکی بەزمگێڕ، کەی شایستەی ئەوەیە ئەو سەربەرزییەی پێ بدرێ.

**ئەنتۆنی:**

تۆ هەر کاشیەسی جارانیت.

**ئۆکتاڤیەس:**

وەرە ئەنتۆنی، با بڕۆین... نامەردینە، چڵکاو دەکەینە دەمتانەوە. ئەگەر زات دەکەن ئەمڕۆ بیکەین بە شەڕ. وەرن بۆ مەیدانی شەڕ، ئەگەرنا هەر کاتێک ئارەزووتان کرد، وەرن.

(ئۆکتاڤیەس و ئەنتۆنی دوور دەکەونەوە)

**کاشیەس:**

دەبا گەرداو و باو بۆران هەڵبکا، دەریا بکەوێتە جۆش و خرۆش، کەشتی بەناودا بڕوات! ئەوا گەرداوەکە هەڵ دەکات. هەموو شتێک کەوتووەتە ژێر مەترسییەوە.

**برۆتەس:**

لۆشیلۆس، وەرە دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم.

**لۆشیلۆس:**

(دێتە پێشەوە)

فەرموو، گەورەم.

(برۆتەس و لۆشیلۆس دەچن بە لایەکەوە)

**کاشیەس:**

میسالا!

**میسالا:**

(دێتە پێشەوە)

بەڵێ، گەورەم.

**کاشیەس:**

میسالا، ئەمڕۆ ڕۆژی لەدایکبوونمە. کاشیەس لەم ڕۆژە لەدایک بووە. دەستت بدە دەستم. بە شایەت بە، منیش وەکو پۆمپی، بەپێچەوانەی ویستی خۆم، ناچار کرام هەموو سەربەستیی خۆمان بکەم بە قوربانی یەک شەڕ. تۆ دەزانیت من باوەڕم بە ڕێبازی فەلسەفەی ئەبیقۆر[٤٦] زۆر پتەو بوو، بەڵام ئێستا رای خۆمم گۆڕیوە. خەریکە بڕوا بە ئەفسوون و خەرافات دێنم. کە





لە ساردیسەوە بەرەو ئێرە دەهاتین، دوو هەڵۆی زل خۆیان لە پێشەنگی لەشکرەکەمان روو دەکرد و بە نەوسەوە خواردنی دەست سەربازەکانی ئێمەیان دەخوارد. هەتا گەیشتینە فیلیپی هەر بەسەر سەرمانەوە بوون، ئەم بەیانییە رۆیشتن و لە بەرچاو ون بوون. لە جێگەی ئەوان، ژمارەیەکی زۆر لە داڵ و قەڵەڕەشکە بەسەر سەرمانەوە دەفڕین. دەتگوت ئێمە نێچیرێکی پەککەوتەی ئەوانین، وا مرخی خۆیان لێمان خۆش کردبوو. سێبەریان وەکو پەردەیەکی شووم بەسەر سەربازەکانی ئێمەدا کردبوو. هەستم کرد سوپاکەمان لەژێر ئەو سێبەرە شوومەدا لە گیانەلادایە.

**میسالا:**

باوەڕ بەم شتانە مەکە.

**کاشیەس:**

زۆر باوەڕیان پێ ناکەم، چونکە هێشتا ئەوەندە بەهێز و گوڕم، کە بتوانم بەبێ کۆڵدان ڕووبەڕووی گشت مەترسییەک ببمەوە،

**برۆتەس:**

(لەگەڵ لۆشیلۆس دەگەڕێتەوە)

جا هەر وایە، لۆشیلۆس.

**کاشیەس:**

برۆتەسی بەڕێز و خۆشەویست، ئەگەر خواوەندەکان ئەمڕۆ پشت و پەنامان بن، ئێمەی ئاشتیخواز بە ئاسوودەییەوە پیر و خەڕۆ دەبین، بەڵام لەبەئەوەی مرۆڤ نازانێ چارەنووس چی بۆ

گل داوەتەوە، با وای دابنێین خراپترین چارەنووس چاوەڕوانمانە. ئەگەر لەم شەڕەدا بدۆڕێین، ئەوا ئەم قسانەمان دوا قسەی ژیانمانە. ئەی تۆ بڕیاری چیت داوە بیکەیت؟

**برۆتەس:**

من هەر پەیڕەوی ئەو ڕێبازە فەلسەفییە دەکەم، کە لە روانگەکەیەوە "کاتۆ"م ریسوا کرد، چونکە خۆی کوشت. ئەگەرچی سەروبەندی خۆکوشتنەکەی نازانم، بەڵام ئەوە ئەوپەڕی ترسنۆکییە، مرۆڤ لە ترسی پێشهاتەکانی رۆژگار، کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێ. ئەوانەی لە سەرەوە دەسەڵاتیان بەسەر ئێمەدا هەیە لە خوارەوە، هەرچیم بەسەر بێنن بەوپەڕی ئارامییەوە بەرگەی دەگرم.

**کاشیەس:**

کەواتە، ئەگەر لەم شەڕەدا بدۆڕێین، تۆ رازیت دوژمن باڵبەستت بکا و بە کۆڕەوێکی سەرکەوتووانە بەناو شەقامەکانی رۆمادا بتسووڕێنێتەوە؟

**برۆتەس:**

نەخێر، کاشیەس، نەخێر. تۆ رۆمانییەکی رەسەنیت. باوەڕ مەکە برۆتەس بە باڵبەستەیی بگەڕێتەوە بۆ رۆما. برۆتەس زۆر لەوە گەورەترە، بەڵام ئەوەی لە پازدەی ئادار دەستمان پێ کرد، دەبێ ئەمڕۆ بە ئەنجامی بگەیەنین. نازانم ئاخۆ جارێکی تر چاومان بە یەکتر دەکەوێتەوە یان نا. بۆیە با بۆ دوا جار ماڵئاوایی لە یەکتر بکەین. ماڵئاوایی یەکجارەکی، کاشیەس. ئەگەر بێتو یەکترمان بینییەوە، پێکەنینمان بەم قسانەی



ئێستاتامان دێن، ئەگەرنا کارێکی چاک دەکەین، کە ماڵئاوایی لە یەکتر دەکەین.

**کاشیەس:**

بۆ دوا جار، دوا جار ماڵئاوا، برۆتەس. خۆت واتەنی، ئەگەر بێتو یەکترمان بینییەوە، بەڕاستی پێ دەکەنین، ئەگەرنا ئەم ماڵئاواییکردنەمان لە جێی خۆیەتی.

**برۆتەس:**

کەواتە با بڕۆین. خۆزگە مرۆڤ پێشتر بیزانیبایە کاری ئەمڕۆمان بە چی دەگات، بەڵام هەر چۆن بێت، ئەمڕۆش بەسەر دەچێ و ئاکامەکەیشی دەردەکەوێ... دەی با بڕۆین.

"دەڕۆنە دەرەوە"

**دیمەنی دووەم**

(گۆڕەپانی شەڕ لە فیلیپی. دەنگی شەڕ و پێکدادان دێت. برۆتەس و میسالا دەردەکەون)

**برۆتەس:**

میسالا! هەر ئێستا سواری ئەسپەکەت بەو یەکڕاست بەرەو ئەو تیپەی ئەوبەر دایکێشە.

(دەنگی شەڕ و پێکدادان کەم دەبێتەوە)

فەرمانیان پێ بدە با هێرش بەرن. هەست دەکەم لەشکرەکەی ئۆکتاڤیەس شلۆقی تێ کەوتووە. هەڵمەتێکی کتوپڕ قڕانیان بۆ دێنێت... دەی خێراکە، میسالا، با هەڵمەت بەرن.

(هەر یەکە بە لایەکدا دەڕۆنە دەرەوە)

## دیمەنی سێیەم

(لایەکی تری گۆڕەپانی شەڕ. دەنگی شەڕ و پێکدادان دێت. کاشیەس و تیتینیەس دەردەکەون. کاشیەس ئالآیەکی بە دەستەوەیە)

**کاشیەس:**

سەیر کە، تیتینیەس، سەیر کە! سەربازە نامەردەکانمان چۆن بۆ دواوە رادەکەن. من ناچار بووم وەکو دوژمن لەگەڵ سەربازەکانی خۆمان بکەومە شەڕ. ئەم پیاوە ئالآهەڵگری لەشکرەکەمان بوو، کە بینیم بۆ دواوە رادەکات، کوشتم و ئالآکەم لێ سەند. (ئالآکە پێشان دەدات)

**تیتینیەس:**

بە داخەوە کاشیەس، برۆتەس پەلەی کرد. خێرا فەرمانی هێرشکردنی دا. کە بینی نەختێک لەشکرەکەی ئۆکتاڤیەسی بەزاندووە، پەلەی کرد. سەربازەکانیشی بەربوونە تالآن و بڕۆ. لە کاتێکدا لەشکرەکەی ئەنتۆنی لە گشت لایەک ئابڵووقەی ئێمەیان دا.

**پیندارۆس:**

(دێتە ژوورەوە)

راکە گەورەم، راکە بۆ دوورتر! مارک ئەنتۆنی گەیشتە خێوەتەکانی ئێمە. دەبێ رابکەیت، بەڕێز راکە بۆ دوورتر.

**کاشیەس:**

لەم گردە دوورتر نییە، تیتینیەس. سەیر کە، سەیر! ئەوانە خێوەتەکانی ئێمەن ئاگریان لێ بەرز دەبێتەوە؟.



**تیتینیەس:**

بەڵێ، گەورەم، هیی ئێمەن.

**کاشیەس:**

تیتینیەس، ئەگەر منت خۆش دەوێت، سواری ئەسپەکەم بە و هەر بە نەقیزەتێوەژەندنەوە تاوی بدە تا دەگەیتە لای ئەو سەربازانەی ئەولا و دەگەڕێیتەوە. بزانە ئەوانە سەربازی خۆمانن یان هیی دوژمنن. با دڵنیا بم.

**تیتینیەس:**

هەر ئێستا دەچم و هێندەم پێ ناچێت دەگەڕێمەوە بۆ لات.

(دەڕواتە دەرەوە).

**کاشیەس:**

پیندارۆس، بڕۆ بۆ سەر ئەو گردە بەرزە. من بینایيم کز بووە. سەرنجی تیتینیەس بدە. هەرچی دەیبینیت لە مەیدانی شەڕ، وەرەوە پێم بڵێ.

(پیندارۆس دەچێتە سەر گردەکە)

ئا لەم رۆژەدا بوو، کە یەکەم هەناسەی ژیانم هەڵکێشا. رۆژگار دەورانی خۆی تەواو کرد. منیش هەر لەو رۆژەدا، کە دەستم پێ کرد، کۆتاییم پێ دێت. سووڕی ژیانم تەواو بوو... ها، پیندارۆس، چی هەیە؟

**پیندارۆس:**

(لەسەر گردەکە)

گەورەم... !

**کاشیەس:**

چییە، بڵێ؟.

**پیندارۆس:**

(لەسەر گردەکە)

چەند سوارئەسپێک ئابڵۆقەی تیتینیەسیان داوە و بە خێراییەوە ئەسپەکانیان بەرەو ئەو تاو دەدەن.. ئەویش هەر ئەسپەکەی خۆی بەر نەقیزە دەدا... ئەها، ئەوا خەریکن دەگەنە لای. ها، تیتینیەس... ! هەندێکیان لە ئەسپەکانیان دابەزین... تیتینیەسیش دابەزی... گرتیان.

(دەنگی هاتوهاوار دێت)

گوێ بگرە، لە خۆشیانا هاوار دەکەن.

**کاشیەس:**

وەرە خوارەوە، پیندارۆس، چیی تر سەیر مەکە. ئاخ من چەندە ترسنۆکم، کە درێژەم بەم ژیانە دا تا لە بەرچاوم خۆشەویستترین هاوڕێیان بە دیل گرتم.

پیندارۆس (لەسەر گردەکە دێتە خوارەوە)

**کاشیەس:**

وەرە، پیندارۆس، وەرە ئێرە... کە لە "پارپیا" تۆم بە دیل گرت، سوێندت بۆ خواردم، ئەگەر نەتکوژم هەرچیت پێ بڵێم، بیکەیت. ئێستاش بەڵێنەکەت بەجێ بگەیەنە و ئازاد بە... هانێ، ئەم شمشێرە چاکە، کە لە هەناوی قەیسەرم گیر کرد، بدە لە



سنگم. بێ ئەوەی متەقت لێوە بێت، دەسکی شمشێرەکە بگرە، کە ئاوا دەموچاوم داپۆشی، بیدە لێم.

پیندارۆس (شمشێرەکە لە سنگی کاشیەس دەدات)

**کاشیەس:**

ئای قەیسەر، ئێستا تۆڵەت کرایەوە، هەر بەو شمشێرەی، کە تۆی پێ کوژرا.

(دەمرێت)

**پیندارۆس:**

کەواتە، ئێستا ئازادم. خۆ ئەگەر بە ئارەزوو بووایە، زاتم نەدەکرد ئەو کارە بکەم...[٤٧] ئیتر پیندارۆس ئەو وڵاتە جێ دێڵێت. دەچێت بۆ شوێنێکی زۆر دوور، کە هیچ رۆمانییەک ببڕای ببڕ چاوی پێ نەکەوێتەوە.

(دەڕواتە دەرەوە. تیتینیەس و میسالا دێنە ژوورەوە)

**میسالا:**

جا، تیتینیەس، شەڕ هەروایە. دۆڕاندن و بردنەوەیە. لەشکرەکەی برۆتەسی قارەمان هێزەکەی ئۆکتاڤیەسی تێک شکاند، هاوکات هێزەکەی ئەنتۆنیش تیپەکەی کاشیەسی پەک خست.

**تیتینیەس:**

کاشیەس بەم هەواڵە دەگەشێتەوە.

**میسالا:**

لە کوێ بەجێت هێشت؟

**تیتینیەس:**

لەسەر ئەو گردە، لەگەڵ پیندارۆسی بەندەی. بە جارێ ئەژنۆی شکابوو.

**میسالا:**

ئەوە خۆی نییە لەسەر عەرزەکە پاڵ کەوتووە؟

**تیتینیەس:**

پاڵکەوتنەکەی لەوە ناچێ زیندوو بێ... ئەی هاوار بە ماڵم.

**میسالا:**

ئەمە خۆی نییە؟!

**تیتینیەس:**

نەخێر، جاران خۆی بوو، بەڵام ئێستا گیانی تێدا نەماوە... ئەی خۆرە ئاوابووەکە! وەک چۆن تۆ ئەمشەو بە تیشکی ئاڵت نقوومی تاریکیی شەو بوویت، خۆری کاشیەسیش بە خوێنی سوورییەوە ئاوا بوو. خۆری رۆما ئاوا بوو! رۆژگارمان بەسەر چوو! ئەی هەوروهەڵا و ئاونگ و تەم، سەر هەڵدەن![٤٨] ئێمە کارمان تەواو بوو... کاشیەس بڕوای بە سەرکەوتن نەمابوو، بۆیە وای لە خۆی کرد. ئەی هەڵەی کوشندە! ئەی سەرچاوەی خەم و کۆست! بۆ لێکدانەوەی چەوت و چەوێڵ دەخەیتە مێشکی ئەو مرۆڤانەی، کە ئامادەن وەریان بگرن؟ ئەی هەڵەی کوشندە! تۆ منداڵێکی سەرەخۆرەیت، لەدایکبوونەکەت نابێتە مایەی دڵخۆشیت، چونکە سەری ئەو دایکە دەخۆیت، کە تۆی پەیدا کردووە.



**تیتینیەس:**

پیندارۆس! پیندارۆس، لە کوێیت؟

**میسالا:**

تیتینیەس بڕۆ بە دوای پیندارۆسدا بگەڕێ. منیش دەچم بەزۆر ئەم هەواڵە دەدەم بە گوێچکەی برۆتەس. دەڵێم "بەزۆر"، چونکە تیری ژاراوی و خەنجەری تیژ بکەیتە گوێچکەی برۆتەس بۆ ئەو باشترە لەم هەواڵە.

**تیتینیەس:**

پەلە بکە، میسالا، منیش ئێستا دەچم بە دوای پیندارۆسدا دەگەڕێم.

(میسالا دەچێتە دەرەوە)

ئەی کاشیەسی نەبەرد! تۆ بۆ منت رەوانەی ئەولا کرد؟ ئەی ئەوە نییە چاوم بە یاوەرەکانی کەوت؟ ئەوە نییە تاجە گوڵینەی سەرکەوتنیان پێ داوم تا بۆ تۆ بیهێنم؟ گوێت لە هاتوهاواریان نەبوو؟ بە داخەوە بە هەڵە لە هەموو شتێک گەیشتیت. دە ها، با ئەو تاجە گوڵینە بخەمە سەر نێوچەوانت. برۆتەسی برات ڕای سپاردبووم بیدەم بە تۆ. ئەوا راسپاردەکەیم جێبەجێ کرد...

(چەپکە گوڵەکە لە ژوور سەری دادەنێ)

وەرە برۆتەس، بە پەلە وەرە. بزانە من چۆن رێز لە کایۆس کاشیەس دەنێم... ئەی خواوەندەکان، بمبەخشن، ئەمە ئەرکی سەرشانی هەموو رۆمانییەکە. دە ئەی شمشێرەکەی کاشیەس، وەرە دڵی تیتینیەسیش لەت کە.

(بە شمشێرەکەی کاشیەس خۆی دەکوژێ)

(دەنگی شەڕ و پێکدادان. میسالا دێتە ژوورەوە لەگەڵ برۆتەس و کاتۆی لاو و ستراتۆ و ڤۆلیۆمینیەس و لۆشیلۆس و لابیا و فلاڤیەس)

**برۆتەس:**

میسالا، کوا تەرمەکەی لە کوێ کەوتووە؟

**میسالا:**

ئەوەتا لەولا کەوتووە. تیتینیەس لەسەری دەگری.

**برۆتەس:**

ئەوە تیتینیەس لەسەر پشت کەوتووە!

**کاتۆ:**

کوژراوە!

**برۆتەس:**

ئای یۆلیۆس قەیسەر، هێشتا هەر بەهێزیت! ئەوەتا روحت دەسووڕێتەوە و نووکی شمشێرەکانمان رووەو جەستەی خۆمان هەڵدەگەڕێنێتەوە.

(دەنگی شەڕ و پێکدادان کەم دەبێتەوە)

**کاتۆ:**

تیتینیەسی ئازا و نەبەرد... سەیر کەن، چۆن تاجە گوڵینەی خستووەتە سەر تەرمی کاشیەس.

**برۆتەس:**

ئایا رۆما دوو رۆمانی تری وەک ئەم دوو نەبەردەی تێدا ماوە؟



ئێوە دوایین رۆڵەی رۆمان... ماڵئاوا. مەحاڵە چیی تر رۆما بتوانێ رۆڵەی وەکو ئێوە پەیدا بکا... هاوڕێیان، ئەم پیاوە شایستەی فرمێسکی زیاترە لەوەی، کە لە بەردەمی ئێوە بۆی دەڕێژم. لە کاتێکی تردا بۆت دەگریم، کاشیەس، لە کاتێکی تردا. وەرن تەرمەکەی بنێرن بۆ "پاسۆس". ئاهەنگی ماتەمینی لە سەربازگەکەمان بۆ مەگێڕن نەوەک لە خەما ورە بەر بدەن... لۆشیلۆس وەرە... کاتۆ، تۆش وەرە با بەرەو گۆڕەپانی شەڕ بڕۆین. لابیا، فلاڤیەس، خۆتان کۆ بکەنەوە. ئێستا سەعات سێیە. بەر لەوەی شەو دابێ با بەختی خۆمان لە شەڕی دووەم تاقی بکەینەوە.

(دەڕۆنە دەرەوە)

## دیمەنی چوارەم

(لایەکی تری گۆڕەپانی شەڕ. دەنگی شەڕ و پێکدادان دێت. برۆتەس و میسالا و کاتۆ و فلاڤیۆ و چەند سەربازێک دەردەکەون)

**برۆتەس:**

دەی وڵاتپەروەرەکانم، خۆتان بگرن! کۆڵ مەدەن.

(برۆتەس لەگەڵ میسالا و فلاڤیۆ دەڕۆنە دەرەوە)

**کاتۆ:**

کام حەرامزادەیە ناجەنگێت؟ کێ لەگەڵ من دێت؟ من دەچم لە ناوەڕاستی مەیدانی شەڕ هاوار دەکەم: هۆی خەڵکینە، من کوڕی مارکۆس کاتۆم، دوژمنی زۆردارانم. پاڵپشتی نیشتمانم. کۆڕی مارکۆس کاتۆم، هۆی.

(هەندێ سەربازی ئۆکتاڤیەس و ئەنتۆنی دێنە ژوورەوە. لەگەڵ کاتۆ دەبێ بە شەڕیان)

**لۆشیلۆس:**

منیش برۆتەسم[٤٩]. مارکۆس برۆتەس. پاڵپشتی لە نیشتمان دەکەم. بمناسن، من برۆتەسم.

(سەربازەکان کاتۆ دەکوژن)

**لۆشیلۆس:**

ئەی لاوی سەربەرز، کاتۆ، ئەوە کوژرایت؟ تۆش وەکو تیتینیەس بە مەردی کوژرایت. کوڕی مارکۆس کاتۆیت، شایستەی ڕێز و شکۆمەندیت.

**سەربازی یەکەم:**

خۆت بدە بە دەستەوە، ئەگینا دەکوژرێی.

**لۆشیلۆس:**

ئەو کاتە خۆم دەدەم بە دەستەوە، کە بکوژرێم. ئەگەر ئێستا بمکوژیت، هەندێک پارەت دەست دەکەوێ.

(هەندێک پارەی پێ دەدا)

من پرۆتەسم، بمکوژە! خەڵات دەکرێیت.

**سەربازی یەکەم:**

نا نا نابێ بیکوژین. ئەمە دیلێکی پایەبەرزە.

**سەربازی دووەم:**

ڕێگە چۆڵ کەن! بە جەنابی ئەنتۆنی بڵێن، برۆتەس دەسگیر کرا.



**سەربازی یەکەم:**

من خۆم ئەو هەواڵەی پێ ڕادەگەیەنم... ئەوەتا خۆی هات.

**ئەنتۆنی:**

"دێتە ژوورەوە"

**سەربازی یەکەم:**

برۆتەس دەسگیر کرا، گەورەم برۆتەس دەسگیر کرا.

ئەنتۆنی کوا لە کوێیە؟

**لۆشیلۆس:**

سەلامەتە، ئەنتۆنی. برۆتەس سەلامەتە. دەتوانم دڵنیات بکەمەوە، کە دوژمن هەرگیز ناتوانێ برۆتەس بە زیندوویی باڵبەست بکا. خواوەندەکان لەم شەرمەزارییە گەورەیە دەیپارێزن. ئەگەر بیدۆزنەوە، بە زیندوویی بێ یان بە مردوویی، وەک برۆتەس دەیدۆزنەوە، بەو شێوەیەی، کە خۆی دەیەوێ.

**ئەنتۆنی:**

(بۆ سەربازەکان)

ئەمە برۆتەس نییە، هاوڕێیان. بەڵام دڵنیاتان دەکەمەوە زۆر بە نرخە. سەلامەتی ئەو پیاوە بپارێزن. زۆر بە نەرمی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. حەزم دەکرد کەڵەپیاوی ئاوا دۆستمان بێت نەک دوژمن. بڕۆن بزانن برۆتەس ماوە یان مردووە. هەر شتێکتان زانی، وەرن بۆ خێوەتەکەی ئۆکتاڤیەس، پێم بڵێن.

"هەریەکە بە لایەکدا دەچێتە دەرەوە)

## دیمەنی پێنجەم

(لایەکی تری گۆڕەپانی شەڕ. برۆتەس و داردانیەس و کلیتۆس و ستراتۆ و ڤۆڵیۆمینیەس دەردەکەون)

**برۆتەس:**

وەرن، ئەو چەند برادەرەی ماون، با لەسەر ئەو تاشە بەردە پشوێ بدەین.

**کلیتۆس:**

گەورەم، ستاتیلیەس مەشخەڵەکەی بەرز کردەوە، بەڵام خۆی نەگەڕایەوە. نازانم دەسگیر کراوە یان کوژراوە[٥٠].

**برۆتەس:**

دانیشە، کلیتۆس، کوشتنەکە ڕێی تێ دەچێ، چونکە بووەتە شتێکی باو. کلیتۆس گوێت بێنە.

(قسەیەک بە گوێی کلیتۆسدا دەچرپێنێ)

**کلیتۆس:**

چی؟ من، گەورەم؟! نەخێر، نەخێر. هەموو دنیام پێ بدەن کاری وا ناکەم.

**برۆتەس:**

کەواتە بێدەنگ بە، ورتەت لێوە نەیەت.

**کلیتۆس:**

بڵێ خۆت بکوژە لەمە باشترە.

**برۆتەس:**

داردانیەس گوێت بێنە.



(قسەیەک بە گوێی داردانیەسدا دەچرپێنێت)

**داردانیەس:**

من کاری وا بکەم؟.

**کلیتۆس:**

داردانیەس!

**داردانیەس:**

بەڵێ کلیتۆس.

**کلیتۆس:**

(تەنیا بۆ داردانیەس)

ئەوە برۆتەس چ داوایەکی نابەجێی لێ کردیت؟

**داردانیەس:**

(تەنیا بۆ کلیتۆس)

بیکوژم. سەیرکە چۆن دۆش داماوە.

**کلیتۆس:**

(تەنیا بۆ داردانیەس)

ئێستا دڵی ئەم پیاوە بەرز و پایەدارە پڕە لە خەم و خەفەت. بۆیە خەمەکان لە چاوەکانی دەڕژێنە خوارەوە.

**برۆتەس:**

ڤۆڵیۆمینیەسی بەڕێز، گوێ بگرە.

**ڤۆڵیۆمینیەس:**

چی دەفەرمووی، گەورەم؟

**برۆتەس:**

با پێت بڵێم: دوو جار بە جیا تارماییی قەیسەرم بە شەو بینیوە. جارێک لە ساردیس، دوێنێش لێرە، لە فیلیپی، بۆ جاری دووەم تارمایییەکەی دەرکەوت. وا بزانم ئیتر کاتی مەرگم هاتووە.

**ڤۆڵیۆمینیەس:**

نا، گەورەم، نەهاتووە.

**برۆتەس:**

با، ڤۆڵیۆمینیەس، من دڵنیام. مەگەر نابینیت ئەم دنیایە چی بەسەر هات؟ پێشهاتەکان چۆن سەر هەڵدەدەن؟ دوژمنەکانمان هەتا ناو گۆڕ بە دوامانەوەن.

(دەنگی شەڕ و پێکدادان لە دوورەوە دەبیسترێ)

سەربەرزانەترە بە ئارەزووی خۆمان، خۆمان هەڵ بدەین بۆ خوارەوە نەک چاوەڕوانی دوژمن بکەین و بێت بۆ خوارەوە تێمان هەڵدات. هێی ڤۆڵمیۆنیەسی خۆشەویست، دەزانیت ئێمە بەیەکەوە دەچووین بۆ قوتابخانە. دە بۆ خاتری ئەو هاوڕێتییەی جارانمان، تکات لێ دەکەم دەسکی شمشێرەکەم بۆ بگرە با خۆم بدەم بەسەریدا.

**ڤۆلیۆمینیەس:**

گەورەم، ئەمە ئەرکی مرۆڤ نییە بەرامبەر بە هاوڕێکەی.

(دەنگی شەڕ و پێکدادان بەردەوامە)

**کلیتۆس:**

راکە، راکە، گەورەم! ئیتر ناتوانین لێرە بمێنینەوە.



**برۆتەس:**

تۆ خوات لەگەڵ... تۆش، تۆش ڤۆڵیۆمینیەس. ستراتۆ، تۆ ئەو ماوەیە هەر خەوتبوویت. ماڵئاوا، ستراتۆ. هاووڵاتییەکانم. من دڵخۆشم، کە تا ئێستا لە ژیاندا کەسێکم نەناسیوە لەگەڵمدا راست و دڵسۆز نەبێت. ئەم دۆڕاندنە زیاتر سەربەرزم دەکات لەوەی، کە ئەنتۆنی و ئۆکتاڤیەس بە سەرکەوتنە پڕ شەرمەزارییەکەیان سەربەرز بن. بڕۆن ئێوە خواتان لەگەڵ. من خەریکە لێرەدا زمانم کۆتایی بە گێڕانەوەی ژیاننامەکەم دێنێ. تەمێک بەری چاوی گرتووم. هەموو ئێسقانەکانی لەشم ئارەزووی حەسانەوە دەکەن دوای ئەوەی هەوڵیان دا بەم رۆژە بگەن.

(دەنگی شەڕ و پێکدادان دێت)

**دەنگێک لە ژوورەوە:**

راکەن.. ! راکەن...! راکەن...!

**کلیتۆس:**

راکە، گەورەم، راکە!

**برۆتەس:**

ئێوە بڕۆن، منیش دوای ئێوە دێم.

(کلیتۆس و داردانیەس و ڤۆڵیۆمینیەس دەڕۆن بۆ دەرەوە)

**برۆتەس:**

ستراتۆ، تکات لێ دەکەم لەلام بمێنەوە. تۆ هاوڕێیەکی گەورە و بەڕێزیت. ژیانت پڕە لە شکۆمەندیی و سەرفرازیی. ئەو

شمشێرەم بۆ بگرە و رووی خۆت وەرگێڕە. منیش خۆم دەدەم بە سەریدا. بە قسەم دەکەیت؟

**ستراتۆ:**

دەستت بێنە.

(شمشێرەکەی برۆتەس دەگرێ)

ماڵئاوا، گەورەم.

**برۆتەس:**

ماڵئاوا، ستراتۆی دڵسۆز.

(خۆی دەدا بەسەر شمشێرەکە)

ئێستا ئەی قەیسەر، با روحت بحەسێتەوە. من نیو هێندەش ئارەزووی کوشتنی تۆم نەکرد.

(دەمرێ)

(دەنگی شەڕ و پێکدادان. لەشکری برۆتەس دەشکێ. دەهۆڵی لەشکر شکاندن لێ دەدرێ. ئۆکتاڤیەس و ئەنتۆنی و میسالا و لۆشیلۆس لەگەڵ کۆمەڵێ سەرباز دەردەکەون)

**ئۆکتاڤیەس:**

ئەم پیاوە کێیە؟

**میسالا:**

ستراتۆیە، خزمەتکاری جەنابی برۆتەسە... ستراتۆ، برۆتەسی سەرۆکت لە کوێیە؟

**ستراتۆ:**

لەوە دوورترە، وەکو تۆ دەستی دیلێتی بیگاتێ. میسالا دوژمن



تەنیا ئەوەندەی بۆ ماوەتەوە تەرمەکەی بسووتێنێ و هیچی تر. لە خۆی بەولاوە کەسی تر نەیتوانێ زەفەری پێ ببات. کەسیش نییە شانازی بەوە بکا، کە برۆتەسی کوشتووە.

**لۆشیلۆس:**

ئا بەم شێوەیە برۆتەس دەدۆزنەوە!... سوپاست دەکەم برۆتەس، کە پێشبینییەکانی منت لەبارەی خۆت سەلماند.

**ئۆکتاڤیەس:**

گشت خزمەتکارەکانی برۆتەس دەکەم بە خزمەتکار لای خۆم. کورە تۆ دەتوانیت لەلای من ببیت بە خزمەتکار.

**ستراتۆ:**

بەڵی، ئەگەر میسالا پەسندی بکا.

**ئۆکتاڤیەس:**

پێی بڵێ، میسالای بەڕێز.

**میسالا:**

ستراتۆ، برۆتەس چۆن مرد؟

**ستراتۆ:**

شەمشێرەکەم بۆ راگرت، ئەویش خۆی دا بەسەریا.

**میسالا:**

ئۆکتاڤیەس، ئەم پیاوە بکە بە خزمەتکار لای خۆت، چونکە دوا فەرمانی گەورەکەی خۆی بەجێ گەیاندووە.

**ئەنتۆنی:**

ئەو برۆتەسە رۆمانییەک بوو لە هەموویان شکۆمەندتر. هەموو

پیلانگێڕەکان، تەنیا ئەو نەبێ، لە رقا قەیسەریان کوشت. برۆتەس بە تەنیا بە نیازێکی پاک و بۆ بەرژەوەندیی گشتی چووە ڕیزیانەوە. ژیانێکی هێمن و پڕ سەرفرازیی هەبوو. هێندە پاک بوو، کە سروشت دەتوانێ بەهەموو جیهانی رابگەیەنێت، کە برۆتەس بەڕاستی مرۆڤ بوو.

**ئۆکتاڤیەس:**

دەبا ئێمەش لەبەرئەو توخم پاکییە و سەرفرازییەیەوە بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ تەرمەکەی بکەین. هەرچی ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن هەیە بۆ ناشتنی ئامادەی بکەین. با ئەمشەو تەرمەکەی لەناو خێوەتەکەی من بێ. وەکو سەربازێکی شکۆمەند، ڕێزی لێ بنێین. بە سەربازەکان بڵێن با بحەسێنەوە. ئێمەش دەچین شانازییەکانی ئەم ڕۆژە خۆشە دەبەشینەوە.

(دەڕۆنە دەرەوە)



سەرچاوە:

Julius Caesar
William Shakespeare
New Arden Edition
Press,1955 .Cambridge; Havard Unuversity

سەرنج:

گشت پەڕاوێزەکانی تێکستەکە هیی سەرچاوەکەیە تەنیا ئەوانە نەبێ، کە ئاماژەیان پێ کراوە.

# پەراوێزەکان

پەراوێزەکانی تایبەت بە پێشەکییەکە:

١- بڕوانە لاپەڕە ٢ لە

A History of Shakespearean Criticism (New York:Humanities Press, 1951.

٢- بڕوانە ٢

"The Problem of Brutus: An Eighteenth- Century Solution, " in Studies in Honor of T, W. Baldwin. Don Cameron Allen (Urbana: Univ, of Illinois Press,1958)

٣- بڕوانە لاپەڕە ٩٥ لە

Samuel Taylor Coleridge, Lectures on Shakespeare (London:J,M.Dent,1951)

٤- بڕوانە لاپەڕە ١٣٤ لە

Allardyce Nicoll, Shakespeare (London: Oxford Univ. Press,1952)

٥- بڕوانە لاپەڕە ٧٠ لە

Ernest Schanzer, The problem Plays of Shakespeare (New York:Schoken Books, 1963)

٦- بڕوانە

H. B. Charlton, Shakespeare, Politics and Politicians, English Association Pamphlet, No 72

٧- بڕوانە

Virgil K. Whitaker, "Julius Caesar and Tragedy of Moral Choice", Shakespeares Use of Learning (San Marino,1953), p. xx.

٨- سەرچاوە مێژووییەکەی ئەم شانۆنامەیە، کە مێژوونووسی یۆنانی بەناوبانگ "نوسیویەتی کتێبی" ژیاننامەی (گەورەپیاو یۆنانی و ڕۆمانییەکان)ە، کە من لەم



نووسینەدا زۆر سوودم لێ وەرگرتووە. وەرگێڕ

Plutarch,Lives of the Noble Grecians and Romans, Translated by John Dryden, Edited by A. H. Clough.

٩- لە xxx بڕوانە لاپەڕە

Goerge Bernard Shaw, Three plays for Puritans (London: Constable,1925)

١٠- بڕوانە لاپەڕە ١٥٦ لە

Thomas Marc Parrot, William Shakespeare: A Handbook, revised ed. (New York: Charles Scribners Sons, 1955)

١١- بڕوانە

J. Dover Wilson, Introduction to Julius Caesar (New Cambridge Shakespeare, 1949)

١٢- بڕوانە لاپەڕەکانی ١٢٨ - ١٣٥ لە

"Unto Caesar: A Review of Recent Production," in Shakespear Survey,11, ed. Allardyce Nicoll (Ambridge: Cambridge Univ. Press, 1958)

١٣- بڕوانە لاپەڕە ٧ لە

A. C. Bradley, Shakespearean Tragedy (London: Macmillan 1950), Footnote 1.

١٤- بڕوانە

Mildred E. Hartsock, Modern Language Association, 1966

١٥- بڕوانە

A life of William Shakespeare (London: John Murray. 1931)

پەراوێزەکانی تایبەت بە تێکستەکە:

١٦- "پۆمپی" ڕکابەرێکی "قەیسەر" بوو، لە فەرمانڕەوایەتی ڕۆما بەربەرەکانی "قەیسەری کرد، بەڵام "قەیسەر" بەسەریدا زاڵ بوو. ئەمە بەر لە ڕووداوەکانی ئەم شانۆنامەیە بوو.

١٧- "کاپیتۆڵ" وشەکە لە بنچینەدا لەلایەن ڕۆمانییە کۆنەکان بەکار هاتووە و بە مانای بارەگای پەرلەمان دێت.

١٨- بە گوێرەی داستانە کۆنەکان ، فێستیڤاڵی "لوپەرکاڵ" ئەو فێستیڤاڵە گەورەیە بوو، کە لە رۆما ساز دەکرا. بیرۆکەی ئەم فێستیڤاڵە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە گوایە دامەزرێنەرەکانی رۆما ـ رۆمیلیۆس و ریمیۆس ـ گۆشتی دەڵەگورگیان دەرخوارد دراوە، کە بە لاتینی پێی دەڵێن lupus . دیارە وشەی luparcal هەر لەمەوە هاتووە. لەو فێستیڤاڵەدا ئاهەنگێران بەدەوری شاردا غارغارێنیان دەکرد. گورزیان بە دەستەوە بوو. لە خەڵکیان دەدا. گورزەکانیش لە پێستی ئەو ئاژەڵانە دروست دەکران، کە لەو رۆژە پیرۆزەدا دەکرانە قوربانی و پێیان دەگوتن februa. وشەی february لەمەوە هاتووە. لوپەرکاڵ رۆژی خۆپاککردنەوە بوو لە گشت تاوان و گوناهێک.

١٩- لە ئینگلیزییەکە وا هاتووە: هەر کە قەیسەر دەفەرمووێ: "ئەم کارە بکە!" دەبێ بکرێ. (وەرگێڕ)

٢٠- دوای ئەوەی یۆنانییەکان لەناو پەیکەرێکی گەورەی لە دار داتاشراوی ئەسپێکەوە خۆیان شاردەوە، توانیان بە فرتوفێڵ بچن بۆ ناو شاری "تەروادە". کە شەو داهات، لەناو پەیکەرەکە هاتنە دەرەوە و دەستیان بە سووتاندنی شارەکە کرد. "ئیناس"، کە فەرمانڕەوای "تەروادە" بوو لەگەڵ یۆنانییەکان کەوتە شەڕ و لەناو ئاگر "ئەنکیز"ی باوکی لە پشت کرد و رزگاری کرد. هەر ئەو "ئیناس"ە بوو لە ئیتاڵیا گیرسایەوە و سولالەی رۆمانییەکانی دامەزراند.

٢١- لە ئینگلیزییەکە وشەی Colossus بەکار هاتووە، کە بە مانای پەیکەری زەبەللاح دێت، هەروەها ئاماژەیشە بۆ پەیکەرەکەی "ئەپۆلۆ"، کە لە دەروازەی بەندەری "رۆدس" دروست کراوە و نەوەد پێ بەرزە. کەشتییەکانی ئەو سەردەمە بە نێوان هەردوو قاچەکانیدا دەڕۆیشتن. یەکێکە لە حەوت سەیروسەمەرەکانی دنیا. رەنگە شێکسپیر مەبەستی لەو پەیکەرە بێت.

٢٢- ئینگلیزەکان ئەو کاتە باوەڕیان بەو خەرافەیە هەبوو، کە دەڵێ: چارەنووسی مرۆڤ هەر لەدایکبوونییەوەڕا بە ئەستێرەیەکی تایبەتەوە بەندە.

٢٣- لە سەردەمی شێکسپیر، ئەگەر یەکێک لە قسەی یەکێکی تر نەگەیشتبا یا بایەخی پێ نەدابا، دەیگوت: بە گریکی قسە دەکات. لە کوردی بەرامبەر بەو پەندەیە، کە دەڵێ: بۆ خۆی گوێزی دەژمارد. (وەرگێڕ)



٢٤- واتە " گوێزژماردن بوو". (وەرگێڕ)

٢٥- کاشیەس لێرەدا مەبەستی خۆکوشتنە، چونکە رۆمانییەکان خۆکوشتنیان بەوپەڕی ئازایەتیی و دلێریی دادەنا.

٢٦- چونکە "برۆتەس" دادپرس بوو. مەبەستی کاشیەس ئەوەیە، کە لە "برۆتەس" بەولاوە کەسی تر نامەکە نەبینێ.

٢٧- بەردەستێ ئەو دوو بەردەیە، کە لە کۆندا بەکاریان دەهێنا بۆ ئاگرکردنەوە لە رێگەی لەیەک خشاندنیان.

٢٨- کاشیەس زاوای برۆتەسە، چونکە خێزانی کاشیەس خوشکی برۆتەسە. (وەرگێڕ)

٢٩- ئەو جۆرە کاتژمێرە، بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان لە سەردەمی رۆمانییەکان نەبووە، بگرە لە سەردەمی شێکسپیردا هەبووە.

٣٠- وشەکەم هەر بە ئینگلیزییەکەی نووسیوەتەوە. "یونیکۆرن" گیانداریکە یەک شاخی لە ناوەڕاستی نێوچاوانیدا هەیە. بە عەرەبی "وحید القرن"ی پێ دەڵێن. دەکرێ بە کوردی وشەی "یەک شاخە"ی بۆ بەکار بێ. بە گوێرەی ئەفسانە کۆنەکان باشترین رێگە بۆ راوکردنی ئەم گیاندارە ئەوەیە، کە راوکەر خۆی لە پشت دارێکەوە مەڵاس بدا، دوای ئەوەی گیاندارەکە بە دوایدا رادەکات. ئینجا قۆچی لە درەختەکە گیر دەبێ و دەبەسرێتەوە. راوکەر بە ئاسانی دەستگیری دەکات. (وەرگێڕ)

٣١- راوکەر ئاوێنەیەک دادەنێ و ورچەکەیش بە سەیرکرنی ئاوێنەکە دەخافڵێت، ئینجا راوکەرەکە نیشانەی خۆی بە باشی تێ دەگرێ و دەیپێکێ.

٣٢- کاتۆ، باوکی پۆرشیا پیاوێکی ئازا و دلێر بوو. دژایەتی قەیسەری کردووە. بۆیە پۆرشیا شانازی پێوە دەکات.

٣٣- پلوتارک دەڵێ: ئارتیمیدۆرس هاوڕێیەتییەکی گەرمی لەگەڵ زۆربەی پیلانگێڕەکان هەبوو. هەر لەم رێگەیەوە پیلانەکەی ئەوانی ورد و درشت زانیوە.

٣٤- ئۆڵیمپەس Olympus شاخێکە لە یۆنان گوایە لە کۆندا مەڵبەندی خواوەندەکانی یۆنان بووە. قەیسەر خۆی بەم شاخە زەبەللاحە دەشوبهێنێت.

٣٥- واته بەزەییمـان بەرامبـەر بە رۆمـا هیچ بەزەیی بەرامبـەر بە قـەیسـەر لەلا نەهێشتین.

٣٦- ئاتی خواوەندی خراپە و تۆڵەسەندن بووە.

٣٧- لە ئینگلیزییەکە دەڵێت: dogs of war کە لە سەردەمی شێکسپیر ئاماژە بوو بۆ سێ شت، کە هۆی لەناوبردنی مرۆڤن لە کاتی شەڕدا. ئەو سێ شتەش برێتین لە: سووتان، شەمشێر هەروەها قات و قڕیی.

٣٨- پلوتاک دەڵێت: نێرڤییەکان لە ناوچەی "گەوڵ"ی باکوری رۆژئاوای فەرەنسا دەژیان. قـەیسـەر لە سـاڵی ٧٥ ی پ. ز گـەورەترین سـەرکـەوتنی بەسـەردا هێناون. ئەم سـەرکـەوتنە قـەیسـەری زیاتر خـۆشـەویست کـرد لەلای رۆمانییەکان.

٣٩- پرۆفێسەر "دۆڤەر ویلسن" دەڵێ: شێکسپیر لێرەدا مەبەستی ئەوەیە، کە کوشتنی قـەیسـەر وەکو دیاردەیەکی ناسروشتی و شووم دەربخا کاتێ وا پێشان دەدا، کە پەیکەری "پۆمپی" ــ کۆنە دوژمنی قەیسەر ــ وەک بەزەیی بە قەیسەردا بێتەوە خوێنی لێ دەچۆڕێتەوە.

٤٠- جۆرە پارەیەکی یۆنانی کۆنە، لە زیو دروست دەکرا.

٤١- لە ئینگلیزییەکە دەڵێ: کەچی تۆ کەموکووڕییەکانی من هەر گەورە دەکەیت.

٤٢- پلۆتۆس" خواوەندی خێروبێر و پارە و پوولداریی بوو.

٤٣- کاشیەس دەزانێ، کە برۆتەس بڕوای بە رێبازی فەلسەفەی ستۆسیزم ـ الرواقیە ـ هەیە. بە پێی ئەم فەلسەفەیە، مرۆڤی ژیر پێویستە خۆی لە هەڵچوون رزگار بکا و خۆشی و شادی کاری تێ نەکات و بەبێ سەرکێشی بچێتە ژێر باری حوکمی زەرورەت.

٤٤- پلووتارک لەبارەی دەرکەوتنی تارمایی دەڵێ: خەڵک ئەو کاتە بڕوایان وا بووە، کاتێک تارمایی دەردەکەوێ، چراکان لەو شوێنەدا کز دەبن. شێکسپیر لێرەدا ئەم قسەیەی پلووتارک تەوزیف دەکات.

٤٥- "هیبلا" ناوچەیەکە لە دوورگەی سەقلیە، بە هەنگوین بەناوبانگە.

٤٦- ئەبیقۆر" فەیلەسووفێکی یۆنانی بوو. خاوەنی فەلسەفەی ئەبیقۆریزمە.



کورتەی فەلسەفەکەی دەڵێت: مرۆڤ دەبێ هەموو کات ژیان بە کامەرانی و بە خۆشی بەسەر ببات. بێجگە لە خۆشی بیر لە هیچ شتێکی تر نەکاتەوە و تا دەتوانێ بۆ ئەوە بژی تا خۆی لە ئازار رزگار بکا و هێمنییەکی روحی دروست بکا.

٤٧- واتە زاتی نەدەکرد خۆی بکوژێت بۆ ئەوەی خۆی لە بەندەگی رزگار بکا. دیارە خۆکوشتن لەلای رۆمانییەکان گوزارشتی لە ئازایەتی و سەربەرزی دەکرد.

٤٨- شێکسپیر هەردەم هەوروهەلا و ئاونگ و تەم بە نیشانەی شووم و نالەباری بەکار دێنێ.

٤٩- پلووتارک دەڵێ؛ ئەم هەڵوێستەی لۆشیلۆس بۆ ئەوەیە، کە برۆتەس ماوەی هەبێ بتوانێ را بکا.

٥٠- پلووتارک دەڵێ: ستاتیلیەس بەڵێنی دابوو بە برۆتەس، کە بچێت بۆ ناو سەربازگەی دوژمن بۆ ئەوەی باری سەربازەکانی خۆیان بەسەر بکاتەوە، کە لە شەڕ دان. ئەگەر لە بارێکی باش دابن، ئەوا مەشخەڵێک بەرز دەکاتەوە. یاوەرەکانی برۆتەس مەشخەڵەکەیان بینی، بەڵام ستاتیلیەس خۆی نەگەڕایەوە.

لە ژمـارە (٤٠)ی ئەم زنجـیـرەیەدا بە هۆی هەڵەیەکی هـونەرییـەوە ناوی وەرگێڕمان لە بری (شـیروان مەحـموود محـەمەد) بە (شـێروان مـەحـموود مـحـەمـەد) نووسـیوە. داوای لێـبووردن لە خـوێنەران و لە کاک شیروان دەکەین.



## پێڕست

یۆلیۆس قەیسەر... شانۆنامەیەکی ئاڵۆز لە بەردەم رەخنەی سەردەمدا ........... 5
کارەکتەرەکان ........ 47
بەشی یەکەم ........ 53
بەشی دووەم ........ 85
بەشی سێیەم ........ 118
بەشی چوارەم ........ 157
بەشی پێنجەم ........ 188
پەڕاوێزەکان ........ 215